رووداو
RÛDAW

ژمارە (513) دووشەممە 2018/7/16 - 25ی پووشپەڕ 2718 (750) دینار


لە 15 ساڵی رابردوودا

# 10 هەزار کەس لە کوردستان بە رووداوی هاتوچۆ مردوون

**رووداو- هەولێر**

رووداوەکانی هاتوچۆ کە لە هەرێمی کوردستان بە دووەمین هۆکاری مردن دادەنرێن، ساڵ لەدوای ساڵ زیاد دەکەن، بەجۆرێک بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی 15 ساڵی رابردوودا زیاتر لە 10 هەزار کەس بە رووداوی هاتوچۆ مردوون، زیاتر لە 10 هەزار کەسی دیکەش بریندار بوون و نزیکەی 400 کەسیش کەمئەندام بوون.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، لە پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 1577 رووداوی هاتوچۆ روویانداوە، بەم هۆیەشەوە 235 کەس مردوون و 2508 کەسیش بریندار بوون.

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ، تا کۆتایی ساڵی 2017 لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە یەک ملیۆن و 469 هەزار ئۆتۆمبێل هەبووە، ئەوە جگە لە ئۆتۆمبێلی سەربازی کە لە ئامارەکەی هاتوچۆدا نین.

بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی کۆیە پێشنیاز دەکات پڕۆژەکانی رێگاوبان بدرێنە کەرتی تایبەت.

عەقید زاهیر محەممەد گوتی: "لەبەرئەوەی زۆربەی پڕۆژەکانی رێگاوبان وەستاون، دەبێ حکومەت ستراتیژی کارکردنی بۆ رێگاوبان بگۆڕێت و پڕۆژەکانی رێگاوبان بداتە کەرتی تایبەت، لە بەرامبەر چاککردنی رێگەوبان و هاتوچۆ لەسەر رێگاکان پارە لە شوفێران وەربگیرێ کە لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و حکومەتیشە".

«14

## ملیۆنێرێکی کورد بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتەکانی سوید دەگۆڕێت

11

## سەرکردە ناڕازییەکان بە مەرجی گێڕانەوەی دارایی گۆڕان دەگەڕێنەوە

3



عارف قوربانی

## دەستهەڵگرتن لە بەغدا و زامنکردنی کەرکووک

19

بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا

# پارتی و یەکێتی پرۆژەیەک دەدەنە چوار لایەنەکە



3

کۆمەڵایەتی 13

### گەنجێکی رۆژهەڵات سێ مانگە بێسەروشوێنە



ئابووری 8

### کوردستان ساڵانە بایی 10 ملیۆن دۆلار رێخۆڵە دەفرۆشێت

راپۆرتەهەواڵ 2

### فەرهاد پیرباڵ بۆ چارەسەر دەنێردرێتە ئوردن



راپۆرت 4

### رزگارکەری نادیە موراد داوای پارمەتی دەکات



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 513 ) - دووشەممە 2018/7/16

## لە ئەڵمانیاوە دەگەڕانەوە لە دهۆک گیانیان لەدەستدا



**ڕووداو-دهۆک**

لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە قەزای سێمێلی پارێزگای دهۆک، خێزانێک کە خەڵکی سلێمانین و لە دەرەوەی وڵاتەوە دەگەڕانەوە، سێ کەسیان گیانیان لەدەستدا کە دووانیان بران و سێ کەسی دیکەشیان بەسەختی بریندار بوون.موقەدەم ئازاد تەها، گوتەبێژی پولیسی هاتوچۆی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2018/7/14 لە نزیک زانکۆی ئەمریکی لە قەزای سێمێل، بەهۆی لەدەستدەرچوونی ئۆتۆمبێلێک، خێزانێکی سلێمانی کە لە ئەڵمانیا دەگەڕانەوە تووشی ڕووداوێکی دڵتەزێن بوون، سێ لەو خێزانە دوو برا و ژنێکیان گیانیان لەدەستدا و ئەوانی دیکە هەموویان ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک کران".

# قوتابخانەی گوندی کۆچۆ دەکرێتە مۆزەخانە



تاوەکو ئێستاش 600 دانیشتووی گوندی کۆچۆ بێسەروشوێنن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو — دهۆک**

چەند کەسایەتی و چالاکڤانێکی ئێزدی قسەیان لەگەڵ حکومەتی عێراق کردووە بۆ ئەوەی قوتابخانەی گوندی کۆچۆی سەر بە قەزای شەنگال بکرێتە مۆزەخانەی ئەو کارەساتەی داعش بەسەر کوردی ئێزدی هێنا. حکومەتی عێراقیش ڕەزامەندی نیشان داوە و بڕە پارەیەکیشی بۆ دروستکردنی مۆزەخانەکە تەرخان کردووە. لێکۆڵەرێکی کەیسی ئێزدییەکان دەڵێت قسەی لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەندی شاری دهۆک و هەولێر کردووە بۆ ئەوەی پەیکەرێک کە دەلالەت لە جینۆسایدی ئێزدییەکان بکات، دروست بکەن و لەنێو قوتابخانەکەدا دایبنێن.

لە پەلامارەکەی چەکدارانی داعشدا بۆ سەر کوردی ئێزدی لە ئابی 2014، گوندی کۆچۆ زۆرترین قوربانی بەرکەوت. داعش لە پەلامارەکەیدا بۆ سەر شنگال و دەوروبەری زیاتر لە 6500 کوردی ئێزدی ڕفاند کە زۆرترینیان خەڵکی گوندی کۆچۆ بوون. دوای ئەوەی گەمارۆی گوندەکەی دا 1202 دانیشتووی گوندەکەیان لە قوتابخانەی گوند کۆکردەوە، پاشان ژن و منداڵەکانیان لە پیاوەکان جیاکردنەوە، پیاوەکان بەرەو مەرگ و ژن و کچەکانیش بەرەو بازاڕی بەکۆیلەکردن ڕاپێچ کران.

مانگێگ پێش ئێستا ژمارەیەک کەسایەتی کوردی ئێزدی بە نووسراوێک داوایان لە حکومەتی بەغدا کرد کە قوتابخانەی گوندی کۆچۆ بکرێتە مۆزەخانەی جینۆسایدی ئێزدییەکان، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا حکومەتی عێراق ڕەزامەندی دەربڕی و ئێستا ئامادەکاری بۆ دروستکردنی مۆزەخانەکە دەستپێکردووە.

داود موراد خەتاری کە بەدواداچوون بۆ دۆسیەی ئێزدییەکان دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت: "حکومەتی عێراق ڕازی بووە قوتابخانەی گوندی کۆچۆ بکرێتە مۆزەخانە، بڕە پارەیەکیشی تەرخان کردووە بۆ دروستکردنی هۆڵێک لە نێو قوتابخانەکە بۆ پێشوازی لەو میوانانەی سەردانی مۆزەخانەکە دەکەن، جگە لەوەش مۆنۆمێنتێک لە نێو گۆڕەپانی قوتابخانەکە دروست دەکرێ".

داود موراد کە هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای کارەساتی شنگال دەستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ دۆسیەی ئێزدییەکان کردووە، دەڵێت: "دوای ئەوەی گوندی کۆچۆ لە دەستی داعش ڕزگار کرا، هەر زوو قوتابخانەی کۆچۆ وەکو هێمایەک بۆ قوربانیانی ئەو کارەساتە تەماشا کرا، دوای هەفتەیەک نادیە موراد کە خەڵکی کۆچۆیە و ئێستا باڵیۆزی نیازپاکییە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، گەڕایەوە گوندەکە و سەردانی قوتابخانەکەی کرد. دواتر ئەوانەی کەسوکاریان بوونە قوربانی، لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ گوندی کۆچۆ، سەردانی قوتابخانەکەیان دەکرد و وێنەی قوربانییەکانی خۆیان لەسەر دیواری قوتابخانەکە هەڵدەواسی، پێش ماوەیەک چەند کەسایەتییەکی کوردی ئێزدی پرۆژەی مۆزەخانەی کۆچۆیان پێشکەش بە حکومەتی عێراق کرد و ئەویش ڕەزامەندی دەربڕی".

داود کە یەکێکە لەو کەسانەی هەوڵی داوە قوتابخانەکە بکرێتە مۆزەخانە، ئاماژەی بەوەدا کە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی هەولێر و دهۆک قسەی کردووە، بۆ دروستکردنی مۆنۆمێنتێک لە نێو گۆڕەپانی قوتابخانەی کۆچۆ.

گوندی کۆچۆ، 22 کیلۆمەتر لە باشووری شنگالە و دوورترین گوندی ئێزدییانە لە سەنتەری شنگال، لە هێرشی داعشدا بۆ سەر شنگال، 1202 کەسی خەڵکی گوندی کۆچۆ ڕفێنران، 395 کەسیان لەلایەن داعشەوە گوللەباران کران و ئێستا لە 22 گۆڕی بە کۆمەڵدان. بەپێی ئامارەکان تاوەکو ئێستا 600 دانیشتووی ئەو گوندە بێسەروشوێنن.

ئیدیس کۆچۆ، کە لەگەڵ 30 کەس لە خزم و کەسە نزیکەکانی لەلایەن داعشەوە ڕفێنرابوو بە (ڕووداو)ی گوت: "هیچ ساتێک ناخۆشی و نەهامەتییەکانی نێو قوتابخانەی کۆچۆم لەبیر ناچێ، هەموومان لەنێو قوتابخانەکە کۆکراینەوە، دواتر من لەگەڵ 45 کەسی دیکە بردرام بۆ ئەوەی گوللەباران بکرێین، من چانسم هەبوو لە کاتی گوللەبارانکردنەکەدا بریندار بووم و دواتر توانیم خۆم ڕزگار بکەم".

لە خێزانێکی 13 کەسی، تەنیا ئیدریس ڕزگار بووە. ئیدریس لەبارەی بڕیارەکەی حکومەتی عێراق بۆ قوتابخانەی گوندەکە، دەڵێت: "شتێکی باشە کە قوتابخانەی کۆچۆ بکرێتە مۆزەخانە، چونکە هێمایە بۆ ئەو کارەساتەی بەسەر کوردی ئێزدی هات".

---

## تێچووی چارەسەرەکەی لەسەر ئەرکی حکومەت دەبێت

# فەرهاد پیربال بۆ چارەسەر دەنێردرێتە ئوردن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

برایەکی نووسەر و مامۆستای زانکۆ د.فەرهاد پیرباڵ ئاشکرای دەکات بەمنزیکانە براکەی بۆ وەرگرتنی چارەسەر دەنێردرێتە ئوردن، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تێچووی چارەسەرییەکەی لە ئەستۆ دەگرێ.

فەرهاد پیرباڵ کە تۆمەتبارە بەوەی هێرشی کردووەتە سەر ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان و قسەی نەشیاوی پێگوتووە، ماوەی چوار مانگە لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە دەستبەسەرە. پیرباڵ کە دەگوترێ ڕەوشی دەروونی جێگیر نییە، بڕیارە بۆ چارەسەر بنێردرێتە دەرەوە.

زیاد پیرباڵ قەساب کە برای د.فەرهادە، لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەیوەندیمان پێوەکرا و پێیانگوتین کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی کردووە فەرهادی برام بۆ چارەسەر ڕەوانەی ئوردن بکرێت".

گوتیشی کە تێچووی چارەسەرەکەی لەئەستۆی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت و دوای ئەوەی چارەسەری تەواوی وەرگرت، دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە تەندروستی فەرهاد پیرباڵیش، زیاد قەساب ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە تەندروستیی براکەی خراپ بێت و گوتی: "سەرەتا فەرهاد لەڕووی دەروونییەوە ماندوو بوو، ئێمە بەردەوام پەیوەندیمان لەگەڵی هەیە، ئێستا تەندروستی و بارودۆخی دەروونی زۆر باشترە، دەتوانم بڵێم 90% بەرەو باشبوون چووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ئامێر و چارەسەرانەی بۆ براکەم پێویستن لە هەرێمی کوردستان نین، بۆیە دەبووایە ببرێتە دەرەوە".

وەک براکەی ئاماژەی پێدا، فەرهاد پیرباڵ پێش ئەوەی بۆ چارەسەر ببرێتە ئوردن، چەند ڕۆژێک لەگەڵ کەسوکارەکەی خۆی دەبێت. زیاد قەساب گوتی "بەڵێنمان پێدراوە، پێش ئەوەی بۆ چارەسەر بینێرنە دەرەوە، چەند ڕۆژێک دەهێنرێتەوە ماڵی خوشکەکەم و لەوێ پشوو دەدات، دواتر ڕەوانەی ئوردن دەکرێت و ڕەنگە چەند مانگێک لەوێ بمێنێتەوە تاوەکو چارەسەری تەواوی بۆ دەکرێت. لەوێش کەسێک لە بنەماڵەی ئێمە و کچەکەشی لە نەخۆشخانە لەگەڵی دەمێننەوە".

> **تەندروستیی فەرهاد 90% بەرەو باشبوون چووە**
>
> زیاد قەساب

### دەبێتە فەرهادێکی دیکە

زیاد قەساب کە دەڵێت بەردەوام پەیوەندی بە براکەیەوە دەکات، زۆرتر لەبارەی ڕەوشی فەرهاد پیرباڵ قسە دەکات و دەڵێت: "فەرهاد هەمیشە دەڵێت کە گەڕامەوە کوردستان دەبمە فەرهادێکی دیکە، بەردەوامیش دەبم لە نووسین و کارە ئەدەبییەکانم".

لیوا عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان ئاگاداری ناردنە دەرەوەی فەرهاد پیرباڵ نین و پەیوەندیشی بە ئەوانەوە نییە. لیوا عەبدولخالق گوتی: "ئەوەندەی من ئاگادار بم ئێستا تەندروستیی فەرهاد پیرباڵ زۆر باشە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانم ئەو سەنتەرەی بۆ چارەسەری حاڵەتەکەی فەرهاد پیرباڵ پێویستە لە هەولێر نییە و پێویستە لە دەرەوە چارەسەر وەربگرێت".

ڕۆژی 2018/3/11 فەرهاد پیرباڵ، نووسەر، لێکۆڵەر و مامۆستای زانکۆ بەپێی ماددەی 226 لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ـی ساڵی 1969 و بە فەرمانی دادوەر دەستبەسەر کرا، ئەمەش دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک پێشتر، گرتەیەکی ڤیدیۆیی فەرهاد پیرباڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە کە تێیدا پیرباڵ "قسەی نەشیاو" بە مونا قەهوەچی، پەرلەمانتاری تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت.



فەرهاد پیرباڵ چوار مانگە دەستبەسەر کراوە

پێشتر لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاندبوو کە فەرهاد پیرباڵ تووشی حاڵەتێکی دەروونی ببوو، بۆیە واپێویستی دەکرد لە شوێنێک دابنرێت تاوەکو هەم کارە یاساییەکانی بۆ بکرێت، هەمیش پزیشکی پسپۆڕی بۆ دابین بکرێت تاوەکو چارەسەری پێویستی بۆ بکات، ئەوەش لەسەر داوای بنەماڵەکەی خۆی بووە.

---

## پێویستی بە ڕەزامەندیی عەبادییە

# ئەمریکا دوو لیوای دیکەی پێشمەرگە پڕچەک دەکات



> **بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە**
>
> **عەبادی ڕازی بووە ئۆتۆمبێل بدرێتە دوو لیواکە، بەڵام هێشتا ڕەزامەندی بۆ چەک نەداوە**

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

لە چوارچێوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگە، بڕیارە بڕێک چەک و ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بنێردرێت، ئەم هاوکارییە بە ئاگاداریی حکومەتی عێراق و حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی ئێستا و فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەبێت.

فەریق جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەمریکا دەیەوێت هاوکارییەکانی بۆ پێشمەرگە بەردەوام بێت و گوتی لەچوارچێوەی ئەو هاوکارییانەی ئەمریکا پێشتر بۆ پێشمەرگەی ناردووە، بڕیارە چەک بۆ دوو لیوای وەزارەتی پێشمەرگە بنێردرێ.

بەڵام لەبارەی جۆر و بڕی ئەو چەکانە، جەبار یاوەر هیچ زانیارییەکی نەدا، چونکە وەک ئەو دەڵێت :"چەندینجار بەهۆی ئاشکراکردنی جۆر و بڕی هاوکارییەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تووشی کێشە بووین لەلایەن حکومەتی عێراقەوە و ئێران ئاستەنگی بۆ دروستکردووین، ئەگەرنا جۆر و ژمارەی ئەو چەکانە لەلای ئێمە بە لیست هەیە".

لەبارەی ئەو هاوکارییانەوە، لیوا قارەمان کەمال، جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو بەرنامەیە لە ساڵی 2016 دانراوە، پێشتر ئەمریکا پێداویستی و هاوکاری سەربازی پێشکەشی لیوای یەک و دووی وەزارەتی پێشمەرگە کردووە، بەڵام ئەوەی ئەمجارە بۆ دابینکردنی پێداویستی لیوای سێ و چواری پێشمەرگەیە و لەچوارچێوەی ئەو قەرزەیە کە دراوە بە عێراق و پشکێکیشی بۆ پێشمەرگە تێدایە".

سەبارەت بە جۆری هاوکارییەکانیش، جێگری سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت: "ئەو هاوکارییانە بریتی دەبن لە چەک و ئۆتۆمبێل بۆ هەردوو لیوای سێ و چوار، بەڵام ئەمە پێویستی بە ڕەزامەندی حەیدەر عەبادی هەیە و وەکو قۆناغی یەکەم تەنیا ڕەزامەندی ئۆتۆمبێلەکان دراوە کە خۆی لە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و سەربازی و تەنکەر و ئەمبۆلانس و ئەو ئۆتۆمبێلانەدا دەبینێتەوە کە بۆ کاروباری ئیداری ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن".

لەبارەی جۆری چەکەکانیش لیوا قارەمان گوتی: "تاوەکو ئێستا حکومەتی عێراق ڕەزامەندی لەسەر چەکەکان نەداوە، ئومێدەوارین ڕەزامەندی لەسەر ئەوەش بدات و لە داهاتوودا چەکەکانیش بگەنە دەستی پێشمەرگە". گوتیشی: "کاری ئێمە نییە داوا لە حکومەتی عێراق بکەین ڕەزامەندی بدات لەسەر ناردنی چەکەکان، بەڵکو دەبێت ئەمریکییەکان خۆیان ڕەزامەندی وەربگرن بۆ ناردنی چەکەکانی پێشمەرگە".

جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە پێشیوایە کە هۆکاری نەدانی ڕەزامەندی لەسەر ناردنی چەکەکان سیاسییە و گوتی: "بەڕای خۆم پێموایە هۆکاری ئەوەی کە سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕەزامەندی نەداوە بۆ ناردنی چەکەکان هۆکاری سیاسییە، ئەگەر وانەبووایە ئەی بۆ ڕەزامەندی لەسەر ناردنی ئۆتۆمبێلەکان داوە و ڕەزامەندی لەسەر چەکەکان نادات؟".

بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێن حکومەتی عێراق ئاستەنگ دروستدەکات لەبەردەم ناردنی چەک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، لەمبارەیەوە عەمید ڕوکن هەژار عومەر ئیسماعیل، بەرپرسی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشتر ئەمریکا هاوکاری سەربازی بۆ دوو لیوای وەزارەتی پێشمەرگە ناردووە، بڕیاریش بوو بۆ دوو لیوای دیکەی پێشمەرگەی بنێرێت، ئێمە دەمێکە چاوەڕێ دەکەین، بەڵام بەداخەوە حکومەتی عێراق دوایدەخات و هێشتا هەر چاوەڕێ دەکەین، هۆکارەکەشی ڕوونە هەر لەبەر لایەنی سیاسییە".

عەمید ڕوکن هەژار عومەر گوتیشی: "ئەو چەکانەی ئەمریکا بۆ لیواکانی پێشمەرگەی ڕەوانە دەکات پێداویستییەکانی ئەو لیوایانە پڕناکاتەوە، بەڵام بەشێک دەبێت لە دابینکردنی پێداویستییە سەربازییەکانی لیواکان".

## پارتی گۆڕانکاریی نێوخۆیی دەکات

**رووداو- هەولێر**

پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بە گۆڕانکاری نێوخۆیی کردووە و بڕیاری دا پلەی عارف تەیفوور، لە ئەندامی سەرکردایەتییەوە بۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بەرزبکرێتەوە، دواتریش کرایە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سلێمانی- هەڵەبجە. عارف تەیفوور، بە (رووداو)ی راگەیاند فەرمانی دەستبەکاربوونی وەکو سەرۆکی نوێی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دەرچووە و چاوەڕوانی مەکتەبی سیاسیی دەکات بۆ ئەوەی لەم هەفتەیەدا دەستبەکاربێت. هەروەها نووری حەمەعەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی رایگەیاند، بە فەرمانی مەکتەبی سیاسیی، کراوەتە بەرپرسی میحوەری رۆژئاوای کەرکووک و کەمال کەرکووکیش دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیان. رۆژی 7ی تەمموزی 2018 ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی کۆبووەوە و لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری چەند گۆڕانکارییەکی نێوخۆیی دەرکرد.

# (رووداو) پرۆژەی پارتی و یەکێتی بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بڵاودەکاتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی باڵای پارتی و یەکێتی چاوەڕێی ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق و کاردانەوەکانی ناکەن و بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2018/7/16 کۆببنەوە بۆ ئامادەکردنی پاکێجی هاوبەشی دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان. بەرپرسێکی پارتی دەڵێ، ئەو پاکێجە تەنیا بۆ دانوستاندن نییە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان "بەڵکو لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپییەکانیش گفتوگۆی لەسەر دەکەین".

ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت لەگەڵ یەکێتی زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە بۆ رێککەوتن، بەرلەوەی دەرگای دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بکرێتەوە لە نێوان لایەنە براوەکاندا. هەربۆیە حیزبەکەی دوای کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتی و ئامادەکردنی پاکێجێکی هاوبەش، جارێکی دیکە دەستپێشخەری بۆ بزووتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانی و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی رادەگەیێنێ "بۆ ئەوەی ئەوانیش بێنە نێو هاوپەیمانێتییەکە و بەشداریی بکەن لە نووسینەوەی پرۆژە هاوبەشەکەدا و لەسەر ئەو بنەمایە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بکرێ".

وەک ئەو بەرپرسەی پارتی باسیکرد، تاوەکو ئێستا هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان کرابێت "فەرمی نەبووە و تەنیا حیسابی دیداری دۆستانەی بۆ دەکرێ"، چونکە وەک ئەو دەڵێ، هێشتا دادگای فیدراڵی بڕیاری کۆتایی لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردن نەداوە. سەرباری ئەو رەوشە ناهەموارەی بەهۆی خۆپیشاندانی نارەزایەتی دانیشتووانی باشووری عێراقەوە دروستبووە.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت: "ئێمە چاوەڕێی دامرکانەوەی خۆپیشاندان ناکەین و لەگەڵ یەکێتی پرۆژەی هاوبەشی خۆمان ئامادە دەکەین، دواتر پەیوەندی بە چوار حیزبەکەوە دەکەین، پرۆژەکە دەخەینە بەردەستیان بۆ ئەوەی ببێتە پرۆژەی هاوبەشی هەمووومان، ئەگەر هەرسوورین لەسەر ئەوەی بەشداریی نەکەن، ئەوکات دەبێت پارتی و یەکێتی پێکەوە خۆیان ئامادە بکەن".

چەند کاژێرێک دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، پارتی رایگەیاند کە دەستپێشخەری دەکەن بۆ ئەوەی هەموو حیزبەکان پێکەوە بچنە بەغدا.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، وای دەبینێ کە بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ئێستای شارەکانی باشووری عێراقەوە ئەستەمە باس لە دانیشتن و گفتوگۆ بکرێ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان: "جارێ گفتوگۆکان دەوەستن، بەغدا بە حاڵی نێوخۆییەوە سەرقاڵە. هەرکات بچینە بەغدا، پرۆژەیەکی نیشتیمانی هەیە و هەموو داخوازی کوردی تێدایە".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی گوتیشی: "هەرکەس و لایەنێک ئامادەبێت داخوازی کورد جێبەجێ بکات، پاڵپشتی ئەو لایەنە دەکەین بۆ پێکهێنانی حکومەت".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە لە بەرپرسانی پارتی و یەکێتییەوە وەریگرتوون، ئەو پرۆژەیەی پارتی و یەکێتی بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان ئامادەی دەکەن پێکدێ لە چەند خاڵێک کە گرنگترینیان ئەوانەن: جێبەجێکردنی ماددەی 140 و ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، چارەسەری دۆسیەی نەوت و غاز، گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، دروستکردنی حکومەتێکی هاوسەنگ لە نێوان شیعە و سوننە و کورد، تەواوی بڕیارەکان و یاساکانی پەرلەمان بە تەوافوق دەربچن نەک زۆرینە و کەمینە، پۆستەکانی نێو حکومەت بەشێوەی هاوسەنگ دابەش بکرێنەوە.

لە ماوەی رابردوودا، شاندە عێراقییەکان و سەرکردەی هەندێک پارتی دیکە سەردانی هەولێریان کرد. هەولێر، بەهەمانشێوەی چوار ساڵ لەمەوبەر بووەتەوە بە رووگەی ئەو لایەنانەی خوازیارن پشک و رۆڵی بەهێزیان لە حکومەتی داهاتوودا هەبێ، بەڵام بەرپرسانی پارتی دەڵێن ئەوان جارێک دەستیان سووتاوە و رێگا نادەن حکومەتێکی بەهێز لە هەولێرەوە بۆ ئەوە دروستبکرێ کە دواتر کورد پەراوێز بخات. بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ لەو نزیکانە بارزانیی بینیوە و لەبارەی رووداوە نزیکەکانی داهاتوو گۆڕانکارییەکانەوە زۆر گەشبین بوو، پێیوابوو کە هاوکێشەکان بە دڵی کورد دەشکێنەوە و هەرێمی کوردستان پێگەیەکی بەهێزتر لەوەی پێش ئەنجامدانی گشتپرسی وەردەگرێتەوە.

بەرپرسێکی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ لەگەڵ پارتی وا رێکدەکەون کە تەنیا بیر لە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و پرسە گرنگەکان بکەنەوە "بەڵام باشترە هەموو حیزبە کوردستانییەکان پێکەوە بن، جارێکی دیکە هەوڵیان لەگەڵ دەدرێتەوە، بەڵام ئێمە دڵنیاین ئەوان نایەن".


پارتی و یەکێتی پرۆژەکەیان لەگەڵ ئەمریکی و ئەوروپییەکانیش تاوتوێ دەکەن

> پەیوەندی بە چوار حیزبەکەوە دەکەین و پرۆژەکە دەخەینە بەردەستی ئەوانیش بۆ ئەوەی ببێتە پرۆژەی هاوبەشی هەمووومان
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی

بڕیاربووشاندی هەریەکە لە هاوپەیمانێتییەکانی نەسر و سائیروون، سەردانی هەولێر بکەن بۆ دیدار لەگەڵ بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی، بەڵام خۆپیشاندان و نارەزایەتی بۆ کاتێکی نادیار سەردانەکەیان دواخست.

ئاراس حەسۆ میرخان، دەڵێ، بارزانی لەو ماوەیەدا دیداری لەگەڵ ئەمریکی و بەریتانی و ئەوروپییەکان هەبووە و پێیگوتوون: "ئارام گرتنی ئێمە لەبارەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەوە هەروا بەردەوام نابێ، ئێمە چارەسەری ئەو ناوچانە دەبەستینەوە بە بەشداریمان لە پێکهێنانی حکومەت و دەبێ ئێوە رۆڵی خۆتان ببینن بەرلەوەی بێدەنگیی ئێمە کۆتایی بێت"، گوتیشی هەر لەبەر ئەوەیە ئەو پرۆژەیەی ئێمە ئامادەی دەکەین: "دەبێ لەگەڵ ئەمریکی و بەریتانی و ئەوروپییەکانیش گفتوگۆی لەبارەوە بکەین".

## زیاتر لە 25 بەرپرس و هەڵسوڕاوی گۆڕان وازیان لە کارەکانیان هێناوە

# سەرکردە نارازییەکان بە مەرجی گێڕانەوەی دارایی گۆڕان دەگەڕێنەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەو گوتارەی کە نەوشیروان مستەفا ئەمین نۆ ساڵ لەمەوبەر کردییە بناغەی دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی نوێ، ئێستا بووەتە گوتاری دەستی ئەوانەی رەخنە لە بزووتنەوەکە دەگرن و پێیانوایە گۆڕان خۆیشی لەو حیزبانە دەچێ کە رۆژگارێک پێیدەگوتن "حیزبی بنەماڵە و گەندەڵ و تەقلیدی". ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە دەڵێ: "جڤاتی نیشتمانی پێنج خاڵی چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی راگەیاندووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارەی نەداوەتەوە کە هەموو کێشەکانی دروستکردووە".

### قەیرانی ئیدارەدانی گۆڕان

بەشێکی زۆر لە بەرپرسە پلە ناوەند و باڵاکان و زۆر لە لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ ئەو دەنگەی لە ناو بزووتنەوەکەوە بەرز بووەتەوە سەبارەت بە کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا و تۆمەتباریان دەکەن بەوەی دەیانەوێ دەست بەسەر دارایی بزووتنەوەکەدا بگرن و ئەو چەکە کاریگەرە بەدەست بزووتنەوەکەوە نەهێڵن کە ساڵانێک شەڕی یەکێتی و پارتییان پێدەکرد.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، نایشارێتەوە ئێستا بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکە "لە قەیراندایە". چارەنووسیشی بەستراوە بەوەی چۆن دەتوانن پێش ئەوەی بچنە نێو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، کێشەکە چارەسەر بکەن.

ئەو ئەندامەی جڤات دەڵێت: "ئەو پێنج خاڵەی جڤاتی نیشتمانی وەک چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان رایگەیاندوون، هیچ بنەمایەکیان نییە و لە کۆبوونەوە قسەی لەسەر نەکراوە، لە دەرەوەی کۆبوونەوە هێنراون بۆ نێو راگەیێندراوی کۆبوونەوەکە، لە کۆبوونەوە تەنیا باسی هەڵبژاردن کرا".

لە کۆبوونەوە حەوت کاژێرییەکەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕاندا لە رۆژی پێنجشەممەی رابردوو، گەورەترین بڕیارێک کە تێیدا درابێت، بەستنی دووەم کۆنگرەی نیشتمانی بزووتنەوەکەیە کە بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) دوای هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەبەسترێ. ئەو بڕیارەش کاتێک درا کە بزووتنەوەکە نزیکە لەوەی بێهیوا بێ لە گێڕانەوەی عوسمانی حاجی مەحموود و قادری حاجی عەلی بۆ سەر کارەکانیان. ئەندامەکەی جڤاتی نیشتمانی دەڵێت: "خۆی تەنیا ئەو دوو بەرپرسە نین، نزیکەی 25 بەرپرس و هەڵسوڕاو و ئەندامی ژوورەکان تووڕەن، بەڵام دەستیان لە کارەکانیان کێشاوەتەوە، نەک لە بزووتنەوەی گۆڕان".

> عومەری سەید عەلی دووبارە لەگەڵ قادری حاجی عەلی و عوسمانی حاجی مەحموود دادەنیشێتەوە
>
> ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان

### دانوستاندن لەگەڵ سەرکردە نارازییەکان

ساڵی 2009، نەوشیروان مستەفا، لیستێکی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان ئامادە کرد و کردییە سەرەتایەک بۆ راگەیاندنی بزووتنەوەیەکی رەخنەگری سیاسی. لیستەکە 25 کورسی هێنا و بوونە رووداوی چاوەڕواننەکراوی ئەو هەڵبژاردنە، بەڵام بە نەخۆشکەوتنی خۆی، رەخنە و گلەیی ئەو گردەی گەمارۆدا کە داوای کردبوو بیکەنە ئارامگای هەمیشەیی خۆی لە دوای مردنیشی.

جەبار جەلال، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان رەتیدەکاتەوە کێشە نێوخۆییەکانیان ئەوەندە گەورە بن کە چارەسەرکردنیان ئەستەم بێت "ئەو پێنج خاڵەی بڕیاریان لەبارەوە دراوە، جەوهەری کێشەکانن و دەبێ چارەسەر بکرێن، هەوڵی باش و نیەتی باشیش هەن بۆ چارەسەر". ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەکە دڵنیایە لەوەی سەرکردە زویربووەکان هەروا بە دڵڕەنجاوی نامێننەوە "کاک عومەری سەید عەلی لەگەڵیان دانیشتووە و جارێکی دیکەش دادەنیشێتەوە و گفتوگۆ لەگەڵیان بەردەوام دەبێ".

لە راگەیێندراوی دوایین کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکەدا هاتووە، جڤاتی نیشتیمانی دامەزراوەی سەرکردایەتی بوارەکانی کاری سیاسی، رێکخراوەیی، کارگێڕی، دارایی و میدیایی بزووتنەوەی گۆڕانە و لەسەر ئەو بنەمایە و لە رێگەی ئۆرگانە جیاجیاکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە کار و دەسەڵاتەکانی ناوخۆی گۆڕان رێکدەخاتەوە و بۆ وەرگرتنی راو و سەرنج و پێشنیازی هەڵسوڕاوانی گۆڕان لەسەر کۆی پرسەکان "لە زووترین کاتدا بەپێی دەستووری بزووتنەوەی گۆڕان، کۆنفرانسی پارێزگاکان بە ئامادەبوونی هەڵسوڕاوانی هەموو ناوچەکان بەڕێوەدەچێت و راستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان، پرۆسەی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی گۆڕان لە هەموو ئۆرگانەکاندا دەستپێدەکات و تەواوی پۆستەکان بۆ گۆڕانکاری کراوە دەبن. هەر پاش ئەوەش لە نزیکترین کاتدا دووەمین کۆنفرانسی نیشتمانی گۆڕان ئەنجام دەدرێت".

شێرکۆ حەمەئەمین، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت: "ئەو برادەرانەی کە زیز بوون هەموو کەس شاهیدە چەند پاک و گرنگن بۆ گۆڕان، بۆیە دەبێت گوێ لە داواکاری و سەرنجەکانیان بگیرێت".

سەرکردە نارازییەکان هەریەک لە قادری حاجی و عوسمانی حاجی مەحموودن کە پێگەی جەماوەرییان لە نێو بزووتنەوەکەدا بەهێزە، هەرچەندە ئەوان لە سەردەمی نەوشیروان مستەفاشدا جارێک تووڕە بوون و کاتی زۆری ویست تاوەکو گەڕانەوە سەر کارەکانیان.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی تووڕەبوونی ئەو دوو سەرکردەیە دەڵێ: "ئەوان تەنیا کێشەیان ئەوەیە، نابێ داهات و موڵکی بزووتنەوەی گۆڕان بەناوی کوڕەکانی کاک نەوشیروان بکرێت و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەکە، بەڵام کوڕانی کاک نەوشیروان پێیانوایە ئەوە موڵک و داهاتی خۆیانە و لە دڵسۆزیی خۆیان بۆ بزووتنەوەکە، دەزگا و دامەزراوەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی پێ بەڕێوەدەبەن و خەرجییەکانیان دابین دەکەن".

گوتیشی تاوەکو ئێستا هەوڵەکان بێسوود بوون بۆ گەڕانەوەی ئەو بەرپرسانە بۆ سەر کارەکانیان "ئەوان مەرجی ئەوەیان هەیە کە دەبێت پارە و موڵکەکانی گۆڕان بەناوی گۆڕانەوە بکرێ و هیچ بڕە پارەیەکیش لەلایەن هیچ بەرپرسێکی بزووتنەوەکەوە لە یەکێتی وەرنەگیرێ".

یەکێک لە تۆمەتەکان دژی سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەیە بزووتنەوەکە لە کاتێکدا بە ئاشکرا رەخنەی لە یەکێتی نیشتمانی دەگرت و وەک نەیارێکی سەرسەخت مامەڵەی لەگەڵ دەکرد، مانگانە 250 هەزار دۆلاریان لێوەرگرتووە.

چەند بەشداربوویەکی دوایین کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، بە (رووداو)یان گوت کە لەو کۆبوونەوەیەدا ماڵ و موڵکی بزووتنەوەکە بووەتە بابەتی قسەوباس، رێکخەری گشتی بزووتنەوەکە بە راشکاوانە گوتوویەتی "ئەوە موڵکی کوڕەکانی کاک نەوشیروانە و کێ بەلایەوە پەسەند نییە، دەتوانێ بڕوات باسی بکات لە هەر شوێنێک دەیەوێ".

لە دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفاوە، کێشە و گرفتەکان زۆرتر لە نێوان عومەری سەید عەلی و قادری حاجی عەلین. بەرپرسانی بزووتنەوەکە دەڵێن نەوشیروان مستەفا پێشتر هەردوو سەرکردەکەی لە بەڕێوەبردنی گۆڕاندا تاقیکردووەتەوە. ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە گوتی "لە مانگی 12ی ساڵی 2015 کاک قادر چووە لەندەن بۆ لای کاک نەوشیروان و ئەرکی بەڕێوەبردنی گۆڕان بە کاک قادر سپێردرا، بەڵام دواتر لێی وەرگرتەوە و پێیوابوو سەرکەوتوو نەبووە. دواتر لە مانگی 12ی ساڵی 2016 کاک عومەر چووە لای و دواتر بووە رێکخەری گشتی، بەڵام بەهۆی سەختبوونی نەخۆشییەکەیەوە نەیتوانی کاک عومەر هەڵبسەنگێنێ".


گۆڕان بڕیاری داوە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆنگرە ببەستێ




## پەرلەمانی کوردستان دوو یاسای پەسەندکرد

**ڕووداو – هەولێر**

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ واژۆی لەسەر دوویاسا کرد بۆ دەرچواندنیان کە پێشتر لە پەرلەمانی کوردستان دەنگیان لەسەر درابوو. لە ڕاگەیێندراوێکی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هاتووە، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە واژۆی د.جەعفەر ئێمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، هەردوو یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2018 یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم و یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2018 یاسای کارپێکردن بەیاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 3ی ساڵی 2006–ی دەرچوواندن. یاساکەی یەکەمیان لە ڕۆژی دانیشتی ڕۆژی 2018/7/11 و یاسای دووەمیشیان لە دانیشتنی ڕۆژی 2018/7/1ی پەرلەمانی کوردستان دەنگیان لەسەر درابوو.

### عەرەبی مووسڵە و ئەڵمانیا مافی پەنابەرێتی ناداتێ

# ڕزگارکەری نادیە موراد داوای یارمەتی دەکات

**ڕووداو– هەولێر**

لە نیوەشەوێکی کۆتایی هاوینی 2014، عومەر عەبدولجەبار کە دانیشتووی مووسڵ بووە، گوێی لە دەنگی تەقەی دەرگای ماڵەوەیان دەبێت. ئەو کات سێ مانگ بەسەر هێرشی داعش بۆ سەر شارەکەدا تێپەڕیبوو، خەڵک دەتۆقین لەوەی شەوان گوێیان لە تەقەی دەرگایان بێ، چونکە تەنیا چەکدارانی داعش بە شەو لە دەرگای ماڵانیان دەدا.

عومەر و باوکی بە ترسەوە دەرگایان کردەوە و بینییان ئافرەتێکی باڵاپۆش بە نیقابەوە داوا دەکات داڵدەی بدەن. ئافرەتەکە کە عومەر توند ڕایکێشایە ژوورەوە، نادیە موراد بوو، ئەو کچە کوردە ئێزدییەی ئێستا باڵیۆزی نیازپاکیی نەتەوە یەکگرتووەکانە. عومەر لە دڵی خۆیدا نزای دەکرد خەڵکی گەڕەک نادیەیان نەبینیبێ، چونکە ئەگەر دراوسێیەکیان داعشی لەو کارەی عومەر ئاگادار کردبایەوە، ئەوە چارەنووسێکی خراپ چاوەڕێی ئەمیشی دەکرد.

نادیە موراد لە کتێبی (دوایین کچ: چیرۆکی بەندکران و شەڕی من لەدژی داعش) باسی خێزانی عومەر دەکات و دەنووسێ "نازانم ئەوان بۆچی ئاوها باش بوون لە کاتێکدا ئەو هەموو خەڵکەی مووسڵ ئاوا نەگریس بوون". لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا، داڵدەدانی ئافرەتە ئێزدییەکان سزای مەرگی بەدواوە بوو، هەر کەسێکیش ئەو ئافرەتانەی ڕادەستی داعش کردباوە، 5000 دۆلاری وەک پاداشت وەردەگرت.

> پەشیمان نیم لە ڕزگارکردنی نادیە موراد
>
> عومەر

عومەر کە سێ ساڵە لە ئەڵمانیا کۆچبەرە، بە گۆڤاری (تایم)ی ئەمریکی دەڵێ: "ئێمە هەر بیریشمان لەو شتانە نەکردەوە". بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی نادیە، خێزانەکە پێیانگوتبوو لە ماڵەکەی ئەوان بمێنێتەوە، بەڵکو ڕێگایەکی بۆ دەرچوون لە مووسڵ بۆ بدۆزنەوە. خێزانە مووسڵاوییەکە پەیوەندییان بە برای نادیەوە کردبوو کە لە کەمپێکی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان دەژیا و پێکەوە پلانی دەربازکردنی نادیەیان لە مووسڵ دانا. ئامۆزایەکی عومەر ناسنامەی ساختەی بۆ نادیە دروستکرد. بەپێی پلانەکەیان نادیە هاوژینی عومەر بوو، بۆ دیدەنی سەردانی خزمەکانی خۆی دەکرد لە کەرکووک.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکە، عومەر هەتا سەنگەرەکانی پێشمەرگە و لەوێشەوە بۆ هەولێر لەگەڵ نادیە مابووەوە و بۆ ڕۆژی دواتر گەڕابووەوە مووسڵ. هەمان ڕۆژیش جارێکی دیکە دەنگی دەرگا هات. ئەمجارەیان داعش بوو. باوکی عومەر لە لێدوانێکدا بۆ (تایم) باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو ڕۆژە کوڕەکەی سەربان و سەربان ڕایکرد. عێراق چیدی شوێنێکی پارێزراو نەبوو بۆ عومەر، باوک و دایکیشی ناچار بوون لە خۆیانی بێبەری بکەن.

عومەر 7 هەزار دۆلاری لە خزمێکی نزیک و هاوڕێیەکی خۆی قەرز کردبوو بۆ ئەوەی خۆی و هاوژینە دووگیانەکەی و کوڕەکەیان لە مووسڵ دەربچن و بەرەو ئەوروپا ڕابکەن. ڕەندەی هاوژینی و منداڵەکەی بە تەنکەری گاز لە مووسڵ دەرکرد، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت ڕێگای قاچاخ بۆ ڕەندە و منداڵەکەی زۆر سەختە. بۆیە ئەوانی گەڕاندەوە مووسڵ و خۆی بەرەو تورکیا بەڕێکەوت. دوای چەند هەفتە مانەوە لە تورکیا و گیران لە بولگاریا، دواجار عومەر لە ئاداری 2015 گەیشتە ئەڵمانیا.

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا نادیە موراد لەگەڵ سەتان بەرپرس و نوێنەری وڵاتان کۆبووەتەوە و چیرۆکی گیران و ئەشکەنجە و بەکۆیلەکردنەکەی لەلایەن چەندین ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهان خوێنراوەتەوە، ئەمەش بە پێچەوانەی چیرۆکی عومەر کە جگە لە خۆی و کەسوکارەکەی، هیچ کەسێکی دیکە نایزانێ و دوای زیاتر لە سێ ساڵ چاوەڕوانی، حکومەتی ئەڵمانیا قایل نەبووە مافی پەنابەرێتی بداتێ. پێشتر فەرمانگەی کۆچبەرانی ئەڵمانیا مۆڵەتی مانەوەی تاوەکو ئایاری 2018 بە عومەر دابوو، ئێستاش کە داوای نوێکردنەوەی مۆڵەتەکە دەکات، حکومەتی ئەڵمانیا داوای پاسپۆرتی لێدەکات و عومەریش نیەتی.

عومەر فایلی کۆچبەرییەکەی خۆی پیشانی گۆڤارە ئەمریکییەکە دەدا. لەناو فایلەکاندا نامەیەکی نادیە موراديش هەیە تێیدا باسی ئەو مەترسییە دەکات کە عومەر بۆ ڕزگارکردنی ئەو لەسەر ژیانی خۆی دروستی کردبوو. عومەر کاراکتەرێکی سەرەکیی کتێبەکەی نادیەشە، بەڵام لە کتێبەکەدا بە ناوی خوازراوی ناسر باسی دەکرێ، لەبەر ئەوەی ئاشکراکردنی ناوەکەی ژیانی خۆی و هەموو خێزانەکەی دەخستە مەترسییەوە.

ڕزگارکەری ژیانی نادیە موراد هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ڕزگاربوونی خۆی شک نابات. تاکە دڵخۆشی ئەوەیە شەوان بە ڤیدیۆچات لەگەڵ ڕەندە و دوو منداڵەکەی قسە دەکات، وەکو خۆی دەڵێ زۆرجار بیر لە کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی دەکاتەوە و هاوڕێیەکی بەناوی سەلیم دووجار ڕێگری لێکردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (تایم)ی ئەمریکی، عومەر چەندین مانگە لەگەڵ نادیە موراد قسەی نەکردووە، هەرچەندە مەودای نێوان شارەکانیان لە ئەڵمانیا هەر هێندەی مەودای نێوان مووسڵ و کۆچۆیە کە چوار ساڵ لەمەوبەر داعش هێرشی کردە سەر. لە سێ ساڵی ڕابردوودا چەند جارێک پێکەوە قسەیان کردووە، بەڵام ئەو ژمارە تەلەفۆنەی نادیە موراد داخراوە.

عومەر لەوەی خۆی و خێزانەکەی بۆ نادیەیان کردووە پەشیمان نییە و دەڵێ: "تۆ دڵخۆشی سەر ڕوخساری خێزانەکەی نادیە موراد نەبینی، بۆیە نازانی چ هەستێکیان هەبوو. هەموو کەسێک هەر دەبووایە ئەوە بکات کە ئێمە کردمان".


عومەر عەبدولجەبار لە کەمپێکی پەناخوازانە لە باشووری بەرلین

# بەشێکی هێزەکانی حەشد لە کەرکووک کشانەوە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو – سلێمانی**

ئاگری ئەو خۆپیشاندانەی لە بەسرە هەڵگیرساوە، پریشکەکەی گەیشتە شارەکانی دیکەی عێراقیش. خۆپیشاندەران داوای خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و کارەبا و کار دەکەن. خۆپیشاندەران جگە لە هەڵکوتانە سەر فرۆکەخانەی نەجەف، تاوەکو ئێستا ژمارەیەک بارەگای حیزبە شیعەکانیشیان سووتاندووە. هەر بۆیە حەیدەر عەبادی فەرمانی بە کشانەوەی بەشێک لەو هێزانەی حەشدی شەعبی کرد کە لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017وە هێنراونەتە کەرکووک و دەوروبەری. بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێ: "بە کشانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆشایی ئەمنی لە کەرکووک دروست نابێ، چونکە ئەو هێزانە بۆشایی ئەمنییان پڕ نەکردووەتەوە تاوەکو بە ڕۆشتنیان کێشە دروست ببێ".

یاسین عیززەدین، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتی دەڵێ، لە کاتی خۆپیشاندانەکان لە بەسرە و ناسریە و نەجەف، کاتێک پەلاماری ژمارەیەک بارەگای حیزبە شیعەکانی عێراق درا و سووتاندیان، بە فەرمانی حکومەتی عێراق ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووکەوە کشێنراونەتەوە بۆ بەسرە و بەشێکیشیان بۆ نێو شاری بەغدا، بەڵام ڕەتیدەکاتەوە، حەشدی شەعبی ڕۆڵی ئەوتۆی هەبووبێ لە نێو کەرکووکدا لە پاراستنی ئاسایشی شارەکە "حەشدی شەعبی تەنیا لەنێو بارەگاکاندا بوون، گەڕانەوەشیان تەنیا بۆ پاراستنی ئەمنیەتی دامەزراوەکانی حکومەت نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی بارەگای هێزەکانی خۆیانە کە بوونەتە ئامانجی خۆپیشاندەران".

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە پارێزگای کەرکووک ئاشکرای کرد، پێش ئەوەی فەرمانی کشانەوە بە هێزەکانی حەشدی شەعبی بکرێت، زانیارییان بۆ هاتووە کە بەشێک لە دانیشتووانی بەغداش دەیانەوێ وەک دانیشتووانی بەسرە دەست بە خۆپیشاندان بکەن و بارەگای حیزبە شیعەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە دەسەڵاتن، لە مەترسیدان "بەشێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی گەڕاونەتەوە بۆ بەغدا و نزیکی بەغدا"، ئەو سەرچاوەیە گوتیشی، ئێستا دۆسیەی ئەمنیی کەرکووک بەدەست هێزەکانی دژەتیرۆر و پۆلیسی فیدراڵییەوەیە، لە حاڵەتی دروستبوونی بۆشایی ئەمنیشدا، دەتوانرێت جێگەی ئەو هێزانەی حەشدی شەعبی بە ئاسانی پڕبکرێتەوە.

کەرکووک بۆ خۆی شارێکی فەرامۆشکراوە، خەڵکەکەی بەهۆی کەمیی کارەبا و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئەو ستەمەی لە هاونیشتمانیانی کورد دەکرێ "لە لێواری تەقینەوەدایە"، بەرپرسێکی ئیداری لە پارێزگای کەرکووک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زیاتر لەبارەی دۆخی ناوشاری کەرکووکەوە گوتی: "هەر لەبەر ئەوە عەبادی زۆر باشتر لە هەموو کەس تێدەگات کەرکووک لە چ ڕەوشێکدایە و ناوێرێ لەوە زیاتر هێزەکان لە کەرکووک بکشێنێتەوە".

بەرپرسی لیژنەی ئەمنی پارێزگای کەرکووک، لەبارەی ئەگەری شوێنگرتنەوەی ئەو هێزانە لەلایەن پێشمەرگەوە، گوتی "مەحاڵە هێزی پێشمەرگە بتوانێ بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە". ئازاد جەباری، پێیوایە ئێستا کورد لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا ژمارەی قورسی وەک دوو ساڵ لەمەوبەر نییە و ڕەوشی نێوخۆیی ئێستای عێراقیش بە ململانێی هێزە ئیقلیمیەکان لێکدەداتەوە نەک کێشە نیوخۆییەکان "هەرکات کورد بوو بە ژمارە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا ئەوکات دەتوانین قسە لەسەر گەڕانەوەی پێشمەرگە بکەین، بەکورتی ئەمەریکا کەی ویستی، ئەوکات پێشمەرگە دەتوانێ بگەڕێتەوە".

لە چەند مانگی ڕابردوودا، دانیشتووە کوردەکانی ئەو گوندانەی دەوروبەری کەرکووک و داقوق و خورماتوو، ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماری زۆر بوونەوە لەلایەن گرووپە توندئاژۆکان و سوننەکانەوە بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن زێد و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان جێبهێڵنەوە. ئەوەش لە سایەی بێدەنگیی سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبیدا لەو ناوچانە.

ئازاد جەباری هیوایەکی بە خۆپیشاندانەکانی ئێستا هەیە و دەڵێت "ئەگەر زانرا مەرجەعیەت دەست وەرناداتە خۆپیشاندانەکان لە پێناوی ڕاگرتنی، باشترین شتێک بۆ کورد و کەرکووکییەکان ئەوەیە خۆپیشاندان ڕێکبخەن لە کەرکووک".

بەڵام یاسین عیززەدین، لەو بڕوایەدایە ئەگەر خۆپیشاندان بەغدا بگرێتەوە، ئەوکاتە



> بە کشانەوەی حەشدی شەعبی بۆشایی ئەمنی لە کەرکووک دروست نابێ
>
> بەرپرسێکی یەکێتی

گۆڕانکاریی ئەمنی لەناو کەرکووک ڕوودەدات "هێزەکانی دژە تیرۆر و پۆلیسی فیدراڵی دەگوازرێنەوە بۆ پایتەخت و لەو حاڵەتەدا بەدڵنیاییەوە بۆشایی ئەمنی دروست دەبێت، ئەگەر ئەو حاڵەتەش ڕوویدا دەبێت پێشمەرگە بگەڕێتەوە و گەڕانەوەشی دەبێتە ئەمری واقیع".

چەند جارێک بەرپرسانی یەکێتی ڕایانگەیاندووە کە دانوستاندن لە ئارادایە بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ کەرکووک، بەڵام پارتی بەردەوام ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ بەبێ ڕێککەوتنێک کە ئەمریکی و ئەوروپییەکان ئاگاداری بن، جارێکی دیکە پێشمەرگە ناگەڕێتەوە ئەو ناوچانە.

د.محەممەد خورشید، بەرپرسی لقی سێی پارتی، دەڵێ لە کاتی وجودی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا بۆشایی ئەمنی زۆر هەبووە، بەگەڕانەوەی ئەو هێزانەش بۆ شارەکانی دیکەی عێراق، بۆشایی زیاتر دروست دەبێت "بەڵام هەرگیز و لەهیچ حاڵەتێکدا عێراق ناچێتە ژێرباری ئەوەی هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە".

ئەو بەرپرسەی پارتی تەنیا لەیەک حاڵەتدا پێیوایە پێشمەرگە دەتوانێت بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە: "مەگەر کودەتایەک بەسەر حکومەتەکەی عەبادیدا بکرێت و ئەویش بەناچاری داوا بکات کە پێشمەرگە بگەڕێنەوە".

# بڕینی کارەبا لە ئێرانەوە عەرشی عێراقی هێناوەتە لەرزە

**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە هەفتەیەک بەسەر خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراقدا تێدەپەڕێ، بێ ئەوەی حکومەتی عێراق هیچ هەنگاوێکی کرداری بۆ بەجێهێنانی خواستی خۆپیشاندەرانی باشوور نابێ. خۆپیشاندان لە بەسرەوە دەستیپێکرد و دوای کەمتر لە هەفتەیەک بەغدای پایتەختیشی گرتەوە. خەڵک داوای خزمەتگوزاری و هەلی کار لە حکومەت دەکەن، حکومەتیش کێشەکانی ئاو و کارەبا دەخاتە ئەستۆی وڵاتانی دراوسێ.

ڕۆژی نۆی تەمووز، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لەکاتی سەردانی پارێزگای دیالە هۆکاری بڕینی کارەبای بۆ کورتهێنانی کارەبای ئێران گەڕاندەوە کە سەرچاوەیەکی سەرەکی دابینکردنی کارەبای ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقە، عەبادی لەوبارەیەوە گوتی: "کورتهێنانی کارەبا لە ئێران، بووەتە هۆی ئەوەی ئێمە 1400 مێگاوات کارەبا لەدەست بدەین"، بەڵێنیشی دا کە کێشەکە لە داهاتوویەکی نزیکدا چارەسەر دەبێ، لەکاتێکدا حکومەتەکەی لەگەڵ لایەنی ئێرانیدا خەریکی دانوستاندنە.

هەفتەی ڕابردوو، وەزارەتی وزەی ئێران ڕایگەیاند کە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، بەکارهێنانی ڕۆژانەی کارەبا لە ئێران 57 هەزار مێگاواتی تێپەڕاندووە، لە کاتێکدا کۆی گشتی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئێران 58 هەزار مێگاواتە. وەزارەتی کارەبای ئێران هۆشداریشی دا ئەگەر بەکارهێنانی کارەبا لەگەڵ بەرهەمهێناندا یەکسان بێتەوە، ئەوە تۆڕی بەرهەمهێنانی کارەبای ئێران بەیەکجاری دەوەستێ.

هەرچەندە ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی وزەی ئێران لێدوانەکەی عەبادی پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام ڕۆژێک پێش سەردانەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ دیالە، محەممەد فەتحی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای عێراق، ڕایگەیاند ئێران بەهۆی قەرزەکانی بەغداوە کارەباکەی بڕیوە.

ئەوە یەکەمجار نییە ئێران کارەبا لەسەر عێراق ببڕێ. سەرەتای ساڵی 2017ش ئێران بەهۆی دوو ملیار دۆلار قەرزی کەڵەکەبووی عێراقەوە کارەباکەی بڕی، عێراق دواتر بە قیست قەرزەکەی دایەوە. لە تەمووزی 2016ش، ئێران بۆ ماوەی دوو مانگ کارەبای لەسەر عێراق بڕیبوو، هۆکاری ئەویشیان قەرزێکی 350 ملیۆن دۆلاری بوو.

لە ساڵی 2005ەوە ئێران ڕۆژانە نزیکەی 2000 مێگاوات کارەبا بە عێراق دەفرۆشێ. عێراق ڕۆژانە پێویستی بە 23 هەزار مێگاوات کارەبا هەیە، بەڵام تەنیا 15 هەزار و 700 مێگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنێ.

عادل جەریان، بریکاری وەزیری کارەبای عێراق، بە میدیای عێراقی ڕاگەیاند کە کێشەی بڕانی کارەبای ئێران تەنیا پەیوەندی بە قەرزەکانەوە نییە و حکومەت تاوەکو ئێستا قەرزەکانی خۆی بە شێوەی قست بە ئێران دەداتەوە.

جەریان لەمبارەیەوە بە ڕادیۆی (ئەلمیربەد)ی گوت: "ئەم کێشەیە کاتێک سەری هەڵدا کە میکانیزمی دانەوەی قەرزەکان بەهۆی سزا نوێیەکانی سەر ئێران کێشەی تێکەوت"، ئەمەش دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 دەرچوو و بڕیاری گەڕاندنەوەی سزا ئەتۆمییەکان بۆ سەر تارانی دا. بەرپرسەکەی وەزارەتی کارەبا دەڵێت دانوستاندن لەنێوان حکومەتی بەغدا و تاران دەستیپێکردووە بۆ ئەوەی میکانیزمێکی نوێ بۆ دانەوەی قەرزەکان بدۆزنەوە، بە جۆرێک سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا کێشەیان بۆ دروست نەکات.

بەیاننامەیەکی ڕۆژی نۆی تەمووزی وەزارەتی کارەبای عێراق پشتڕاستی دەکاتەوە کە دانوستاندن لە نێوان هەردوو وڵاتدا دەستیپێکردووە، بێ ئەوەی ئاماژە بەشێوازی چارەکردنی کێشەکە بکات. بەڵام سەرچاوەیەک لە وەزارەتی کارەبای عێراق بۆ (ئەلمۆنیتەر)ی ئاشکرا کردووە کە ئێران و عێراق بەدوای کەناڵێک بۆ دانەوەی قەرزەکاندا دەگەڕێن لە دەرەوەی چوارچێوەی دارایی جیهانی.

بەڵام سەرچاوە ئاگادارەکە دەڵێت کێشەی دانەوەی قەرزەکانیش چارەسەر بکرێ، ئێران بەمزووانە کارەبای ناوچەکانی باشوور ناداتەوە، چونکە پێناچێت قەیرانی کارەبای ئێران خۆیشی بەمزووانە چارەسەر ببێ.

سەعد جەواد، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە کۆلێژی ئابووریی لەندەن، لە لێدوانێکدا بۆ (ئەلجەزیرە)ی قەتەری، هۆکاری کێشەکانی ئاو و کارەبای عێراق دەخاتە ئەستۆی ئێران و بە یارییەکی سیاسی ئەو وڵاتە لەدژی ئەمریکای دەزانێ. سەعد لەمبارەیەوە گوتی: "بەبڕوای من ئێرانییەکان دەیانەوێ بە ئەمریکییەکان بڵێن ئەگەر لە شوێنێک کێشەمان بۆ دروست بکەن (واتە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە)، ئێمە لە هەموو شوێنێک کێشەتان بۆ دروست دەکەین، لە عێراق، لە سووریا و لە کەنداو".

بەڵام هەموو کەس باوەڕی بەم تیۆری پیلانگێڕییە نییە و زۆر کەس ئەم تەقینەوەی تووڕەییەی خەڵک بۆ کەڵەکەبوونی کێشەکانی هاووڵاتی سادە دەگەڕێننەوە.

عەبدولڕەحمان محەممەد، خۆپیشاندەرێکی تەمەن 36 ساڵی بەسرایە، بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێ: "ئێمە لەو پارتانە بێزار بووین، چونکە ئەوان بەرژەوەندی ئێران دەخەنە پێش بەرژەوەندی ئێمەوە".



سەرۆکوەزیرانی عێراق بەڵێنی سێ تریلیۆن دینار وەبەرهێنانی حکومی لە پارێزگای بەسرە داوە، بەڵام ئەو بەڵێنە نەیتوانیوە تووڕەیی خۆپیشاندەران کەم بکاتەوە (فۆتۆ: AFP)

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییشدا خۆپیشاندەران لە کاتی هێرشی سەر بارەگای حزبی دەعوە هاوار دەکەن: "حیزبی دەعوەی ئێرانی". لە گرتەیەکی دیکەشدا خۆپیشاندەران هاوار دەکەن "پارتە ئێرانییەکان بسووتێنن".

حیزبی دەعوە لە ساڵی 2006ەوە سەرۆکایەتی هەموو حکومەتەکانی عێراقی کردووە. تاوەکو ڕۆژی یەکشەممە هیچ بارەگایەکی سەدرییەکان هێرشیان نەکراوەتە سەر و موقتەدا سەدریش خۆپیشاندانەکان بە شۆڕشی "خەڵکی برسی" ناودەبات.

ڕۆژی هەینی ڕابردوو سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕاستەوخۆ لە بڕۆکسلەوە گەڕایەوە بەسرە، ئەمە یەکێک لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی بەسرە بوو کە ڕووبەڕوو لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی وڵاتەکەیان قسە بکەن. پێشتر موزاحم تەمیم، سەرۆکی یەکێک لە گەورەترین هۆزەکانی بەسرە، داوای لە عەبادی کردبوو "یەکسەر لە بڕۆکسلەوە بگەڕێتەوە بەسرە".

نزیکەی 90%ی داهاتی عێراق، سەرچاوەکەی هەناردەکردنی نەوتە، 95%ی ئەو نەوتەش لە کێڵگەکانی بەسرەوە دەردەهێنرێت، لەکاتێکدا بەسرە یەکێک لە بێخزمەتترین پارێزگاکانی عێراقە. سەرۆکوەزیرانی عێراق بەڵێنی سێ تریلیۆن دینار وەبەرهێنانی حکومی لە پارێزگای بەسرە داوە، بەڵام ئەو بەڵێنە نەیتوانیوە تووڕەیی خۆپیشاندەران کەم بکاتەوە.

عەبادی، کە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقیشە، لەپاڵ بەڵێنی وەبەرهێنانی زیاتر لە ناوچە شیعەکان، فەرمانی ڕەوانەکردنی هێزی سەربازی و ئەمنی زیاتری بۆ بەسرە داوە و داوای کردووە لە حاڵەتی "ئامادەباشیی تەواو"دا بن. قاسم ئەلئەعرەجی، وەزیری ناوخۆی عێراق، بە تەلەفزیۆنی (ئەلجەزیرە)ی قەتەری ڕاگەیاندووە هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە هێرشکەرانی سەر باڵەخانە فەرمییەکان خۆشنابن.

> **خۆپیشاندانەکانی عێراق یارییەکی سیاسیی ئێرانە لە دژی ئەمریکا**
>
> پرۆفیسۆرێکی زانستە سیاسییەکان

ڕۆژی یەکشەممە، بەرپرسانی نەوتی بەسرە بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانییان ڕاگەیاند، هەرچەندە خۆپیشاندانەکان لەنزیک کێڵگە نەوتییە گەورەکان دەکرێن، بەڵام بەرهەمهێنانی نەوت لە پارێزگاکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەدەچێ. هەر جۆرە کێشەیەک لە کەرتی نەوتی عێراق کاریگەریی نێگەتیڤی گەورە لەسەر ئابووریی عێراق و بەهاکانی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا دادەنێ.

خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق لە کاتێکدان کە تەنیا دوو مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا تێپەڕیوە و لایەنە عێراقییەکان بەهۆی کێشەی دەنگەکان و ململانێی هێزەوە تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە لەسەر پێکهێنانی حکومەت ڕێکبکەون.

خۆپیشاندانەکان لە کاتێکی زۆر نالەبار بۆ عەبادی بەڕێوەدەچن کە خۆی دانابوو بۆ جاری دووەمیش پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق وەربگرێتەوە.

# ڕەققە... شاری تەرم و بۆمبی چێنراو

**هونەر ئەحمەد**
**ڕووداو- ڕەققە**

شارێک، بەپێی ئاماری ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤی سووریا، زیاتر لە 20 هەزار جار لەلایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانیی دژ بە داعش بۆردومان کراوە، شارێک زۆربەی باڵەخانەکانی بەپێوە نەماون، شارێک لە مووسڵ خراپتری بەسەرهاتووە. ئەو شارە ڕەققەیە لە سووریا کە مەزەندە دەکرێ 80%ی وێران بووبێ.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان هێشتا 3000 تەرمی خەڵکی سڤیل و چەکداری داعش لەژێر داروپەردووی خانووە ڕووخاوەکاندا ماون. ئێستا خەمی یەکەمی دانیشتووانی شارەکە دۆزینەوەی تەرمەکانە و خاوێنکردنەوەی شارەکەیە لە تەرم. تەنانەت منداڵانیش وەکو گەورەکان بەدوای تەرمدا دەگەڕێن.

عادل نەمر کە منداڵێکی تەمەن 9 ساڵانە، ڕۆژانەکەی دوو دۆلارە، لەگەڵ باوکی بەدوای تەرمدا دەگەڕێن. عادل دەڵێت "هەموو ڕۆژێک لەگەڵ باوکم تەرم دەردێنین، بە شەویش کار دەکەین و ناترسێم. لەسەر ئەو کارە ڕاهاتووین".

عادل ناخوێنێ، چونکە ئەو قوتابخانەیەی پێشتر عادل تێیدا دەیخوێند لەگەڵ زەوی تەخت بووە.

ئەوانەی کەسوکاریان لە شەڕی ڕەققە لەدەستداوە، ڕۆژانە لە چواردەوری تیمەکانی دۆزینەوەی تەرمەکان دێن و دەچن. هەر تەرمێک دەدۆزرێتەوە لێی کۆدەبنەوە، بەدوای نیشانەکانی ناسینەوەی تەرمەکەدا دەگەڕێن.

تەرمی دوو کوڕ و کچەکەی سوبحی مستەفا لەلایەن تیمێکەوە دۆزرانەوە. سوبحی ڕوو لە تیمەکە دەڵێت: "خۆ من هیچم نییە، ماڵ و حاڵم نەماوە، چۆن بیاننێژم". پیاوێکی تیمەکە دڵنەوایی دەداتەوە و دەڵێت: "مامە ئێمە هەموو شتێک لە ئەستۆ دەگرین، خوا ئاگای لێتان بێت، بەپێی شەریعەتی ئیسلامی دەیاننێژین خەمی ئەوەت نەبێ".

شەمسە حەمادی، لەبەردەم باڵەخانەیەکی ڕووخاودا وەستاوە کە بە گوتەی خۆی تەرمی چوار کچی و دایکی و هاوژینی کوڕەکەی لەژێردایە. شەمسە بە گریانەوە دەڵێت: "گوێمان لەوە بووە بەر بۆردومان کەوتوون. هەر ئەوەندە زانیاریمان هەیە، هیچی دی نازانین".

بەدەر لە تەرمی ژێر خانوو و باڵەخانەکان، تا ئێستا نۆ گۆڕی بەکۆمەڵ لەنێو ڕەققەدا دۆزراونەتەوە کە مەزەندە دەکرێ 1500 تەرمیان تێدابێ.

باخچەی ڕەشید لە سەنتەری شاری ڕەققە، گۆڕێکی بە کۆمەڵی تێدایە. بەگوتەی ئەو تیمانەی بەدوای تەرمەکاندا دەگەڕێن، گۆڕەکە 420 تەرمی تێدایە.

بەهۆی سەختیی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکان لە کاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە، خەڵکەکە ناچار بوون قوربانییەکانیان لەو گۆڕانەدا ئەسپەردە بکەن، تەنانەت هەندێک لە چەکدارانی داعشیش تەرمی هاوسەنگەرەکانیان لەو گۆڕانەدا ناشتووە.

وەعد کەریم ڕۆژانە دێتە لای گۆڕە بە کۆمەڵەکان تاوەکو تەرمی دایک و خوشکەکەی بدۆزێتەوە، ئەم دڵنیایە لەوەی کە دایک و خوشکەکەی لەنێو یەکێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندان.

وەعد بە (ڕووداو)ی گوت: "فڕۆکە هات و لە دراوسێکەمانی دا، ئەوانیش بانگەواز و هاواریان کرد بەهانامانەوە وەرن. دایکم و خوشکم چوون. فڕۆکەکە کاژێر 11ی شەو بۆردومانی کرد، بەیانییەکەی تەرمەکان ڕادەستی نەخۆشخانە کراون. تەرمەکان لێرە (باخچەی ڕەشید) بە خاکسپێردراون. ئەگەر گۆڕەکە هەڵدەنەوە، بێگومان دەیانناسینەوە، لەبەرئەوەی دایکم ناسنامە و کلیلێکی لە گریفاندایە".

لە گۆڕە بە کۆمەڵەکەی باخچەی ڕەشید ژنان و پیاوان لێکجیاکراونەتەوە، بەڵام بەهۆی زۆریی ژمارەی قوربانییەکان لەهەندێ جێگا سێ بۆ چوار تەرم لەسەر یەک دانراون. هەندێ لە کەسوکاری قوربانییەکانیش بێ ئومێدبوون لە دۆزینەوەی تەرمەکانیان.

فاتیمە محەممەد، بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە پێنج کەسی خێزانەکەی لەدەستداوە، ئێستا بۆ سۆراغی ئەوان گەڕاوەتەوە ڕەققە، بەڵام خەریکە بێ ئومێد دەبێ لە دۆزینەوەیان، چونکە زۆربەی ئەو تەرمانەی بە فاتیمە نیشاندراون، شێواون و هەندێکیان ئەندامی جەستەیان پەڕیوە. فاتیمە تا ئێستا نەیتوانیوە تەرمی ئەحمەدی برای و بەیانی خوشکی بدۆزێتەوە.

> **ئەوانەی پاش کۆنترۆڵکردنەوەی رقە بوونەتە قوربانی، ژمارەیان لەوانە زیاترە کە لە کاتی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققەدا کوژراون**

تیمەکان ڕۆژانە 50 تاوەکو 70 تەرم لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەردەهێنن، بەڵام کەرەستەی پێویستیان لەبەردەستدا نییە بۆ ناسنەوە و زووتر دەرهێنانی تەرمەکان.

یاسر خەمیس، سەرۆکی تیمی وەڵامدانەوەی سەرەتایی لە ئەنجوومەنی مەدەنی ڕەققە دەڵێت: "ئێمە ئامرازی زانستی پێشکەوتوومان نییە. تەرمەکان زیاتر لەڕێی جلوبەرگ و ددانەکانیانەوە دەناسرێنەوە، یان تاڵەمووە. زۆربەیان لەڕێی جلوبەرگ و پرچیانەوە دەناسرێنەوە".

بۆ کەسوکاری قوربانیان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، قوربانییەکان لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە دەبردرێن بۆ گۆڕستان، بەڵام بەلای بەرپرسانی ئیداری ڕەققەوە گرنگ ئەوەیە کە هەر هیچ نەبێ شارەکەیان لە تەرم پاک بکەنەوە.

فاروق جەلال کە کارمەندی هەڵگرتنەوەی تەرمەکانە دەڵێت: "ئێمە تەرمەکان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەردەهێنین، دواتر بەپێی شەریعەتی ئیسلام لە گۆڕستان دەیاننێژین. زۆربەی قوربانییەکان بەر بۆردومان کەوتوون، بۆیە تەرمەکان زۆربەیان سووتاون و ناناسرێنەوە".



زیاتر لە 3000 تەرم لەژێر خانوو و باڵەخانە ڕووخاوەکانی ڕەققەدا ماون (فۆتۆ: AFP)

مزگەوت و کەنیسەکان، هۆتێل و باڵەخانە لەگەڵ 75%ی دامودەزگاکانی حکومەت بەر هێرشی فڕۆکە جەنگییەکان کەوتوون. گەڕەکی حارە ئەلبەدوو و دەوار ئەلنەعیم لە ڕەققە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە، چونکە شوێنی مانەوەی ئەمیر و بەرپرسانی داعش بوون.

قوربانیدان بەردەوامە

تارمایی داعش هێشتا لە شارەکەدا ماوە، ئەویش لە ڕێگەی ئەو هەزاران بۆمبە چێنراوەی لە دوای خۆیان جێیانهێشتووە. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان داعش نزیکەی 7000 بۆمبی لە ڕەققە چاندووە. ئامارەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوانەی پاش کۆنترۆڵکردنەوەی رقە بوونەتە قوربانی، ژمارەیان لەوانە زیاترە کە لە کاتی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققەدا کوژراون. مینە چێنراوەکان بەربەستی گەورەی بەردەم گەڕانەوەی خەڵکە ئاوارەبووەکەی شارەکەیە.

هەڕەشەی مینە چێنراوەکان لەلایەک و بێکاری و کەمیی خزمەتگوزاری لەلایەکی دیکە تەنگیان بە دانیشتووانی شارەکە هەڵچنیوە.

عەلی ڕەحیم کە کرێکارە دەڵێت: "ئاو هەفتانە یەک دوو کاژێر دێت و دەبڕێت. کارەبا نییە. ئەمڕۆ کار نەکەی هیچ ناخۆی. ئەمە تەنیا ڕەوشی من نییە، ڕەوشی هەموو کرێکارەکانە. گەورەترین کێشەی ئێمە پەیداکردنی نانە، نان زۆر گرانە بە 180 لیرەیە، بە خوا زۆر گرانە".

پاش مانگێک لە کۆنترۆڵکردنی شارەکە، ئەنجوومەنی ڕەققە ڕاگەیەنرا. ئەنجوومەنەکە کاروباری ئیداری شارەکە بەڕێوەدەبات. ئەنجوومەنەکە 10 تیمی بۆ هەڵگرتنەوەی مین و شەش تیمیشی بۆ هەڵگرتنەوەی تەرمەکان دروستکردووە.

حەمد حامد، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی مەدەنی ڕەققە بە (ڕووداو)ی گوت "کەسوکارەکانمان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ڕەققە تا سنووری دێرەزور بەدەست کێشەی هاتوچۆوە لە شاری ڕەققەوە بۆ گوندەکانیان یان لە گوندەکانیانەوە بۆ شاری ڕەققە دەناڵێنن ئێستا تیمی نۆژەنکردنەوە کار دەکەن بۆ بونیاتنانەوەی ڕێگەوبانەکان".

بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕەققە بەریتانیا 13 ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە، فەرەنسا و ئەڵمانیا و یەکێتی ئەورووپاش نزیکەی 19 ملیۆن دۆلار، بەڵام ئەو هەوڵانەی بۆ نۆژەنکردنەوی شارەکە دەدرێ لە ئاست ئەو وێرانکارییانەدا نییە کە بەسەریدا هاتووە.

## زاواکەی ئەردۆغان دەکرێتە ئەندامی ئەنجوومەنێکی سەربازی

**ڕووداو – هەولێر**

بەپێی دوایین بڕیارنامەی سەرۆککۆماری تورکیا، سەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا، خرایە ژێر فەرمانی وەزارەتی بەرگری و زاواکەی ئەردۆغانیش بووە ئەندامی ئەنجوومەنێکی سەربازی. ڕۆژی 15-7-2018، لە ڕۆژنامەی فەرمیی تورکیادا، چەند بڕیارنامەیەکی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا بڵاوکرایەوە. یەکەمیان، سەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا بەپێی سیستەمی نوێی سەرۆکایەتیی خرایە ژێر فەرمانیی وەزارەتی بەرگری و بووە بەشێک لە پێکهاتەی ئەم وەزارەتە. دووەم بڕیارنامەی سەرۆککۆماری تورکیا ،گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئەنجوومەنی شورای سەربازیی کرد و هەریەک لە بەرات ئالبایراک، وەزیری گەنجینە و دارایی کە زاوای ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیشە، لەگەڵ وەزیری پەروەردە کردە ئەندامی ئەنجوومەنەکە.



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 513 ) - دووشەممە 2018/7/16

### کێشەی ئاو لە عێراق گروپەکانی حەشدی شەعبی گەورەتر دەکات

# ئاو...
# ئامرازێکی سیاسی بەدەست تورکیاوە



تورکیا کار لەسەر 22 بەنداو و 19 بنکەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

بەنداوەکانی تورکیا لەسەر ڕووباری دیجلە هەلی کار، سەرچاوەی نوێی وزە و گەرەنتییەکی درێژخایەنی سەرچاوەی ئاو بە تورکیا دەبەخشن، بەڵام هەر ئەو پڕۆژانە لە تورکیا و لە عێراقیش مەترسی لەسەر بژێویی خەڵکی ئەو ناوچانە دروست دەکەن کە لە دامێنی ڕووبارەکەدا دەژین. ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکی تایبەتدا تیشک دەخاتە سەر ئەو مەترسییانە.

### تراژیدیای کولتووری

سولەیمان ئاغاڵدای و نەشوە ناسر سەر بە دوو نەوەی جیاوازن، لە دوو وڵاتی جیاواز دەژین و ناوچەکانیان 1100 کیلۆمەتر لە یەکدی دوورە، بەڵام سیاسەتی ئاوی تورکیا لەسەر ڕووباری دیجلە چارەنووسی ئەو دوو کەسە و کۆمەڵگاکانی ئەوانی پێکەوە گرێداوە و هەردووکیان هەڕەشەی ئاوارەبوون و جێهێشتنی ناوچەکەی خۆیان لەسەرە.

سولەیمان، تەمەن 39 ساڵ، خەڵکی شارۆچکەی حەسەن کێڤە لە باکووری کوردستان کە بە شاری نۆ شارستانییەت ناسراوە. حکومەتی تورکیا دەستی بە پڕکردنەوەی بەنداوی ئیلیسو کردووە، بەوەش هەزاران خانوو، باخ و شوێنەوارە هەزاران ساڵەکانی ئەم شارۆچکەیە دەکەونە ژێر ئاو.

بەڵام هەمان ئەو پڕۆژەیەی شارۆچکەکەی سولەیمان نوقمی ژێر ئاو دەکات، ژیانی نەشوە و هەزاران جووتیاری باشووری عێراقی تووشی مەترسییەکی دیکە کردووە، لە کاتێکدا ئەو ناوچانە هەزاران ساڵە پشت بە ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات دەبەستن کە لە ناوچە شاخاوییەکانی تورکیاوە سەرچاوە دەگرن، لەسایەی ئەم پڕۆژەیەوە بەرەوڕووی کارەساتی بێئاوی دەبنەوە.

نەشوە، ئافرەتێکی تەمەن 78 ساڵانی خەڵکی ناوچەی جبایشە لە پارێزگای زیقار، ئەو بیریەتی لە سەردەمی منداڵیدا ئاستی ئاوی ڕووبارەکە ئەوەندە بەرز بوو کە دەیتوانی زۆر بە ئاسانی دەست درێژ بکات و دۆلکەیەک ئاو پڕبکات، بەڵام ئێستا ئاوەکە هەم کەمی کردووە و هەمیش ئەوەندە پیسە کەڵکی بەکارهێنانی نەماوە، بۆیەش بیر لە جێهێشتنی ناوچەکەیان دەکەنەوە.

نەشوە کە ژیانی خۆی و خێزانەکەی لەسەر بەخێوکردنی گامێشە، بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ: "هەموو کەسێک باسی جێهێشتنی ناوچەکە دەکات، بەڵام کوێمان هەیە بۆی بچین؟ ئەوەی دەیزانین تەنیا بەخێوکردنی گامێشە و بەس. ئەگەر کۆچ بکەین بە چی بژین؟ ئێستا چاومان لە لوتفی خوایە، ئاو بۆ ئێمە لوتفی خوا بوو، بەڵام بەردەوام لێی کەم دەبێتەوە".

چالاکڤانان پێیانوایە بەنداوەکانی تورکیا لەسەر ڕووباری دیجلە "تراژیدیای کولتووری" و "ئاکامی جیۆپۆلیتیکی یەکجار گەورە"یان لێدەکەوێتەوە، لەکاتێکدا دەکرێ هەزاران دانیشتووی سەر ڕووبارەکە لە عێراق ئاوارە بکات، پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا ئاڵۆزتر بکات و لێشاوی کۆچبەران بۆ ئەورووپا و وڵاتانی دراوسێشی لێبکەوێتەوە.

ماوەی چەند دەیەیەکە تورکیا کار لەسەر 22 بەنداو و 19 بنکەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات دەکات کە یەکێکیان بەنداوی ئیلیسویە لەسەر ڕووباری دیجلە. بەپێی پلانی حکومەتی تورکیا ئەو بەنداوانە دەبێ تاوەکو کۆتایی ساڵی داهاتوو تەواو ببن. ئەم بەنداوانە لە چوارچێوەی پڕۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵ دروست دەکرێن و بەهۆی ئەو بەنداوانەوە 80%ی بەردانەوەی ئاو بۆ عێراق کەمی کردووە.

### بۆچی دیجلە بۆ عێراق هەستیارە؟

تەنانەت پێش بەردانەوەی ئاو بۆ بەنداوی ئیلیسو، وەزارەتی ئاوی حکومەتی عێراق ڕایگەیاندبوو کە ئاستی ئاوی دیجلە 40٪ لە خوار تێکڕای ئاستی ساڵانەی ڕووبارەکەیە. سەرەتای مانگی حوزەیران ئاستی ئاوی ڕووباری دیجلە لە بەغدا ئەوەندە دابەزیبوو کە خەڵک دەیانتوانی بەناویدا پیاسە بکەن. حکومەتی عێراقیش بڕیاری دا چاندنی برنج و ئەو دانەوێڵانەی ئاوی زۆریان دەوێ سنووردار بکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی بانکی جیهانیش، پلەی گەرمای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە خێراییەکی دوو هێندەی هەموو ناوچەکانی جیهان بەرز دەبێتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش وشکبوونی ڕووبارەکان و فراوانبوونەوەی پانتایی بیابانەکان لە بەری خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

جاسم ئەلئەسەدی، پارێزەری ژینگە لە ڕێکخراوی (سروشتی عێراق) دەڵێت: "لە ساڵی

> **ساڵی 2025 عێراق بەبڕی 33 ملیۆن مەتر سێجا کورتهێنانی ئاوی دەبێ**

2035 دا عێراق 11 ملیار مەتر سێجا ئاو لەکیس دەدات". لەو ساڵەدا عێراق پێویستی بە 71 ملیار مەتر سێجا ئاو دەبێ و کەمبوونەوەی ئاو بە بڕی 11 ملیار مەتر سێجا کاریگەری یەکجار نێگەتیڤ لەسەر دەستەبەرکردنی ئەو بڕە ئاوە دادەنێ. بۆیەش جاسم ئەلئەسەدی پێیوایە: "داهاتووی ئاوی عێراق یەکجار لێڵە". نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق پێشبینی دەکەن لە ساڵی 2025دا عێراق بە بڕی 33 ملیۆن مەتر سێجا کورتهێنانی ئاوی هەبێ.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا، سووریا و تورکیا بەیەکەوە هەشت بەنداویان لەسەر ڕووباری فورات دروستکردووە. بەنداوەکانی سووریا بریتین لە بەنداوی تەبقا کە بە بەنداوی شۆڕش یان بەنداوی فوراتیش ناسراوە و گەورەترین بەنداوی سووریایە، بەنداوی تشرین لە پارێزگای حەلەب و بەنداوی بەعس لە پارێزگای ڕەققە.

تورکیاش پێنج بەنداوی لەسەر ڕووباری فورات دروستکردووە. بەو پێیەی ڕووبارەکە بە باکووری کوردستاندا گوزەر دەکات، بەنداوەکانیش هەر لەو ناوچەیەن. بەنداوەکانی تورکیا لەسەر ڕووباری فورات بریتین لە بەنداوی کەبان لە ئەلەزیگ، بەنداوی کاراکایا لە ئامەد، بەنداوی ئاتاتورک و ئیرەجیک لە ڕوحا و بەنداوی کاراکامیش لە غازی عەنتاب.

ئەو ژمارە زۆرە بەنداوە لەسەر فورات و ئیدارەی خراپی ئاوی ئەو ڕووبارە لە عێراق، حکومەتی بەغدای ناچار کردووە هەوڵەکانی خۆی لەسەر پاراستنی پشکی خۆی لە ئاوی ڕووباری دیجلە چڕ بکاتەوە.

هەرچەند ناڕەزایەتییەکی نێودەوڵەتی گەورە بەرامبەر پڕۆژەی بەنداوەکانی تورکیا لەسەر ڕووباری دیجلە هەیە، بەڵام ڕەخنەگران پێیانوایە سیاسەت و ئیدارەی دواکەوتووی حکومەتی عێراق خۆیشی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەو دۆخە سەختەی تووشی ڕووباری دیجلە بووە. ڕووباری دیجلە ساڵانە 52 ملیار مەتر سێجا ئاوی پێدا تێدەپەڕێ، 40٪ی سەرچاوەکانی ئاوی دیجلە لە ڕووبارەکانی ناو تورکیاوە دێنە ناو ئەو ڕووبارەوە، 9٪ی لە ئێرانەوە دەڕژێتە ناوی و 51٪ی لە عێراق خۆیەوە دابین دەبێ، بۆیەش سیاسەتی هەڵەی ئاوی عێراق هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەو دۆخە ئاڵۆزەی بەسەر ڕووبارەکە هاتووە.

### دیجلە و داهاتووی سیاسی عێراق

دوو مانگ بەسەر هەڵبژاردنە پڕ کێشەکەی عێراقدا تێدەپەڕێ و بەرپرسانی حکومەتی بەغدا تاوەکو ئێستاش خەریکی پێکهێنانی حکومەتێکن کە بتوانێ هاوسەنگی لەنێوان داواکانی ئەمریکا و ئێراندا دروست بکات. ئەم ئاڵۆزییە سیاسییە نێوخۆییە وایکردووە کێشەی ژینگەیی نێوان عێراق و تورکیا ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نەدرێتەوە، لە کاتێکدا ئەو کێشەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ملیۆنان عێراقی داناوە و جووتیارانی دیوی باشووری ڕووباری دیجلە لە عێراق تەنیا نیوەی ساڵانی ڕابردوو بەرهەمیان هەڵگرتووەتەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی باشووری عێراق وەکو خۆبەخش یان چەکدار لە هێزەکانی حەشدی شەعبیدا بوون، بەشێک لەو چەکدارانە ئێستا گەڕاونەتەوە ناوچە گوندییەکانی باشوور کە بە دەست کەمئاوییەوە دەناڵێنن. بەڵام هێشتا بەشێکی زۆر لەو چەکدارانە نەگەڕاونەتەوە و پێیان باشترە لەناو ئەو گروپە میلیشیایانەدا بمێننەوە، گەورەتربوونی میلیشیا شیعەکان مەترسیی گەورە لەسەر هێزە سەربازی و ئەمنییە فەرمییەکانی عێراق دروست دەکات.

حکومەتی بەعس لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا، گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی ڕووبارەکانی وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکانی باشوور ناچار بکات ناوچەکانی خۆیان چۆڵ بکەن. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003، ڕێڕەوە کۆنەکان سەرلەنوێ ئاویان بۆ گەڕایەوە، بەڵام کەمیی باران، شێوازی هەڵەی ئاودێری ڕووبەری زۆنگاوەکانی باشووری لە 15 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەوە بۆ 5000 کیلۆمەتر چوارگۆشە کەم کردووەتەوە.

ئەمەش حوسێن یاسین، موختاری گوندی ئەلخەیر لە پارێزگای میسانی ناچار کردووە هەندێکجار لە کێشەکانی پەیوەندیدار بە ئاودا نێوبژیوانی خەڵکی گوندەکە بکات یان لەگەڵ پیرەکانی گوند باسی ئەگەری گواستنەوەی خەڵک بۆ شار و شارۆچکەکان بکات. موختارەکە لەمبارەوە بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ: "خەڵکی ئێمە زۆر دەترسن. ئەوان نازانن لە شار چۆن بژین". شێخەکانی ناوچەکانی باشووری عێراق نازانن چۆن خەڵکی گوندەکان قایل بکەن بەوەی ڕوو لە شار و شارۆچکەکانی عێراق نەکەن کە بە بنکەی سەرەکی ڕاکێشانی چەکدار بۆ میلیشیاکان ناویان دەرکردووە.

> **بەنداوی ئیلیسو بەربەست بۆ جموجۆڵی گەریلاکانی پەکەکە دروست دەکات**

### بەنداو و دۆزی کورد لە باکووری کوردستان

1100 کیلۆمەتر دوور لە پارێزگاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، کرێکار و ئەندازیارانی بەنداوی ئیلیسو خەریکی تێکدان و تەقاندنەوەی بەردە مێژووییەکانی شارۆچکەی حەسەنکێفن، بەشێک لە مۆنۆمێنتەکانیش بۆ شوێنی بەرزتر گوازراونەتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی پڕبوونی بەنداوەکەدا نەکەونە ژێر ئاو، یەکێک لەوانەش کە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە ئاماژەی بۆ دەکات، مۆنۆمێنتێکی سەدەی 15ی زایینییە.

سولەیمان ئاغاڵدای جاروبار بەدەم تێکردنی چایی و قاوە بۆ گەشتیاران، لە پەنجەرەی چایخانەکەیەوە سەیری حەسەنکێف دەکات، هەندێکجاریش لەو شارۆچکەی "حەسەنکێفی نوێ" دەڕوانێ کە 700 ماڵی لە خۆگرتووە و بۆ نیشتەجێکردنی خەڵکی ناوچەکە دروستکراوە. سولەیمان بە (فاینەنشڵ تایمز)ی گوت: "من هەر لێرە ژیاوم، نەنکم لەو ئەشکەوتەی ئەوێ دەژیا". ئاغاڵدای جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچکات ئامادە نییە لە حەسەنکێفی نوێ بژی، هەرچەند یەکێکە لەو کەسانەی کە مافی داواکردنی ئەو خانووەی هەیە، لەبەر ئەوەی خانووەکەی خۆیان دەکەوێتە ژێر ئاو.

سولەیمان دەمەو ئێواران لەبەردەم چایخانەکەی کە بەسەر حەسەنکێفدا دەڕوانێ، دادەنیشێ و هەوڵدەدا ژیانی خۆی و خێزانەکەی لە حەسەنکێفی نوێ وێنا بکات، بەڵام ناتوانێ.

حکومەتی تورکیا دەڵێت پڕۆژەی بەنداوەکانی ئانادۆڵ نەک هەر دەبێتە هۆی ئەوەی چارەکێک لە وزەی کارەبای ئەو وڵاتە لە ڕێگەی بەنداوەکانەوە دابین بکرێ، بەڵکو بە فراوانکردنەوەی تۆڕەکانی ئاودێری هەزاران هەلی کار لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دروست دەکەن کە بە هەژارترین ناوچەی تورکیا ناسراوە. لەلایەکی دیکەوە بەرپرسانی حکومەتی ئەنقەرە هیواخوازن کەمبوونەوەی هەژاری لەو ناوچانە خەڵک لە هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دووربخاتەوە، بەڵام چالاکڤانە مەدەنییە کوردەکانی ناوچەکە دەڵێن ئەو کاولکارییە ژینگەیی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەی بەهۆی بەنداوی ئیلیسو هاتووەتە ئاراوە ناڕەزایەتی خەڵکی ناوچەکە قووڵتر دەکاتەوە.

بەرپرسانی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) پێیانوایە یەکێک لە ئامانجەکانی دروستکردنی ئەو بەنداوانە لێدانە لە دۆزی سیاسیی کورد. ڕەزوان ئایهان بەرپرسی هەدەپە لە ناوچەکە دەڵێت "ئەوان (حکومەتی تورکیا) دەیانەوێ خەڵک ناچار بکەن ناوچە گوندییەکان جێبهێڵن و ڕوو لە شارەکان بکەن، ئەو خەڵکەی لەڕووی سیاسییەوە چالاکن ناچار دەکرێن ناوچەکە جێبهێڵن".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، تەنانەت میدیاکانی نزیک لە حکومەت، دانیشتووانی ناوچەکە و چالاکڤانان دانیان بەوەدا ناوە کە بەنداوی ئیلیسو دەتوانێ ڕێگە لە جموجۆڵی گەریلاکانی پەکەکە لەو ناوچەیە بگرێ، بۆیەش بەنداوەکە بەشێکە لەو ململانێ مێژووییەی لەنێوان هێزەکانی حکومەتی تورکیا و گەریلاکانی پەکەکەدا هەیە.

### ئاو و سیاسەت

لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئاو لە سامانێکی سروشتییەوە بۆ کاڵا و ئامرازێکی سیاسی گۆڕاوە. گوتاری ئێستای حکومەتی تورکیا لەبارەی ئاو بە بەراورد لەگەڵ گوتاری تورکیا لەسەردەمی سولەیمان دەمیرل، سەرۆکی تورکیا لە نەوەتەکان، نەرمترە. ئەوکات حکومەتی تورکیا دەیگوت وەکو چۆن وڵاتانی خاوەن نەوت مافی ئەوەیان بە خۆیان داوە نەوتی وڵاتەکەیان وەکو ئامرازێکی سیاسی و وەرەقەی گوشار بەکاربهێنن، تورکیاش مافی ئەوەی هەیە ئاو وەکو ئامرازێکی سیاسی بەکاربهێنێ.

حکومەتی ئێستای تورکیا باس لەوە دەکات کە دەیانەوێ دڵنیا بن لەوەی تورکیا پشکی "دادپەروەرانە و مەعقول"ی خۆی لە ئاوی ڕووبارەکانی بەردەکەوێ. حکومەتی عێراق تورکیا بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەیەوێ لە ڕێگەی سەرچاوەکانی ئاوەوە باجی سیاسی دیکە لە عێراق وەربگرێ.

لە کۆبوونەوەیەکی مانگی ئایاری ئەمساڵدا، حکومەتی بەغدا و ئەنقەرە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی پڕکردنەوەی بەنداوی ئیلیسو دوابخرێ، بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی (دەیلی سەباح)ی تورکی، هەردوو لایەن ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بەردەوانەوەی ئاوی دیجلە لە یەکی حوزەیران تاوەکو یەکی تشرینی دووەم بەردەوام بێ و لە ڕۆژی دووی هەمان مانگ جارێکی دیکە کۆببنەوە. مانگی ڕابردوو حەسەن جەنابی، وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، ڕایگەیاند کە بەغدا و ئەنقەرە ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی تورکیا بە ڕێژەی 75% ئاوی ڕووبارەکە بەربداتەوە و پڕکردنەوەی بەنداوی ئیلیسو لە چەند مانگی داهاتوودا قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ بکرێ.

بەڵام هەر هیچ نەبێ بەرپرسانی تورکیا، عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆکن لەسەر ئەوەی بەشێکی سەرەکی لە چارەسەری کێشەی ئاوی عێراق گرێدراوە بە نوێکردنەوەی سیستەم و نەریتی ئاودێریی عێراق، لەوانەش گۆڕینی ئەو جۆرە کەناڵە ئاودێرییانەی لەسەردەمی سومەرییەکانەوە ماونەتەوە و هاندانی جووتیاران بۆ چاندنی ئەو دانەوێڵانەی ئاوی کەمتریان پێویستە.

وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق پڕۆژەیەکی چاکسازیی سیستەم و شێوازی بەکارهێنانی ئاوی ڕادەستی حکومەت کردووە کە پێویستی بە 184 ملیار دۆلارە. ئەمەش لە کاتێکدا حکومەتی عێراق زیاتر لە 100 ملیار دۆلار قەرزدارە، ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش پێویستی بە 100 ملیار دۆلارە و نرخەکانی نەوتیش لەچاو پێنج ساڵ لەمەوبەر یەکجار کەمن. بۆیە جەنابی بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ: "پێویستە خۆمان بگونجێنین، بەڵام خۆگونجاندن پارەی دەوێ و ئێستا پارە بەردەست نییە".

سولەیمان بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکات کە دەبێ شارۆچکەکەی خۆیان جێبهێڵێ و هەندێکجار لەناو ئەو هەموو نیگەرانییەدا خەیاڵی بۆ ئەوە دەچێ کە بڵێی ئەشکەوتەکەی نەنکیشی ژێر ئاو بکەوێ؟ نەشوە و زڕکوڕەکەی بیر لەوە دەکەنەوە ڕوو لە زۆنگاوەکانی ئێران بکەن، چونکە زۆنگاوەکانی عێراق بەردەوام وشک دەبن و جگە لە خوێیەکی زۆر هیچیان لێ نامێنێ. ئەحمەدی زڕکوڕی دەڵێ "ئێمە ناتوانین لە شار بژین. زۆنگاوەکان ژیانی ئێمەن".

> **لە ساڵی 2035 دا عێراق 11 ملیار مەتر سێجا ئاو لەکیس دەدات**
>
> پارێزەرێکی ژینگە

> **ئاو بۆ ئێمە لوتفی خوا بوو، بەڵام ئێستا بەردەوام کەم دەبێتەوە**
>
> ژنێکی دانیشتووی زۆنگاوەکان

### ئیبراهیم گاباری، بیرەوەرییەکانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە:

# حافز ئەسەد ئامادەبوو بێ هیچ مەرجێک هاوکاریی مەلا مستەفا بکات



ئیبراهیم گاباری، یەکێک بووە لە کەسایەتییە دیارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە نێو شۆڕشی ئەیلوولدا. بە کەسێکی نزیک لە مەلا مستەفا و مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی ناسرابوو. لە بەشی دووەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ بەرنامەی پەنجەمۆری تەلەڤزیۆنی (ڕووداو)، گاباری بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆی لە شۆڕشی ئەیلوولدا دەگێڕێتەوە. بە تایبەتی نسکۆی شۆڕش و دانوستاندنی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ حافز ئەسەد، سەرۆکی پێشووی سووریا.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو – هەولێر**

> مام جەلال لە سووریا دەیتوانی بە تەلەفۆنێک خەڵک لەبەر پەتی سێدارە دەربێنێ

> سەعید ئاڵچی لەلایەن دکتۆر شڤانەوە کوژرا

> مەحموود عوسمان زانیاری لەسەر من و کاک مەسعود دابووە ئێرانییەکان

> مەلا مستەفا گوتی من دکتۆرات دەدەمێ

> لەگەڵ کاک مەسعود لە فڕۆکەخانەی تاران دەستگیرکراین

> مام جەلال گوتی بە مەلا مستەفا بڵێ کاغەزی سپی بۆ واژۆ دەکەم

> بە پێنج پاسپۆرتی تەزویر سەفەرم دەکرد

**بەشی دووەم**

**ڕووداو: باست لە هەوڵی موخابەراتی عێراق کرد کە تۆیان ڕاسپاردبوو مەلا مستەفا بارزانی تیرۆر بکەی، تۆش هەوڵەکەت ئاشکرا کرد، حکومەتی عێراق داوای لیژنەی لێکۆڵینەوەی کرد، ئەنجامەکەی چی بوو؟**

**ئیبراهیم گاباری:** لیژنەکەی حکومەتی عێراق هاتن بۆ گەلاڵە، هەموو بەڵگەکانیان خرایە بەردەست، عەبدولخالق سامەڕایی کە سەرۆکی لیژنەکەی عێراق بوو، بە مەلا مستەفای گوت: قەت لەو باوەڕەدا نەبووم سەعدون غێدان و نازم گزار هێندە کەر بن، هەروەها گوتی: من نزار گزارم هێنایە ریزەکانی حیزب، کەچی ئیبراهیم لە من باشتر دەیناسێ.

**ڕووداو: دوای ئەو ڕووداوە تۆ زیاتر لە سەرکردایەتی شۆڕش نزیک بوویتەوە؟**

**ئیبراهیم گاباری:** ماوەیەک لەلای مەلا مستەفا مامەوە، پاشان داوام لێکرد ڕێگەم بدات بچمە ئەورووپا. ئەویش گوتی کوڕم بۆچی دەچی بۆ ئەورووپا؟ گوتم حەز دەکەم دکتۆرا بخوێنم. ئەویش گوتی من دکتۆرات دەدەمێ. بچیتە هەر شوێنێک بەعسییەکان دەتکوژن، بۆیە قبوڵ ناکەم بڕۆی.

**ڕووداو: کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە زۆر نزیکبوون لە مەلا مستەفا کێ بوون؟**

**ئیبراهیم گاباری:** لە باکوور دەروێش سەعدۆ هەبوو، زۆر نزیک بوو لە مەلا مستەفا. دەهام میرۆ کە لە پارتی دیموکراتی سووریا بوو، کاک حەمید دەروێش، بەڵام دواتر بووە دژی شۆڕش.

ڕووداو: چ شایەتییەک لەسەر حەبیب کەریم دەدەی؟

ئیبراهیم گاباری: حەبیب کەریم سیاسەتڤانێکی عاقڵ بوو. بەڵام هەڵەی هەبوو. دوای ئەوەی شۆڕش تێکچوو، ئێمە چووین بۆ ئێران. حەبیب کەریم وەفای بۆ شۆڕش نەبوو.

**ڕووداو: ئەی مەحموود عوسمان و سامی عەبدولڕەحمان؟**

**ئیبراهیم گاباری:** مەحموود عوسمان لەلای مەلا مستەفا کەسی یەکەم بوو، ئەویش بێ وەفا بوو. سامی عەبدولڕەحمان ئینشیقاقی کرد. شەکیب عەقراوی، بەرپرسی پێشووی پاراستن، هەندێک نهێنی ئاشکرا کردن و کتێبی نووسی، ئەوەش شتێکی زۆر خراپ بوو بۆ شەکیب. کەس لەگەڵ مەلا مستەفا نەما، تەنیا ئەوانەی خوێنی بارزانیان تێدابوو.

**ڕووداو: تۆ بۆ خۆت کێشەت هەبوو لەگەڵ شەکیب عەقراوی؟**

**ئیبراهیم گاباری:** وەکو پێشتر باسم کرد من بە ئاگاداریی مەلا مستەفا، پەیوەندیم لەگەڵ دەزگای موخابەراتی عێراق هەبوو. شەکیب عەقراوی ئاگاداری ئەو بابەتە نەبوو. کاک مەسعود پێیگوتبووم ئەو بابەتە لەلای کەس باس نەکەی. کاتێک بابەتەکە ئاشکرا بوو، خەڵک بە شەکیبی دەگوت چۆن تۆ بەرپرسی پاراستنی، ئاگاداری موئامەرەیەکی وا گەورە نەبووی. ئەمەش وا لێکدانەوەی بۆ دەکرا کە شەکیب جێی متمانە نەبووە. دوای ئەوەی پلانی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا ئاشکرابوو، من لە ماڵی بارزانی نزیک بوومەوە، شەکیب دوو سێ موئامەرەی لە دژی من کرد.

**ڕووداو: باسی کۆبوونەوەیەک دەکەن لە ماڵی جەرجیس فەتحوڵڵا، مامۆستا برایم ئەحمەد لەوێ دەبێ، تۆش لەو کۆبوونەوەیە بەشدار دەبی. لەو کۆبوونەوەیە باسی چی کرا؟**

**ئیبراهیم گاباری:** ئەو بابەتە دوور و قووڵە، برایم ئەحمەد لە چۆمان بوو. بۆ ئەوەی قسەیەکی هەڵە نەکات، جەرجیس یەکسەر منی پێناساند و گوتی ئەوە ئیبراهیم گابارییە و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە. ئەو بوو کە موئامەرەکەی سەر مەلا مستەفای ئاشکرا کرد. ئەو ئەندامی دەزگای پاراستنە. برایم ئەحمەدیش منی ماچ کرد و گوتی زۆر کەیفم بە تۆ دێت. برایم ئەحمەد شتێکی گرنگی باسکرد و گوتی ئێمە دژی پارتی بووین، ئینشیقاقمان کرد و چووینە پاڵ حکومەت. لە بەغدا حکومەت بووین، هەر شتێکمان بە حکومەت بگوتبایە نەیدەگوت نا. پێش بەیاننامەی 11ی ئادار کە نەخۆش بووم حکومەت ناردمی بۆ لەندەن. پێنج شەش وەزیر و بەرپرسی باڵای بەعس لەگەڵم هاتن بۆ فڕۆکەخانە. من لە لەندەم بووم کە بەیاننامەی 11ی ئادار دەرچوو، بەڵام کە گەڕامەوە تەنیا ژن و منداڵەکانم لە پێشوازیمدا بوون. واتە ئێمەیان لەبیر کرد. هەر برایم ئەحمەد باسی لەوە کرد کە لەگەڵ بەعسییەکان دانیشتوون کەچی سەعدوون غێدان پێیگوتوون: جگە لە مەلا مستەفا کەس بۆی نییە باسی قەزیەی کوردی بکات. ئێمە پەیوەندیمان تەنیا لەگەڵ مەلا مستەفا هەیە. بە کوردییەکەی گوتی ئێمە خیانەتمان کرد کە ئینشقاقمان کرد و دەستمان لەگەڵ بەعسییەکان تێکەڵ کرد.

**ڕووداو: باسی سەیدا ساڵح یوسفیمان بۆ بکە، تۆ لە نزیکەوە دەتناسی؟**

**ئیبراهیم گاباری:** ساڵح یوسفی کەسێکی زۆر نیشتیمانپەروەر بوو، زۆر ڕێکوپێک و دڵسۆز بوو، ڕۆشنبیریش بوو. کاتێک ساڵی 1974 کە بڕیارماندا شەڕ بکەین، ئەو لەگەڵ شەڕ نەبوو دەیگوت دەبێ دەرچەیەک بدۆزینەوە و شەڕ نەکەین. سەرکردایەتیی کورد گوتی نەخێر پێویستە شەڕ بکەین. ساڵی 1975 کە ڕێککەوتننامەی جەزائیر کرا، ئێمە بڕیارماندا شەڕ نەکەین و بچینە ئێران، ئەوکات ساڵح یوسفی گوتی نەخێر پێویستە شەڕ بکەین. سەرکردایەتیش گوتی نەخێر. ئیدی گوتی: من کاتێک دەڵێم با شەڕ نەکەین، شەڕ دەکەن، کە دەڵێم با شەڕ بکەین، ئێوە دەڵێن نا. ئیدی من دەڕۆم.

ڕووداو: چی لەبارەی کوشتنی دکتۆر شڤان و سەعید ئاڵچی دەزانی؟

ئیبراهیم گاباری: سەعید ئاڵچی و دەروێش سەعدۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ مەلا مستەفا هەبوو. دکتۆر شڤانیش چەپ بوو. ئەو لەلایەن تورکیاوە داواکراو بوو، پەنای بۆ کوردستان هێنابوو. ئەسعەد خۆشەوی ڕەحمەتی و عیسا سوار زۆر ڕێزیان گرتن، پێشمەرگەیان دانێ و مەشقیان پێکردن. سەعید ئاڵچی لە تورکیاوە هاتبوو بۆ کوردستان. پێشمەرگەکانی شڤانیش زانیبوویان ئەوە سەعید ئاڵچییە، خەبەریان بۆ شڤان ناردبوو کە سەعید ئاڵچی هاتووە، گوتبووی بە کەس مەڵێن، بیهێنن بۆ لای من. ئیدی بردبوویە لایەک و کوشتبووی. دوای ماوەیەک هەواڵ بڵاوبووەوە کە سەعید ئاڵچی هاتووە، بەڵام کەس نەیبینیوە، ئیدی لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد. شایەت هەبوو، دادگا هەبوو، دکتۆر شڤان ئیعترافی کرد کە ئەو سەعید ئاڵچی کوشتووە.

**ڕووداو: بەڵام هەندێک کەس مەلا مستەفا و پارتی بە کوشتنی سەعید ئاڵچی تاوانبار دەکەن؟**

**ئیبراهیم گاباری:** سەعید ئاڵچی برادەری مەلا مستەفا بوو، پشتگیری شۆڕشی دەکرد. لەڕووی لۆژیکەوە ئەگەر پارتیش بیکوشتبا، مەعقول نەبوو لە کوردستان بیکوژێ، لە شوێنێکی دیکە دەیکوشت. بەڵگە هەیە کە شڤان کوشتوویەتی.

**ڕووداو: پەیوەندییەکانی نێوان شۆڕش و حکومەت خراپتر دەبوو، لە ساڵی 1974 جارێکی دیکە شەڕی چەکداری دەستپێکردەوە، تۆ ئەو کاتە لە کوێ بووی، چیت دەکرد؟**

**ئیبراهیم گاباری:** من هەر لە مەکتەبی سەرۆک بووم. کە حکومەت بەهێز بوو، پەلاماری کوردی دا و پشتی لە هەموو ڕێککەوتن و بەڵگەنامەکان کرد. دواییانجار کاک ئیدریس گوتی دەچمە لای حکومەتی عێراق، بزانم هیچ ئومێدێک هەیە کە ئێمە شەڕ نەکەین. چوو بۆ بەغدا شەوێک لەوێ مایەوە. کە گەڕایەوە گوتی حکومەت پابەند نییە بە ڕێککەوتنی 11ی ئادار و جێبەجێشی ناکات. پێویستە شەڕ بکەین. شەڕ دەستپێکرد، ئێران زۆر باش هاوکاری کردین، چەکی زۆر باشی پێداین، بە تایبەتی چەکی دژە فڕۆکە، سوودی زۆریشمان لێ وەرگرت. هەتا ڕێککەوتننامەی جەزائیر وەزعمان زۆر باش بوو، پێشمەرگە وەرەی بەرز بوو. دەمەوێ ئاماژە بە شتێک بدەم، وەفدێکی سەرکردایەتی ئێمە چووبوو بۆ میسر لەوێ ئەنوەر ساداتیان دیتبوو، پێیانگوتبوو کورد و عەرەب برای یەکن، ئێمە حەز ناکەین شەڕ بکەین، ئێوە گوشار بخەنە سەر سەدام حوکمی زاتیمان بداتێ. ساداتیش ئەو هەواڵەی دایە شای ئێران کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەبوو. کە شا گوێی لەو قسەیە بوو، پشتی لە ئێمە کرد، چونکە ئەو ئامانجی خۆی هەبوو بۆ مەسەلەی دەستکاریی سنوور و دەیویست کەنداوی عەرەبی بکاتە کەنداوی فارس.

**ڕووداو: تۆ دەگەڕێیتەوە سووریا، پەیامێکی بارزانی دەبەی بۆ حافز ئەسەدی سەرۆکی پێشووی سووریا، ئەو پەیامە چی بوو؟**

**ئیبراهیم گاباری:** دوای نسکۆی شۆڕش ئێمە لە ئێران بووین. لە نەغەدە مەلا مستەفام بینی، گوتی دەمەوێ سوودێک لە خیلافاتی نێوان سووریا و عێراق وەربگرین، چونکە ئەگەر ئێمە نەمێنین، ئەوە عێراق لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە بەهێز دەبێ، بەعسی سووریش حەز بەوە ناکات و بەدوای بەدیلێکدا دەگەڕێن. دەکرێ ئێمە ببینە ئەو بەدیلە. کورتەی پەیامەکەی بارزانی ئەوە بوو کە پێیانبڵێم ئامادەن پێشوازی لە وەفدێکی ئێمە بکەن، دانوستاندن لە پێناو بەرژەوەندی هەردوولا بکەین؟

**ڕووداو: تۆ لە کوێوە چوویت و چۆن حافز ئەسەدت بینی؟**

**ئیبراهیم گاباری:** من لە نەغەدەوە چووم بۆ تورکیا و لەوێشەوە چووم بۆ قامشلۆ. من پاسپۆرتی تورکیام هەبوو، دەروێش سەعدۆ پاسپۆرتی ساختەی تورکی بۆ من و کاک مەسعود و ڕەحمەتی سابیر و زۆر کەسی دیکە دروستکردبوو. من چووم بۆ لای ئەمنی سیاسیی حیزبی بەعسی سووری و گوتم دەخوازم سەرۆکی ئەمنی سیاسی ببینم. گوتیان تۆ کێی؟ گوتم ناوم ئیبراهیم گابارییە و لە کوردستانەوە هاتووم. گوتیان کوردستان! ئەوان زانیارییان هەبوو کە من لە سووریا هەڵاتووم. لە پرسگە گوتیان ئیبراهیم گاباری تۆی، ئەوەی چووەتە لای مەلا مستەفا؟ گوتم: بەڵێ. پێنج خولەکی نەبرد، بەڕێوەبەری موخابەرات هات. سڵاوی کرد و فەرمووی لێکردم. گوتی: تۆ سووریت؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: فەرموو چ کارێکت هەیە؟ منیش گوتم: پەیامی مەلا مستەفام هێناوە بۆ دانوستاندن، ئێوە ئامادەن دانوستاندن لەگەڵ ئێمە بکەن؟ ئەویش گوتی: کاتم بدەرێ دواتر وەڵامت دەدەمەوە. من چوومەوە ماڵەکەی خۆم لە قامشلۆ، سەعات چواری بەیانی دوو ئۆتۆمبێل هاتن و گوتیان خۆت بگۆڕە دەچین بۆ شام. گوتم ناچم بۆ شام. گوتیان: حافز ئەسەد گوتوویەتی بە ئیبراهیم بڵێن یەکسەر بێت بۆ شام. چووم بۆ شام.

**ڕووداو: کە حافز ئەسەدت بینی، باسی چیتان کرد؟**

**ئیبراهیم گاباری:** کە بینیم گوتی حەز دەکەم زۆر پرسیارت لێبکەم. لێی پرسیم: تۆ سەربازی؟ گوتم نەخێر. گوتی دە باشە پرسیاری سیاسیت لێدەکەم. ئەگەر پرسیاری سەربازیشم لێکردی وەڵامەکەت زانی باشە. گوتی: پێشمەرگە لە کوێیە، چ جۆرە چەکێکی هەیە؟ ژیانیان چۆنە؟ منیش وەڵامم دایەوە و گوتم بە نانی وشکە شەڕ دەکەین.

**ڕووداو: کە پەیامی بارزانیت پێگەیاند، حافز ئەسەد چی گوت؟**

**ئیبراهیم گاباری:** پێیگوتم بە مەلا مستەفا بڵێ ئێمە لە دوایین کۆنگرەی حیزبی بەعسدا پشتگیری حوکمی زاتیمان بۆ کورد کردووە. ئێمە زۆر بەڕێزەوە سەیری مەلا مستەفا دەکەین و بەلای ئێمەوە کەسێکی نیشتیمانپەروەرە. ئێمە ئامادەین بەبێ هیچ قەید و مەرجێک هاوکاری مەلا مستەفا بکەین، لەبەر ئەوەی باوەڕمان بە مەلا مستەفا هەیە. سڵاوی منی پێ بگەیەنە و بڵێ ئەگەر بێت بۆ شام، ئێمە پێشوازی لێدەکەین.

**ڕووداو: دواتر تۆ پەیامەکەت گەیاندەوە مەلا مستەفا؟**

**ئیبراهیم گاباری:** بەڵێ. مەلا مستەفا گوتی: زۆر باشە، مادام وایە تۆ بڕۆوە بۆ شام، ئێمەش وەفدێک دەنێرین. جەنابی کاک مەسعود گوتی من و تۆ دەچین، بەڵام هەردووکمان لە فڕۆکەخانەی تاران دەستگیرکراین.

**ڕووداو: بۆچی گیران؟**

**ئیبراهیم گاباری:** من لە ماڵی کاک مەسعود بووم لە کەرەج، چاوەڕێمان دەکرد بە پاسپۆرتی تورکی سەفەر بکەین بۆ شام. دواتر دەرکەوت ئێمە لە ژێر چاودێریی حکومەتی ئێراندابین، د.مەحموود عوسمان ئاگاداری بابەتی سەفەرەکەی ئێمە بوو، هەموو زانیارییەکانی بە ئێرانییەکان دابوو. بۆیە کە چووین بۆ فڕۆکەخانە یەکسەر دەستگیریان کردین.

**ڕووداو: چەند ڕۆژ لە زیندان مانەوە؟**

**ئیبراهیم گاباری:** من 11 ڕۆژ مامەوە، کاک مەسعودیش هەفتەیەک. جەنابی مەلا مستەفا پەیوەندی با شای ئێرانەوە کرد، ئینجا منیان بەردا. من لە ژووری تاکەکەسیدا بەند بووم، ئەشکەنجەیەکی زۆریان دام.

ڕووداو: تۆ هیچ ڕۆڵت هەبوو لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان پارتی و حکومەتی سووریا؟ چونکە وابزانم کاک مەسعود ساڵی 1976 سەردانی سووریای کردبوو.

ئیبراهیم گاباری: کە مەلا مستەفا نەخۆش بوو، جەنابی کاک مەسعود لەگەڵی چوو بۆ لەندەن، پاشان مەلا مستەفا چوو بۆ ئەمریکا، ئەویش لە لەندەن مایەوە. منیش چووم بۆ لەندەن، بەڵام لە فڕۆکەخانە دەستگیرکرام، چونکە پاسپۆرتەکەم تەزویر بوو. دواتر کاک مەسعود هات بۆ شام، بەرپرسانی قیادەی قوتری حیزبی بەعس پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد. بەڵام پێش ئەوە مام جەلال و عەلی شنگالی لە شام بوون، من ئەوانم بینی، پێمگوتن حافز ئەسەدم بینیوە و خەریکی دانوستاندنین، پێیان سەیر بوو، چۆن حافز ئەسەدم بینیوە، حەزیان دەکرد بزانن یارییەکە چۆنە. جەلال تاڵەبانی پەیوەندی پێوەکردم و گوتی حەز دەکەم بتبینم. لە کافتریای ڕەسیف یەکدیمان بینی. کاغەزێکی دامێ و گوتی بیدە بە کاک مەسعود، نەقدی لە کاک ئیدریس گرتبوو، دەیویست خیلافێک لە نێوان کاک مەسعود و کاک ئیدریس دروست بکات. جەلال تاڵەبانی هەروەها پێیگوتم سڵاوی تایبەتی من بە مەلا مستەفا بگەیەنە و پێی بڵێ کاغەزی سپی بۆ واژۆ دەکەم، چ مەرجێکی هەیە با بۆم بنووسێ. من هیچ کێشەیەکم لەگەڵی نییە و پێویستە ئێمە سوود لە یەکدی وەربگرین. مام جەلال پەیوەندی لەگەڵ هەندێک کوردی سووریا دروستکردبوو، بەشێکیان پشتگیرییان دەکرد، مەکتەبێکی لە قامشلۆ هەبوو، بەڵام زۆر حەساسیەتی بە من هەبوو، چونکە دەیزانی من بەناوی مەلا مستەفاوە قسە بۆ کوردی سووریا دەکەم و مەلا مستەفاش پشتگیریم دەکات. ئەوەش کاریگەری لەسەر ئەو دەبوو.

**ڕووداو: نامەکەی مام جەلالت گەیاندە کاک مەسعود و پەیامەکەشت بە مەلا مستەفا گەیاند؟**

**ئیبراهیم گاباری:** بەڵێ. کاک مەسعود گوتی حەز ناکەین لەگەڵ مام جەلال ئینشیقاق بکەین، ئێمە پێویستمان بە یەکدییە. من کە لە شام بووم بەیاننامەیەکم لەسەر ناوی خۆم نووسی و باسی ئەوەم کردبوو کێ ئامادەیە با شەڕ بکات، جەلال تاڵەبانی شەڕ ناکات، مام جەلال شێت بوو، چونکە وایدەزانی ئەوە قسەی کاک مەسعودە من بەناوی خۆم بڵاوم کردووەتەوە. بە مام جەلالم گوت فەرموو تۆ شەڕ بکە، تۆ ناتوانی عەتفی بەعسی سووریا بۆ خۆت رابکێشی، ئێمە نەبین بەعسی سووری یارمەتی کورد نادات. پێش ئەوەی بەیاننامەکەش بڵاوبکەمەوە پێشانی کاک مەسعودم دا، ئەویش خوێندییەوە و پێکەنی و گوتی: ئیبراهیم خۆ تۆ پرست بە من نەکردووە.

**ڕووداو: تۆ مام جەلال تۆمەتبار دەکەی بەوەی دەستی لە گرتنی تۆدا هەبووە، بەڵگەت چییە؟**

**ئیبراهیم گاباری:** زۆربەی قیادە قوترییەکانی حیزبی بەعسی عێراق کە هەڵاتبوون و چووبوونە سووریا، برادەری مام جەلال و عەلی شنگالی بوون. پەیوەندی زۆر باشیان هەبوو. شتەکە زۆر ئاشکرا بوو. کە حکومەتی سووریا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکردم، دەیگوت تۆ چۆن دوژمنی جەلال تاڵەبانی! جەلال تاڵەبانی دەیتوانی بە تەلەفۆنێک من لە زیندان دەربهێنێ. دەیتوانی بە تەلەفۆنێک خەڵک لەبەر پەتی سێدارە دەربهێنێ. کاک مەسعود پێیگوتم دوو جار من و ئازاد بەرواری و ڕەحمەتی کاک ئیدریس، چووینە لای حافز ئەسەد و پێمانگوت کاکە ئیبراهیم هی ئێمەیە و ئازادی بکەن.

**ڕووداو: تۆ بە پێنج پاسپۆرتی تەزویر سەفەرت دەکرد، ئەمە چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم گاباری:** ئەوکات وەکو ئێستا ئامێری پێشکەوتوو نەبوو، لە بەیروت دەتتوانی 20 پاسپۆرتی تەزویر دروست بکەی، لە حەلەبیش هەر وابوو. کارەکە زۆر ئاسان بوو، من بە دەستی خۆم پاسپۆرتم دروستکردووە. پاسپۆرتێکم بۆ سابیری مەلا مستەفا دروستکرد، لەگەڵ د.پشتیوان چوو بۆ لەندەن. ئێمە دەورەمان لەسەر دروستکردنی پاسپۆرتی تەزویر بینیبوو.

**ڕووداو: قسە هەیە دەڵێن ئیبراهیم گاباری لەگەڵ ساواکیش پەیوەندی هەبووە؟**

**ئیبراهیم گاباری:** ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵ ساواک هەبووایە، دەستگیری نەدەکردم. ئەگەر مەلا مستەفا نەبووایە لەسێدارەیان دەدام. لە نێو خۆماندا جەماعەتی ساواک هەبوون و ئێستاش لە ژیاندا ماون، ئێران کاری بەسەریانەوە نەبوو.

**ڕووداو: دەتوانی ناوی ئەوانە بڵێی؟**

**ئیبراهیم گاباری:** بەڵێ دەتوانم، یەک لەوانەی ئاشکرا بوو کاک حەمەعەزیز بوو، سکرتێری ڕەحمەتی کاک ئیدریس. جێی متمانەی کاک ئیدریس بوو.



## لە سلێمانی جۆرە ماتۆڕسکیلێک قەدەخەدەکرێ

**ڕووداو- سلێمانی**

بە بڕیاری قائیمقامیەتی سلێمانی جۆرە ماتۆڕسکیلێک قەدەخەدەکرێت، دەستبەسەرهەموو ئەو ماتۆڕسکیلانەشدا دەگیرێت کە مۆڵەتیان نییە. ئاوات محەممەد، قائیمقامی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەسەر ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ هەر ماتۆڕسکیلێک قەبارەی مەکینەکەی لە 125 سیسی کەمتربێت، هاتوچۆکردنی قەدەخەدەکرێت. گوتیشی "لەوکاتەوەی ئەو بڕیارە هەیە، ژمارەیەکی زۆر لەو جۆرە ماتۆڕسکیلانە دەستیانبەسەرداگیراوە". قائیمقامی سلێمانی ئەوەشی خستەڕوو، جگە لەوانە هەموو ئەو ماتۆڕسکیلانەش کە مۆڵەتیان نییە و بێ سەرەتان دەستیانبەسەرداگیرێت. گوتیشی "لە ماوەی ڕابردوودا دەستگیراوە بەسەر ژمارەیەکی زۆر ماتۆڕسکیلی بێ مۆڵەت و بێ سەرەتادا، هەڵمەتەکانیش لەو بارەیەوە بەردەوامدەبن".

## بەرهەمی سەوزە 46% زیادی کردووە

# لەماوەی 4 ساڵدا 10 هەزار خانووی پلاستیکی لە کوردستان دامەزراون



بیرۆکەی پرۆژەی چاندن لە ژێر خانووی پلاستیکیدا لە ئیسپانیا گواستراوەتەوە بۆ کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت، بەهۆی قەیرانی دارایی و لاوازبوونی چالاکیی سێکتەرەکانی دیکە، خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە کشتوکاڵ کردووە، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووشدا نزیکەی 10 هەزار خانووی پلاستێکی لە هەرێمی کوردستان دامەزراون و بەو هۆیەشەوە بەرهەمی سەوزە 46% زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵی ڕابردوو یەک ملیۆن و 405 هەزار و 656 تۆن سەوزە بەکاربراوە کە 901 هەزار و 157 تۆنی خۆماڵی بووە، واتە 64%. بەڵام لەساڵی 2013 بڕی سەوزەی بەکاربراو 974 هەزار و 132 تۆن بووە کە 481 هەزار و 388 تۆنی خۆماڵی بووە و دەکاتە نزیکەی 49%ی بڕی بەکاربراو.

بەپێی ئەو داتایە، لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی سەوزەی خۆماڵی 46.6% زیاد بووە. بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ هۆکاری ئەو زیادبوونە دەگەڕێننەوە بۆ خانووە پلاستیکییەکان.

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری پرۆژەی خانووی پلاستیکی لە وەزارەتی کشتوکاڵ، دەڵێت :"چاندنی سەوزە لەژێر خانووی پلاستیکیدا زۆر سەرکەوتووە، تاکە ڕێگەشە بۆ گەشەپێدان و زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی تا ئاستی پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ و تەنانەت هەناردەکردنیش".

بیرۆکەی پرۆژەی چاندن لەژێر خانووی پلاستیکی لە کوردستان، دوای سەردانی تیمێکی حەوت کەسی پسپۆڕی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ شاری مۆرسیای ئیسپانیا هات، بیرۆکەکە لە ساڵی 2007 پەسەند کرا. پرۆژەکەش سەرەتا بە چاندنی خەیار و تەماتە لەژێر هەشت خانووی پلاستیکی دەستپێکرد.

دوای سەرکەوتنی پرۆژەکە، لە نێوان ساڵانی 2008-2011 وەزارەتی کشتوکاڵ 1600 خانووی پلاستیکی بەسەر جووتیاراندا دابەش کرد، بەجۆرێک لە دوو ساڵی یەکەمدا بۆ جێگیرکردنی سیستەمەکە، وەزارەتی کشتوکاڵ بێ بەرامبەر خانووەکانی دەدایە جووتیاران. لە دوو ساڵی دووەمیشدا بۆ هاندان بە پاڵپشتی 75%ی نرخەکەی، خانووەکانیان دەدایە جووتیاران.

دوای دەرکەوتنی سوودە ئابوورییەکانی چاندنی سەوزە لە ژێر خانووی پلاستیکی، ژمارەی خانووە پلاستیکییەکان زیادی کرد، بەجۆرێک لە ساڵی 2008 تەنیا 1.310 خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان هەبوون، بەڵام ئێستا 17 هەزار و 108 خانوون.

کەمال محەممەد دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی دارایی و لاوازبوونی چالاکی لە زۆربەی سێکتەرەکانی دیکە، خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە کشتوکاڵ کردووە، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 10 هەزار خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان دامەزراون".

کەمال نموونە بەزیادبوونی بەروبوومی سەوزە لە ساڵی ڕابردوو دەهێنێتەوە و دەڵێت: "بۆ نموونە بەرهەمی خەیار لە61 هەزار تۆنەوە بۆ 100 هەزار زیاد بووە. باینجان لە 23.5 هەزار تۆنەوە بۆ 48.8 هەزار تۆن، کولەکە لە 15.6 هەزار تۆنەوە بۆ 24.9 هەزار تۆن ، قەڕنابیت لە 5.7 هەزار تۆنەوە بۆ 19.2 هەزار تۆن زیاد بووە".

ئەو خانووە پلاستیکیانەی لە هەرێمی کوردستان هەن، 12.467یان لە سنووری پارێزگای سلێمانین کە زۆربەیان دەکەونە ناوچەی بازیان.

بارام کەمال، جووتیارێکی پارێزگای سلێمانییە، ساڵی 2008 لەڕێگەی قەرزی کشتوکاڵەوە 16 خانووی پلاستیکی کڕی، ئێستا خاوەنی 300 خانووی پلاستیکییە لە بازیان. ئەو دەڵێت: "بەرهەممان باشە، بۆیە هیچ پاڵپشتییەکمان لە حکومەت و وەزارەتی کشتوکاڵ ناوێت، تەنیا تاکە داواکاریمان ئەوەیە لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی خۆماڵی، بەرهەمی هاوردە قەدەغە بکات".

بارام لەژێر خانووە پلاستیکییەکانی خەیار و تەماتە و باینجان و بیبەری چاندووە و لە وەرزی زستانیش، قەڕنابیت و کاهوو و کەرەوز و تەڕەتیزە و کەوەر دەچێنێ، ئەو دەڵێت :"پرۆژەکەی ئێمە جگە لەوەی بووەتە هۆی دابینکردنی بەرهەم بۆ وڵات و ڕێگری دەکات لە چوونە دەرەوەی پارە، لەهەمانکاتیشدا بووەتە هۆی دابینکردنی بژێویی ژیان بۆ 18 خێزان کە لەو خانووانەدا کار دەکەن".

دوای زیادبوونی ژمارەی خانووە پلاستیکییەکان، جووتیارانی پارێزگای سلێمانی بۆ ئاڵوگۆڕی ڕێنمایی و گەشەپێدانی بەرهەم و داکۆکیکردن لە مافەکانیان، لە ساڵی 2011 کۆمەڵەیەکیان دامەزراند کە ئێستا 850 ئەندامی هەیە.

دکتۆر هەورامان محەممەد نوری، سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکی دەڵێت: " لە ساڵی 2010 تاوەکو 2013 بەهۆی دابەزینی نرخ و گرفتی بەبازاڕکردن، دامەزراندنی خانووی پلاستیکی کەمێک سست بوو، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە و بێکاری، خەڵکێکی زۆر گەڕاونەتەوە بۆ کشتوکاڵ. لە چوار ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 10 هەزار خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان دامەزراون و بەردەوامیش ژمارەیان لەزیادبووندایە".

هەرچەندە کەشی نێو خانووی پلاستیکی لە چوار وەرزی ساڵدا بۆ کشتوکاڵ گونجاوە، بەڵام جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەمانگی نیسان تاوەکو تشرینی دووەم بەشی زۆری خانووەکانیان 90%ی بەخەیار دەچێنن، لەوەرزی زستانیش زیاتر برۆکلی، جەرجیر، کەرەوز، تەرەتیزە، سپێناخ و سلق دەچێنن..

دکتۆر هەورامان دەڵێت :"ئەگەر بازاڕ هەبێت و بەرهەم پارە بکات، جووتیاران دەتوانن چوار وەرزەی ساڵ هەموو بەرهەمەکانی سەوزە لەژێر خانووەکان بچێنن و پێویستمان بەهاوردە نەبێت و بەرهەمیش هەناردە بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش داوامان لە وەزارەتی کشتوکاڵ کرد بۆ کەمکردنەوەی خەرجی یان بەپێدانی وزە و کارەبا هاوکارمان بن یان لەڕێگەی کونسوڵخانەکان بازاڕ بۆ بەرهەمەکانمان لە وڵاتانی کەنداو بۆ بدۆزنەوە، بەڵام بەداخەوە نەیانتوانی".

تاکە هیوای جووتیاران بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان شارەکانی عێراقە، بەڵام ئەم بازارەش بەهۆی بارودۆخی سیاسی جێگیر نییە.

پێشتر وەزارەتی کشتوکاڵ ، بۆ ڕێگری لە بەکارهێنانی هۆرمۆن و دەرمانی قڕکەری درێژخایەن کە مەترسییان بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ هەیە، زۆر بەوردی چاودێری خانووە پلاستیکییەکانی دەکرد، بەڵام ماوەی سێ ساڵە بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و دابیننەکردنی بودجە بۆ تیمەکان ئەم چاودێرییە لاواز بووە ، بۆیە خەڵک گومان لەبەکارهێنانی ئەم ماددانە دەکەن.

دکتۆر هەورامان دەڵێت :"دروشمی کۆمەڵەکەمان بەرهەمێکی زیاد و تەندروستە، بۆیە هەموو جووتیارانمان ئاگادار کردووەتەوە بۆ تەندروستی خۆیان و هاووڵاتیان و لە دەستنەدانی متمانەی خەڵک بە بەرهەمی خۆماڵی، هۆرمۆن و دەرمانی قڕکەری درێژخایەن بەکارنەهێنن، بەردەوامیش بەدواداچوون دەکەین، لەهەر شوێنێک بەکارهاتبێت دەستی بەسەردا دەگرین و ڕێگە نادەین بەرهەمەکەی بفرۆشێ".

## هەناردەی تورکیا و پاکستان و لوبنان دەکرێ

# بازرگانانی کورد ساڵانە بایی 10 ملیۆن دۆلار ڕێخۆڵە و هەزار لۆغانە دەفرۆشن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

چیدی ریخۆڵە و هەزار لۆغانەی ئاژەڵانی سەربڕاو لەسەر زبڵخانەکان نابینرێن و هاووڵاتیان بە بۆنیان هەراسان نابن، ئێستا چەند بازرگانێک ساڵانە نزیکەی 600 تۆن ریخۆڵەی مەڕ و هەزار لۆغانەی ڕەشەوڵاخ هەناردەی وڵاتانی وەک لوبنان و تورکیا و پاکستان دەکەن. لەو ڕێگەیەشەوە لە ساڵێکدا نزیکەی 10 ملیۆن دۆلار دەهێننە کوردستان.

کەمال سەیدۆ، بازرگانێکی شاری دهۆکە، پێشتر پێستە و خوری هەناردە دەکرد، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە ریخۆڵەی مەڕ هەناردە دەکات، ساڵانە لەگەڵ چەند بازرگانێکی دیکە بەگوێرەی خواست 125 تاوەکو 150 تۆن ریخۆڵە هەناردەی وڵاتانی تورکیا و لوبنان دەکات.

کەمال سەیدۆ بە (ڕووداو)ی گوت: "لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت لە ئەڵمانیا خواست لەسەر ریخۆڵەی مەڕ هەیە، لەوێ گۆشتی مریشک و ئاژەڵ و چەندین مادەی دیکەی تێدەکرێت و لەنێو بەفرگر هەڵدەگیرێ، دواتریش بەشێوەی خواردنی خێرا (فاستفوود) دەیفرۆشن".

لەبەر نەبوونی ئایزۆ، بازرگانانی هەرێمی کوردستان ناتوانن ڕاستەخۆ ئەم بەرهەمە هەناردەی وڵاتانی ئەوروپا بکەن ، بۆیە بەناچاری بەرهەمەکە هەناردەی تورکیا و لوبنان دەکەن، لەم دوو وڵاتەش لەڕێگەی هەندێ ئامێری تایبەت بەگوێرەی ئەستووری، ڕێخۆڵەکان لەیەکدی جیا دەکەنەوە و هەناردەی وڵاتانی ئەوروپای دەکەن. کەمال سەیدۆ دەڵێت: "تورکیا و لوبنان، بەنرخی زۆر زیاتر لەو نرخەی لە ئێمەی دەکڕن، بەرهەمەکە بە وڵاتانی ئەوروپا دەفرۆشن".



بازرگانانی کورد کیلۆیەک ریخۆڵە بە 45 دۆلار دەفرۆشنە تورکیا (فۆتۆ: ڕووداو)

کەمال هەر کیلۆیەک ریخۆڵەی مەڕ و بزن بە 45 دۆلار بە بازرگانانی تورکیا و لوبنان دەفرۆشێ. ئەو دەڵێت "ریخۆڵە بەگوێرەی قەبارە و پاکییەکەی لە تورکیا 3 تاوەکو 7 دۆلار دەکات، بەڵام بەتێکڕا هەر ریخۆڵەیەک بۆ ئێمە 3 دۆلار دەکات، نزیکەی 15 ریخۆڵەش کیلۆیەک دەبن، بەشێوەیەکی گشتی هەر کیلۆیەک ریخۆڵە بۆ ئێمە 45 دۆلار دەکات".

هەروەها دەڵێت :"پێشتر لە عێراق و هەرێمی کوردستان ریخۆڵە فڕێدەدرا، چونکە خەڵک لێرە نایخوات، بەڵام ئێستا بەهۆی هەناردەکردنی لەلایەن ئێمە، خەڵکێکی زۆر لێی سوودمەند دەبن، خەڵکانێک ریخۆڵەکان لە سەربڕخانەکان کۆدەکەنەوە دەیفرۆشن بە نزیکەی 30 بازرگانی ناوخۆ، ئەوانیش دوای پاککردنەوەی ریخۆڵەکان، بە ئێمەی دەفرۆشنەوە. ئێمەش لە بەفرگر هەڵیدەگرین تا دەبێتە 10 تاوەکو 20 تۆن و هەناردەی تورکیا و لوبنانی دەکەین".

کەمال سەیدۆ، گوتی:"ساڵی ڕابردوو بە تەنیا 80 تۆن ریخۆڵەم هەناردە کرد، ئەمساڵیش تاوەکو ئێستا 40 تۆنم هەناردە کردووە، چەند تۆنێکیشم کڕیووەتەوە ئامادەیە بۆ ناردن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ساڵانە 125 تاوەکو 150 تۆن ڕێخۆڵەی مەڕ و بزن لەهەرێمی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا و لوبنان دەکرێت کە بەهاکەی دەگاتە نزیکە 6 تاوەکو 7 ملیۆن دۆلار".

جگە لە ریخۆڵەی مەڕ و بزن، بازرگانانی هەرێمی کوردستان ئێستا پێستە بۆ پۆلەندا، ئیتاڵیا، تورکیا و میسر. خوری بۆ بەریتانیا و هیندستان. ئەندامی نێرینەی گا بۆ تورکیا، هەزار لۆغانەش بۆ پاکستان هەناردە دەکەن

جیهاد نورەددین، بازرگانێکی شاری هەولێرە، جگە لە پێستە و خوری و ریخۆڵە، هەزار لۆغانە کە بەشێکە لە گەدەی ڕەشەوڵاخ لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق کۆدەکاتەوە لەڕێگەی ئێرانەوە هەناردەی پاکستانی دەکات.

جیهاد نورەددین، دەڵێت :"پێشتر لەهەرێمی کوردستان و عێراق هەزار لۆغانە فرێدەدرا، بەڵام ماوەی دووساڵە من و چەند بازرگانێکی دیکەی توانیمان لە پاکستان بازاڕی بۆ بدۆزینەوە و لەڕێگەی ئێرانەوە هەناردەی بکەن".

جیهاد نوورەدەین هەر دوو مانگ جارێک 20 تۆن هەزار لۆغانە لەڕێگەی ئێرانەوە هەناردەی پاکستان دەکات. ئەو دەڵێت "من دوو بازرگانی دیکە ئەو کارە دەکەین، ساڵانە نزیکەی 400 تاوەکو 500 تۆن هەزار لۆغانە لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی پاکستان دەکەین". جیهاد گوتیشی "هەر تۆنێک هەزار لۆغانە بۆ ئێمە 6000 دۆلار دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین ساڵانە لە ڕێگەی هەناردەکردنی هەزار لۆغانە نزیکەی 3 ملیۆن دۆلار داهات دێتە هەرێمی کوردستان".

ئەو هەزار لۆغانەیەی بازرگانانی هەرێمی کوردستان هەناردەی پاکستانی دەکەن، جارێکی دیکە لەپاکستانەوە بەقاچاخ هەناردەی چین دەکرێت، چونکە زیاتر لەوێ وەکو خۆراک بەکاردێت و نرخی یەک کیلۆشی لەنێوان 10 — 12 دۆلارە.

جیهاد نورەددین، دەڵێت"ئەگەر بازرگانانی چین ئەم بەرهەمە نەکڕن، بەهۆی بەکارنەهێنانی، بەهاکەی دادەبەزێ و زۆربەی وڵاتان بەناچاری دەبێ فڕێی بدەن، بۆیە ئەم بازرگانییە بەستراوەتەوە بە خواستی دانیشتووانی چین".

جیهاد نورەددین، جگە لە هەرێمی کوردستان هەزار لۆغانە لە شارەکانی عێراقیش دەکڕێتەوە هەناردەی دەکات، ئەو دەڵێت :"ئێمە کیلۆیەک هەزار لۆغانەی ئامادەکراو بە 5 دۆلار لە بازرگانانی ناوخۆ دەکڕینەوە و بە 6 دۆلار بە پاکستانییەکانیدەفرۆشینەوە".

جیهاد نورەددین پێیوایە حکومەتی هەرێمی لەدوو لاوە لەو بازرگانییەکەدا سوودمەندە، لەلایەک ئەو بەرهەمە کە پێشتر فڕێ دەدرا ئێستا دەبێتە داهاتێک بۆ هەرێمی کورستان، لەلایەکی دیکەش لە مۆڵەتی هەناردە و وەرگرتنی گومرکی یەک تۆن ریخۆڵە 300 هەزار دینار و یەک تۆن هەزار لۆغانە 110 هەزار دیناری دەستدەکەوێ.

یاسا و ڕێنماییەکانی کەرەنتینی ڤێترنەری هەرێمی کوردستان هیچ ڕێگرییەکیان نییە، بۆ هەناردەکردنی ئەم بەرهەمە، بۆیە بازرگانان ئەم بەرهەمە جگە لەهەرێمی کوردستان لە شارەکانی عێراقیش کۆدەکەنەوە لەڕێگەی فرۆکەخانەو دەروازە سنوورییەکان هەناردەی دەکەن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەری کەرەتینینی ڤێترنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵی ڕابردوو 643 تۆن هەزار لۆغانە و ریخۆڵە و ئەندامی نێرینەی گا هەناردەی تورکیا و لوبنان و پاکستان کراوە، لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵیش 90 تۆن هەناردە کراوە.

د.جەمال شوکری، بەڕێوەبەری کەرەنتینەی ڤێترنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت :"ماوەی دوو و سێ ساڵە ئەم بازرگانییە پەیدابووە، پێشتر هەزار لۆغانە فڕێدەدرا و ریخۆلەش ساڵانە بەرێژەیەکی کەم هەناردە دەکرا، بەڵام ئێستا بەهۆی خواست لە وڵاتان، هەندێ بازرگان داوای مۆڵەتی هەناردەکردنیان کردووە ئێمەش مۆڵەتمان پێداون، چونکە لێرە کەس نایانخوات و لە پیشەسازیش بەکارنایەن".

# تویتە ناسازەکانی ترەمپ بازاڕی وزە دەشێوێنن



محەممەد شێخ فاتیح

"ئۆپێکی قۆرخکار دەبێ ئەوە بزانن کە نرخی بەنزین بەرزبووەتەوە، هیچیش ناکەن بۆ دابەزاندنی نرخ، ئەوان بۆ چەند دۆلارێکی کەم وا دەکەن، لەکاتێکدا ئەمریکا پارێزگارییان لێدەکات، پێویستە وەک ڕێگایەکی دوو ئاراستەیی مامەڵە بکرێت، هەر ئێستا نرخی نەوت دابەزێنن".

تویتەکەی ترەمپ لە پاش ڕاگەیەنراوێکی ئەمریکاوە هات کە داوا دەکات هاوردەکارانی نەوتی ئەمریکا ئاستی هاوردەکردنیان دابەزێنن بۆ سفر، خەریکە پێشبینییەکەی حوسێن ئەردەبیلی نوێنەری ئێران لە ئۆپێک ڕاست دەردەچێت، کاتێک کە گوتی تویتەکانی ترەمپ 10 دۆلار نرخی نەوت بەرز دەکەنەوە، زۆری نەبرد یەک بەرمیل نەوت گەیشتە 77.68 دۆلار.

وەک بڵێی داوای خواردنەوەی فنجانە قاوەیەکی لەگەڵ بکات، بە تویتێک داوا لە سعودیەی هاوپەیمانی دەکات کە ڕۆژانە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت زیاتر بەرهەمبهێنن، چونکە بەهۆی گرژی و ئاڵۆزییەوە نەوتی ڤەنزوێلا و ئێران کەم دەکات!!

سەرباری ئەوەی کەرتی نەوتی ئەمریکا سوود لە بەرزبوونەوەی نرخ نەوت وەردەگرێ، بەڵام چەند سێکتەرێک زیانیان پێدەگات، لەوانەش: کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی، ئەگەری زۆرە ژمارەیەک کۆمپانیا لەگەڵ هاتنی ساڵی 2019دا مایەپووچبوونی خۆیان ڕابگەیەنن، ئەگەر نرخی نەوت لە نزیک 80 دۆلار بمێنێتەوە، بە دوای ئەودا کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دەریایی و پاشان گواستنەوەی زەمینی دێن، هەروەها ئەو کارخانانەی کە بە درێژایی هێڵی بەرهەمهێنان پشت بە سووتەمەنی دەبەستن و پاشان وێستگە کارۆگازییەکانیش زیانی گەورەیان بەردەکەوێت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەی زۆرترین باج دەدات، بەکاربەران و هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانەیە، چونکە خەرجییەکان بەرز دەبنەوە، هاوسەنگبوونی ئەو خەرجیانەش لەسەر حیسابی گیرفانی ئەوان کۆتایی دێت.

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بە ناڕاستەوخۆ زیانی بۆ بەرهەمێنەرانی نەوتیش هەیە، چونکە لە دونیای ئێستادا پرەنسیپی نەوت بەرامبەر تەکنۆلۆژیا پەیڕەو دەکرێت، ئەوەش وا دەکات کە خەرجیی بەرهەمهێنانی کاڵا و شمەک لەسەر وڵاتانی پێشکەوتوو زیاد بکات و دواتر بە نرخێکی بەرزتر بگاتە دەستی وڵاتانی بەکاربەر کە زۆربەیان وڵاتانی خاوەن نەوت و بەرهەمهێنەرن. بە دیوێکی دیکەدا، لەلایەکەوە چەند سێکتەرێک هەر لە خودی وڵاتێکدا قازانج دەکەن و چەند سێکتەرێکی دیکەش زیان دەکەن.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمریکا داوای لە سعودیە کرد ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بکاتەوە؟

چونکە بۆشاییەک لە نەوتی خوارەوە دروستبووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی لە ساڵی 2016-2017 دا ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی ڤەنزوێلا کەمی کردووە. هەروەها لە ساڵی 2018-2019 دا 500 هەزار بەرمیل کەمی کردووە، ئەوەش بەهۆی گرژییەکانی ئەو وڵاتە. سزاکانی ئەمریکاش یەک ملیۆن بەرمیل لە نەوتی ئێران کەم دەکاتەوە، لە لیبیاش 850 هەزار بەرمیل کورتهێنان هەیە کە بەهۆی وەستانی دوو وێستگەی هەناردەکردنی نەوتەوە دروستبووە، کەنەداش بە وەستانی هێڵێکی بەرهەمهێنان، بازاڕەکانی جیهان بێبەش دەکات لە 350 هەزار بەرمیل نەوت.

هەر بۆیە ترەمپ دەیەوێت ئەو کورتهێنانەی کە 2 ملیۆن بەرمیلە، سعودیە پڕی بکاتەوە.

بەڵام ئایا سعودیە دوای خواستی ئەمریکا دەکەوێت و 2 ملیۆن بەرمیل بەرز دەکاتەوە؟ بێگومان سعودیە خوازیار نییە و دەیەوێت نرخی نەوت بەرز بێت تاوەکو ئەو کورتهێنانەی لە بودجەکەیدا هەیە بەو هۆیەوە پڕبکاتەوە.

ئێستا ئابووریی جیهان لەبەردەم مەترسیدایە، لە کاتێکدا کۆنترۆڵی بازاڕەکان و نرخی نەوت لەدەستدرا، ئابووریی جیهان ڕووبەڕووی متبوون دەبێتەوە، ئەوەش ئەو دۆخەیە کە هیچ لایەک خوازیاری نییە،

جەنگی بازرگانیی ڕاگەیەنراو و کارپێکراوی نێوان ئەمریکا و چین دڕدۆنگی و نیگەرانی دروستکردووە و هاوکێشەکانی خواستی لە بازاڕی نەوتدا تێکدا، ئەوەش وایکرد کە لە ڕۆژی چوارشەممەدا بە یەکجار 5.46 دۆلار لە یەک بەرمیل نەوتی برێنت بێتە خوارەوە و بە 73.40 دۆلار بفرۆشرێت، زیانەکان زەبری خۆیان لە خاوی تەکساسیش وەشاند و هەر بەرمیلێک نرخی دابەزی بۆ 70.38 دۆلار، واتە ئەویش 3.73 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک کەمی کرد.




ئێستا چوارگۆشەی کاریگەری ئۆپێک- خواست و خستنەڕوو- جەنگی بازرگانی- تویتەکانی ترەمپ ئەو فاکتەرانەن کە یاری بە بازاڕی نەوت دەکەن

ئەگەر ساڵانی پێشوو تەنانەت پێش چەند مانگێک لەمەوبەر بازاڕەکانی نەوت بارگاوی و کاریگەر بووبێتن بە چەند هۆکارێکی نەریتی، ئەوا ئێستا تویتەکانی دۆناڵد ترەمپیش کاردەکەنە سەر بازاڕەکانی نەوت.

ئێستا چوارگۆشەی کاریگەری ئۆپێک- خواست و خستنەڕوو- جەنگی بازرگانی- تویتەکانی ترەمپ ئەو فاکتەرانەن کە یاری بە بازاڕی نەوت دەکەن.

ئۆپێک بڕیاری دا 1.8 ملیۆن بەرمیل کەم بکاتەوە، دواتر بڕیاری دا یەک ملیۆن بەرمیل زیاد بکاتەوە، پرسیاری کۆنکریتی لەبەردەم ئەو ڕێکخراوەدا ئەوەیە کە ئایا ئەرکی ئۆپێک ئیدی کۆتایی هات؟

ئێستا ئۆپێک جیا لە جاران بە هێزێکی دیکەوە هاتووەتەوە نێو کایەکە، هەر ئەوەی ترەمپ داوایان لێدەکات کە بەزووترین کات نرخ دابەزێنن، چەندە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە سەرۆکی ئەمریکا ئەو ڕێکخراوە وەک پاشکۆ ناکاریگەرەکەی جاران تەماشا دەکات، هێندەش پەیوەستە بەوەی کە دیارە ئەو ڕێکخراوە چەندە کاریگەرە.

ئێستا ئۆپێک ئەرکێکی دیکەی لەسەر شانە، ئەویش ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان وەبەرهێنان و نەوتی کۆگاکراودا ، هێشتا ئۆپێک پێیوایە ئەو بەرزبوونەوەیەی لە نرخی نەوتدا هەیە، هاوتەریب نییە لەگەڵ ئەو وەبەرهێنانە فراوانەی کە لە سێکتەری نەوتدا هەیە لە جیهاندا.

بۆیە ئێستا ئاراستەی کارکردنی ئۆپێک وایە کە برەو بە وەبەرهێنانەکانی نەوت بدات لە جیهاندا، ئەوەش وەک پاڵپشتی نرخی نەوت بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنانەکان لە گەڕان و پشکنین و دەرهێنانیدا.

نەوتی کۆگاکراوی وڵاتانی پیشەسازی لە ساڵی 2016دا 300 ملیۆن بەرمیل بووە، ئەوە لەکاتێکدایە لە شوباتی 2018دا 43 ملیۆن بەرمیل بووە، بەپێی ڕیپۆرتەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە نەوتی کۆگاکراوی جیهان 26 ملیۆن بەرمیل زیاتر بووە، بە بەراورد بە 5 ساڵی پێشوو.

لە مانگی یەکی ئەمساڵدا، خالید فالح لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس باسی لەوە کرد کە وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوتدا دابەزیوە بۆ کەمتر لە نیوە، لە کاتێکدا لە ساڵی 2014دا بە بەهای 700 ملیار دۆلار وەبەرهێنان کراوە، هۆکاری سەرەکیی ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ناجێگیری نرخی نەوت کە وا لە دامەزراوە بانکی و دارایی و کۆمپانیاکان دەکات نەوێرن بە ئاسانی لەم بوارەدا وەبەرهێنان بکەن، هەربۆیە ئەو وەزیرە سعودیە ترسی هەبوو لەوەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت زیانێک بدات لە وەبەرهێنانەکانی نەوت کە توانای چارەسەریان نەبێت.

لە کاتێکدا خواست لەسەر نەوت 1.5 ملیۆن بەرمیل زیادی کردووە، بەڵام لێچوون هەیە لە نەوتی بەرهەمهێنراودا. پاشەکشەی وەبەرهێنانەکان لە کەرتی نەوتدا هەڕەشەیەکی جدییە، چونکە هۆکارە بۆدابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان کە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا نرخی نەوت بۆ سەرووی 90 دۆلار بەرز بکاتەوە، ئەوەش زەنگێکە کە ماوەیەکە ئۆپێک بەبەردەوامی پەنجەی لەسەریەتی، چونکە گەشە لە خواست و پاشەکشە لە وەبەرهێنان، ئەنجامێکی نەخوازراوە و هەڕەشەیە لەسەر گەشەی ئابووریی جیهان.

# غازی سروشتیی ڕووسیا نێوانی ئەڵمانیا و ئەمریکا تێکدەدات

ڕووداو- هەولێر

هەفتەی ڕابردوو کۆبوونەوەی لوتکەی سەرکردەکانی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ لە برۆکسل بەڕێوەچوو، پێش کۆبوونەوەکە زۆربەی سەرکردەکان خۆیان بۆ ئەوە ئامادەکردبوو، سەرۆکی ئەمریکا بەهۆی کەمیی بودجەی سەربازیی وڵاتەکانیانەوە بۆ ڕێکخراوی ناتۆ، ڕەخنەیان لێبگرێ، بەڵام دۆناڵد ترەمپ لەبری بودجەی سەربازی، باسی پەیوەندییەکانی وزەی نێوان ڕووسیا و ئەوروپای کرد، بەتایبەتیش ڕووی قسەی لە ئەڵمانیا بوو.

لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوودا دۆناڵد ترەمپ، مەلەفی بۆڕییەکی غازی هەڵداوە کە درێژییەکەی نزیک 1300 کیلۆمەترە، بەژێر دەریای باڵتیکدا تێدەپەڕێ و بە (نۆرد ستریم 2) ناسراوە. ئەم بۆڕییە لە ساڵی 2011ەوە دەست بە دروستکردنی کراوە. ترەمپ لە کۆبوونەوەی لەگەڵ یەنس ستۆڵتنبێرگ، ئەمینداری گشتیی ناتۆ، گوتی: "ئەوەندەی من بزانم ئەڵمانیا لەژێر دەستی ڕووسیادایە، چونکە وزەیەکی زۆر لە ڕووسیا وەردەگرێ. مەسەلەکە پەیوەندی بە چەندین ملیار دۆلارەوە هەیە کە دەدرێ بەو وڵاتەی داوامان لێدەکرێ بەرەوڕووی هەڕەشەکانی ببینەوە".

ئەڵمانیا کە ئابووریی یەکەمی ئەوروپاشە، گەورەترین هاوردەکاری ئەوروپی غازی سروشتیی ڕووسیایە، لەگەڵ تەواوبوونی پڕۆژەی (نۆرد ستریم 2) ئەڵمانیا زیاتر لە جاران پشت بە غازی ڕووسیا دەبەستێ. چاوەڕێ دەکرێ ئەو پڕۆژەیە هەناردەی غازی ڕووسیا بۆ ئەوروپا دوو هێندەی ئێستا بکات.

لە ساڵی 2016دا، ئەوروپا ساڵانە 606 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی بەکارهێنا، لەو بڕە 247 ملیار مەتر سێجای لەلایەن ڕووسیاوە و 253 ملیاری لەلایەن وڵاتانی ئەوروپییەوە دابین دەکرا. بەو پێیەش ئەوروپا نزیکەی 35%ی غازی سروشتیی خۆی لە سەرچاوە ئەوروپییەکانەوە دابین دەکرد کە چاوەڕێ دەکرێ لە چەند دەیەی داهاتوودا وشک بن. بەریتانیا، نەرویج و هۆڵەندا بەرهەمهێنەرە ئەوروپییە سەرەکییەکانی غازی سروشتین و بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە کێڵگە غازییەکانی دەریای باکوور دەبەستن.

لەو ساڵەدا ئەمریکا تەنیا 0.5 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی بە ئەوروپا فرۆشتبوو.

بۆیەش ڕەهەندێکی مشتومڕەکانی ترەمپ لەگەڵ ئەوروپا و بەتایبەتی ئەڵمانیا ئەوەندەی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەوروپا لە ساڵانی داهاتوودا غازێکی زیاتر لە ئەمریکا بکڕێ، ئەوەندە پەیوەندی بەوەوە نییە لە داهاتوودا ڕووسیا لەڕێگەی غازی سروشتییەوە ئەوروپا ملکەچ دەکات.

## ترەمپ تەنیا نییە

پڕۆژەی (نۆرد ستریم 2) کە دەستەخوشک یان فراوانبوونەوەی پڕۆژەی (نۆرد ستریم)ە، تاکە پڕۆژەی گواستنەوەی غازی سروشتیی ڕووسیا بۆ ئەڵمانیایە کە بەهیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا تێناپەڕێ. هەر ئەمەش وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەتایبەتیش ئۆکراینا و پۆڵەندای نیگەران کردووە. کیێف و وارشۆ نیگەرانی ئەوەن ئەگەر پڕۆژەی (نۆرد ستریم 2) تەواو ببێت، ئەوە ڕووسیا لەکاتی پێویستدا دەتوانێ غاز لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بگرێتەوە، لەکاتێکدا هەناردەی غازی ئەو وڵاتە بۆ ئەڵمانیا بەردەوام دەبێ.

لە حوزەیرانی 2014 و لە گەرمەی کێشە نێوان ئۆکراینا و ڕووسیا لەسەر نیمچە دوورگەی کریمیا، مۆسکۆ بۆ چەند هەفتەیەک غازی سروشتی لە ئۆکراینا گرتەوە. بۆیەش هەم پۆڵەندا و هەم ئۆکراینا نیگەرانن لەوەی ڕووسیا لەداهاتووشدا جارێکی دیکە غازی سروشتی وەکو کەرستەیەکی سیاسی بەکاربهێنێ و لەو کاتەشدا هاوپەیمانەکانیان لە ڕۆژئاوای ئەوروپا چیدی وەکو 2014 بەدەنگیانەوە نەیەن، لەکاتێکدا بەشە غازی پێویستی خۆیان لە ڕووسیا وەردەگرن.

جۆناسان ستێرن، لێکۆڵەر لە پرۆگرامی غازی سروشتی پەیمانگای وزەی ئۆکسفۆرد، لەمبارەیەوە بە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی گوت "ئەو نیگەرانییە بێ بنەمایە، چونکە ئەڵمانیا پێویستیی بە غازێکی زۆر لەوە زیاترە کە لە ڕێگەی هەردوو تۆڕی نۆرد ستریم و نۆرد ستریم 2 بۆی دێت، جیا لەمە ئەوروپا بازاڕی سەرەکیی غازی ڕووسیا و گرتنەوەی غاز (لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا) قورساییەکی دارایی زۆر دەخاتە سەر شانی حکومەتی ڕووسیا".

بەو حاڵەوە ئەوروپییەکان هەر نیگەرانن، لەبەر ئەوەی تەنانەت بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی ئەڵمانیاش دانیان بەوەدا ناوە کە پڕۆژەکە ناکرێ تەنیا لە ڕوانگەی ئابوورییەوە هەڵبسەنگێنرێ، بەڵکو دەلالەتی سیاسیی گەورەشی بۆ ڕووسیا هەیە.

بیرۆکەی پڕۆژەی نۆرد ستریم لە سەردەمی دەسەڵات گێرهارد شرودەر، ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا، خرایەڕوو. شرودەر، کە لە 1998 بۆ 2005 ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بوو، لە دوایین ڕۆژەکانی دەسەڵاتی خۆیدا بە پەلە ڕێککەوتنی بۆڕی نۆرد ستریمی واژۆکرد و یەکسەریش ڕێککەوتنەکەی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. شرودەر هاوڕێیەکی نزیکی پوتین بوو و دوای لاچوونی لەسەر کورسی دەسەڵات، پۆستی باڵای لە کۆمپانیا نەوتی و غازییەکانی ڕووسیادا وەرگرت.

لە ئەڵمانیا بۆچوونی جیاواز لەبارەی ڕێککەوتنەکەی نێوان شرودەر و ڕووسەکان هەیە کە دواتر پڕۆژەی نۆرد ستریم 2شی لێکەوتەوە. هەندێک لە ئەڵمانییەکان هاوشێوەی ترەمپ پێیانوایە سیاستەکانی ڕاوێژکاری پێشووی وڵاتەکەیان بووەتە هۆی ئەوەی ئەڵمانیا ببێتە بارمتەی ڕووسەکان، بەڵام سیاسەتکار و شرۆڤەکاریش هەن کە پێیانوایە ئەڵمانیا بەو ڕێککەوتنە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیای پەلکێشی نێو گۆڕەپانی ئابووری کردووە و لە سیاسەت دووری خستووەتەوە.

فرانک بۆش، مێژوونووسی سیاسیی ئەڵمانیا، دەڵێت "پەیوەندی درێژخایەنی دیپلۆماسی لەبواری وزەدا، گەرەنتی هاوکاریی سیاسی زیاتر دەکات لە نێوان لایەنەکاندا، بۆیەش بۆڕی غازی سروشتی دەتوانێ متمانەیەکی دوو لایەنە دروستبکات و ببێت بە بناغەیەک بۆ پەیوەندیی جێگیر نزیکبوونەوە لە بوارەکانی دیکەشدا".

بۆڕی غازی نۆرد ستریم 2 کە بڕیارە لە کۆتایی 2019 تەواو ببێ دەتوانێ ساڵانە 55 ملیار مەتر سێجا غاز ڕەوانەی ئەڵمانیا بکات. بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان، ئەڵمانیا لە ساڵی 2017دا نزیکەی 90 ملیار مەتر سێجا غازی سرووشتی بەکارهێناوە.



ئەڵمانیا گەورەترین هاوردەکاری ئەوروپی غازی سروشتیی ڕووسیایە



## گۆنول دیلان ئەلبوومێکی گۆرانی تۆماردەکات

**هیوا سەلاح/ ڕووداو- هەولێر**

خانمە هونەرمەندی باکووری کوردستان گۆنول دیلان ئامادەکاری بۆ تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانی دەکات.

گۆنول دیلان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ماوەی چەند ڕۆژێکە دەستمان بە تۆمارکردنی ئەلبوومە نوێیەکەم کردووە کە لە 4 تراک پێکهاتووەو هەموو گۆرانییەکانیش بە زمانی کوردین". گۆنول دیلان گوتیشی "لەم ئەلبوومە دا گۆرانییەک لە ئاواز و تێکستی خۆمەو لە هەفتەی داهاتوو دەست بە وێنەگرتنی ڤیدیۆکلیپ دەکەین، هەروەها لە ماوەیەکی نزیکدا کلیپی دووەم تۆماردەکەین". سەرەتای هەفتەی ڕابردوو گۆنول دیلان سەردانی باشووری کوردستانی کرد و لە شاری دهۆک ئاهەنگێکی تایبەتی سازکرد، دوای ئەوەی سەردانی لالش و چەند شوێنێکی شاری دهۆکی کرد، گەڕایەوە باکووری کوردستان.

### دکتۆرە بەڵقیس بۆ (ڕووداو):

# بە گۆرانییەک وەڵامی دەنگۆکان دەدەمەوە

> دەمەوێ بۆ سەری ساڵ و نەورۆزی داهاتوو گۆرانی نوێم هەبێت

ماوەیەکی زۆرە لە کاری هونەری و میدیاش دوورکەوتووەتەوە، هەواڵی جۆراوجۆر لە لاپەڕەکانی فەیسبووک و ئینستاگرام لەبارەیەوە بڵاودەکرێنەوە، دەمێک دەڵێن جەڵتە لێیداوە، دەمێک دەڵێن کوردستانی جێهێشت، بەڵام دکتۆرە بەڵقیس، خانمە گۆرانیبێژ هەموو ئەو دەنگۆیانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "بەمزووانە بەکارێکی هونەری وەڵامی هەموویان دەدەمەوە"، باس لەوەش دەکات کە لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێک تەندروستی تێکچووە.

بەڵقیس دۆسکی (دکتۆرە بەڵقیس) لە ساڵی 1953 لەدایکبووە، مامۆستای کۆلێژی هونەرە جوانەکانە و ساڵی 1965 یەکەم گۆرانی بڵاوکردووەتەوە، ساڵانێکی زۆر لە بەغدا ژیاوە، لە ساڵی 2002 گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر نیشتەجێ بووە.

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**



**ڕووداو: ماوەیەکی زۆرە بێدەنگی، هۆکار چییە؟**

**دکتۆرە بەڵقیس:** نەخۆش بووم، لە ماوەی ڕابردوودا تەندروستیم خراپ بوو، نەمدەتوانی هەناسە بدەم، بەڵام ئێستا باشترم و لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامم لە بەکارهێنانی حەب و دەرمان.

**ڕووداو: بەرهەم و گۆرانی نوێت نابێت؟**

**دکتۆرە بەڵقیس:** بەڵێ خەریکم کار بۆ گۆرانییەکی نوێ دەکەم، دەنگەکەی تۆمارکراوە، بەڵام جارێ کلیپم نەکردووە، بەمزووانە بە گۆرانییەکی نوێ وەڵامی زۆر شت دەدەمەوە، لە بەرهەمهێنان و گۆرانیگوتنیش بەردەوام دەبم، چەند کارێکی دیکەشم لەپلاندایە، لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمە کاریان بۆ دەکەم.

**ڕووداو: باس لەوە دەکرا کە کوردستانت بەجێهێشتووە و لە ئەورووپا دەژی؟**

**دکتۆرە بەڵقیس:** نا ئەوە ڕاست نییە، من هەر لە کوردستانم و لە هەولێر بە تەنیا دەژیم، نەشچوومەتە ئەورووپا، ئەو هەواڵانە هەمووی دوورن لە ڕاستی و تەنیا ڕیکلامی لاپەڕەکانن، من بۆ سەفەرکردن چەند جارێک چوومەتە ئەورووپا، بەڵام بۆ ژیان تازە ئەورووپا بە کەڵکی من نایەت، من هەر لە کوردستان دەمێنمەوە.

**ڕووداو: بە دڵتەڕی بەناوبانگی، ئەمە لە کلیپە کۆنەکانت و دەرکەوتنەکانتدا باش دەبینرا، ئەم کلیپە نوێیەش وا دەبێت؟**

**دکتۆرە بەڵقیس:** من ئێستاش دڵم تەڕەو هەمیشە دڵتەڕم، ئەی نالێم بەم کلیپە وەڵامی زۆر شت دەدەمەوە، کلیپێکی زۆر نوێ و تایبەت دەبێت، بەڕای من ژیان زۆر جوانە، مرۆڤ نابێت خۆی بداتە دەست نەخۆشی و پیر بوون، بۆیە دەڵێم من دڵتەڕم و هەر بە دڵتەڕی دەمێنمەوە.

**ڕووداو: لە ماوەی ڕابردوودا باست لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی چەند کلیپێک کرد، بەڵام دواتر بڵاونەکرانەوە، هۆکار چی بوو؟**

**دکتۆرە بەڵقیس:** من هەمیشە بەڵێنی زۆرم پێدەدرێت، ئەمەش بەڵێنێک بوو لە لایەن کۆمپانیایەک پێمدرابوو، بەڵام دواتر بەڵێنەکەیان نەبردە سەر و کارەکانیان بۆ نەکردم، ئەگەرنا بڕیار بوو چەند کلیپێکی گۆرانی بڵاوبکەمەوە، کارم بۆ هەموو کلیپەکانیش کردبوو، بەشێکیان تۆماریش کرابوون، دەزانی لێرە کێشەکە ئەوەیە کە ناتوانی زۆر پشت بە بەڵێنی کۆمپانیاکان ببەستی، زۆر جار گرێبەستیش دەکەی، بەڵام پابەند نابن. ئەمەش بەڵێنی کۆمپانیایەک بوو کە چەند کارێکی هونەریم بۆ بکات، بەڵام دواتر بەبیانووی نەبوونی پارە و قەیرانی دارایی کارەکەی نەکرد.

> تەندروستیم باش نییە
> ●●●●
> دڵم تەڕە و پیر نابم

**ڕووداو: ئەو گۆرانییانەی تۆمارکرابوون چیان بەسەر دێت؟**

**دکتۆرە بەڵقیس:** کەم کەم کلیپیان دەکەم و ئەگەر نەمرم هەموویان بڵاودەکەمەوە، گۆرانییەکان هەمووی وەکو خۆی ئاواز و تێکستەکانی هەڵگیران، هەندێکیان تۆمارکراون، بەڵام کات و پارە و بودجەی زۆری پێویستە بۆ کلیپکردن، خۆتان دەزانن کاری هونەری ئاسان نییە، هەندێکجار پارەیەکی زۆر پێویستە بۆ کلیپکردن.

**ڕووداو: پێشتر لە چەند بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەرکەوتووی، پلانت هەیە بۆ دەرکەوتن لە بەرنامەی دیکە؟**

**دکتۆرە بەڵقیس:** هەمیشە پێشنیازم بۆ دەکرێت، هەندێکجار بەرنامەکانم بە دڵ نەبوون، هەندێکجاریش تەندروستیم هاوکار و پاڵپشت نەبووە بۆ ئەوەی کارەکە بکەم، ئیدی تەمەنم چووەتە سەر و هەموو کات و هەمیشە ئامادەنیم بۆ کارکردن.

**ڕووداو: جگە لەو گۆرانییەی کە بڵاوی دەکەیتەوە، پلان و کاری داهاتووی تۆ چییە؟**

**دکتۆرە بەڵقیس:** ئەگەر خودا یارمەتیدەر بێت دەمەوێت ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوبکەمەوە، هەروەها بۆ سەری ساڵ و نەورۆزی داهاتوو گۆرانی نوێم هەبێت، ئێستا کەناڵێکی عێراقی فیلمێکی دۆکیۆمێنتەری لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی من و کارکردنم لە بەغدا تۆمار دەکات، زیاتر سەرقاڵی ئەوەم و زۆر کاتم دەگرێت، ڕۆژ هەیە زیاتر لە 12 کاژێر دێن و سەرقاڵی تۆمارکردن دەبن.



> ژیان جوانە و مرۆڤ نابێت خۆی بداتە دەست نەخۆشی و پیر بوون

> کەناڵێکی عێراقی فیلمێکی دۆکیۆمێنتەری لەسەر ژیانی من تۆمار دەکات

### سەما ئیسماعیلی، خانمە مەیکەپ ئارتیستی ئێرانی بۆ (ڕووداو):

# مەیکەپم بۆ 450 ڤیدیۆکلیپی کوردی کردووە



لەساڵی 1986 لە دایک و باوکێکی فارس لە ئێران لەدایکبووە، بەڵام بە کوردییەکی ڕەوان قسە دەکات و باوەڕ ناکەیت کە سەما ئیسماعیلی، کورد نییە. سەما دبلۆمی لە هونەری شێوەکاریدا وەرگرتووە، بەڵام حەزی تەنیا لە شێوەکاریدا قەتیس نەبووە و ئێستا سەرقاڵی هونەری مەیکەپە. کاری مۆدێل و نمایشکاریش دەکات، بەڵام خۆی وەکو مۆدێل و نمایشکار نابینێ. لەم هەڤپەیڤینەدا باس لە هونەری مەیکەپی سینەما لە نێو فیلمی کوردیدا دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو - هەولێر**

**ڕووداو: چی وای کرد عاشقی هونەری میکیاژ (مەیکەپ)ی سینەمایی ببی؟**

**سەما:** من پێموایە هونەر دەریایەکی بێ بنە، هەرچەند بزانیت هێشتا لە سەرەتادای، بۆیە هونەری مەیکەپ لای من حەزێکی لەمێژینە بوو، ئەو کاتەی کاری مەیکەپی سینەماییم لە کوردستان دەستپێکرد، کەم کەس ئەم کارەیان دەکرد، بەهۆی ئەوەی من دەرچووی بەشی نیگارکێشی بووم، بۆ من کەمێک ئاسانتر بوو، چونکە زۆر لەیەکەوە نزیکن، لە هەڵبژاردنی ڕەنگ و شێواز و فۆرمدا هونەری شێوەکاری زۆر هاوکار و یارمەتیدەرم بووە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە عاشقی جیهانی ڕەنگ و مەیکەپ و نیگارکێشی بووم.

**ڕووداو: سەرەتای کاری مەیکەپی سینەماییت لە کوردستان بوو یان لە ئێران؟**

**سەما:** سەرەتای کارەکەم لە ئێران بوو، لەوێ مەیکەپم بۆ دوو کورتە فیلم کرد، بەڵام دواتر کە لە ساڵی 2010 هاتمە کوردستان لەگەڵ دەرهێنەری گەنج ڕێکار ئەحمەد کارم کرد، لە کوردستان ناسرام، پاشان لە چەند تیڤییەکی کوردی وەکو مەیکەپ ئارتیست کارم کرد.

**ڕووداو: جگە لە مەیکەپی سینەمایی کاری مەیکەپی ڤیدیۆکلیپت کردووە؟**

**سەما:** بێگومان لەگەڵ بەشێکی زۆری گۆرانیبێژانی کوردستان کارم کردووە، لە نزیکەی 450 ڤیدیۆکلیپ بەشداریم کردووە، هەروەها لەگەڵ هونەرمەندانی عێراقیش کارم کردووە، جگە لەمەش بەشێکی زۆری ئەو ڕیکلامانەی لە کوردستان دەکرێن سەرپەرشتی مەیکەپ و هەڵبژاردنی جلوبەرگم کردووە.

**ڕووداو: مەیکەپی سینەمایی لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

**سەما:** بەداخەوە لە کوردستان زۆر بەکەمی کار لەسەر هونەری مەیکەپی سینەمایی کراوە، لە کۆلیژەکانی هونەریش زۆر گرنگی بەم بوارە نەدراوە. من هەوڵمدا لە دەرەوەی کوردستان بەشێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنم و بگەڕێمەوە کوردستان و لە کۆلیژەکانی هونەر خزمەت بکەم، بەڵام بۆم نەکرا، لەلایەکی دیکەشەوە، لە کوردستان فیلمی سینەمایی هێندە زۆر بەرهەم نایەت، پاشان ئەو فیلمانەی بەرهەمیش دێن بەشێکی کەمی نەبێت کواڵیتیان زۆر باش نییە، دواتر مەوادی مەیکەپی سینەمایی باش و بە کواڵیتی لەناو کوردستان نییە کە لە سینەمادا پێیدەگوترێت ئیفێکت مەیکەپ، بەناچاری لە ئێران و وڵاتانی دیکە ئەو مەوادانە پەیدا دەکەین، بۆ ئەم مەبەستە من خۆم چەندین کۆرسم لەسەر ئەم بوارە وەرگرتووە، چونکە ڕۆژ دوای ڕۆژی کاری نوێ و مەوادی نوێتر دێتە نێو بواری سینەما.

> سینەمای کوردی لە شوێنی خۆی وەستاوە
> ●●●●
> خۆم بە مۆدێل نازانم

> لە کوردستان زۆر بەکەمی کار لەسەر مەیکەپی سینەمایی کراوە

**ڕووداو: لە فیلمە ترسناک و زۆمبییەکاندا کاریگەریی مەیکەپ زیاتر دەردەکەوێت، بۆچی لە سینەمای کوردستاندا ئەم فیلمانە نین؟**

**سەما:** من شارەزاییم لە فیلمی ترسناک و زۆمبی هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە کوردستان سیناریۆیەکی وام بەدەست نەگەیشتووە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین، من دەمێکە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم، تاوەکو ئێستا کەس پاڵپشتی ئەم جۆرە بیرۆکانە ناکەن، بۆیە لە کوردستان فیلمی ترسناک بەرهەم ناهێنرێت، دەرهێنەرانیش خۆیان لەو بوارەدا تاقی نەکردووەتەوە، چونکە دەترسن ئەم جۆرە فیلمانە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێ نەکرێت.

**ڕووداو: زۆر جار وەکو مۆدێل دەردەکەویت، ئەمە پیشەی سێیەمتە یان حەز و خولیایە؟**

**سەما:** من خۆم بە مۆدێل دانانێم، چونکە ئەوە پێویستی بە هەندێ ستاندارد هەیە، مۆدێل حەز و خولیایەکی تایبەتی خۆمە، بەڵام دوای ئەوەی شەڕی داعش دەستیپێکرد، کاری سینەمای و ڤیدیۆکلیپ لە کوردستان زۆر کەم بووەوە، من ڕووم لە مۆدێل کرد و حەزم کرد بە خەڵک بڵێم کە من هەر لە کاری هونەری بەردەوامم، چونکە من پێموایە هەر کەسێک لە بواری هونەری کار بکات، هەرگیز ناتوانێت بەبێ ئیش لەماڵەوە دابنیشێت، بۆیە هەردەم هەوڵی بەردەوامی لە بوارەکانی دیکەی هونەر دەدات.

**ڕووداو: بڕیار بوو وەکو ئەکتەر لە فیلمێکی کوردی بەشداری بکەی کە باسی لە شەڕی داعش دەکرد، ئەم فیلمە چی لێهات؟**

**سەما:** بەڵێ وەکو ئەکتەر بەشداریم لە فیلمێکی کوردی کرد کە لە نووسینی محەممەد موحسین و لە دەرهێنانی جوان بامەڕنی بوو، لەبەرەکانی پێشەوەی شەڕ وێنەمان گرت، بەڵام بەداخەوە کێشەی بەرهەمهێنانی هەبووە و تاوەکو ئێستا لە سینەماکانی کوردستان نمایش نەکراوە.

**ڕووداو: ئاستی سینەمای کوردی لەم قۆناغە چۆن دەبینی؟**

**سەما:** پێموایە لەم قۆناغەدا ئاستی سینەمای کوردی لە شوێنی خۆی وەستاوە و بەرەوپێش نەچووە، بەڵام ئەگەر سەیری دراوسێیەکانی کوردستان بکەین، وەکو ئێران و تورکیا، دەبینین سینەماکان بەرناکەون، بۆ؟ چونکە فیلمی سینەمایی بەهێزیان هەیە، خەڵک بە تامەزرۆییەوە سەیریان دەکەن، بەڵام ئەمە لە کوردستان نابینرێت.

**ڕووداو: لە دایک و باوکێکی ئێرانی لەدایکبووی، چۆن فێری زمانی کوردی بووی؟**

**سەما:** زمانی کوردی کەمێک نزیکە لە فارسی، دواتریش هەر یەکەمجار کە هاتمە کوردستان هەستم کرد ئەوە وڵاتی خۆمە، ئێستاش هەمان بۆچوونم هەیە، لە کوردستان هیچ هەست بەغەریبی ناکەم، چونکە خەڵکێکی زۆر میهرەبان و میواندۆستن، بۆیە هەمیشە خۆشمدەوێن و لە پێناوی ئەوان کاردەکەم.

**ڕووداو: دوایین پرۆژەت چییە؟**

**سەما:** هەمیشە هیوایەتی من ئەوە بووە، کار بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت و بێ ماڵ و جێ بکەم، پرۆژەیەکی مەزنم لەو بوارە هەیە کە ماوەیەکی زۆرە کاری بۆ دەکەم، بۆیە پێویستم بە سپۆنسەر و هاوکاری هەموو کەسێکە، ئەو پرۆژەیەم ئەوەیە کە فێری هەموو جۆرە هونەرێکیان بکەین، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن.

> لە کوردستان هەست بەغەریبی ناکەم

تاراوگە
رووداو
ژمارە (513) - دووشەممە 2018/7/16

## بەرپرسێکی پەکەکە لە دانیمارک دەستگیردەکرێ

**رووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو حکومەتی نەرویج ئەندامێکی پەکەکەی رادەستی تورکیا کردەوە، رۆژی شەممەی رابردووش دانیمارک بەرپرسی هەرێمی سکاندیناڤیای پەکەکەی دەستگیرکرد کە لەسەر داوای تورکیا خراوەتە نێو لیستی سووری پۆلیسی ئینتەرپوول. لەدوای کودەتا شکستخواردووەکەی 15ـی تەممووزی 2016، تورکیا داوای کردووە 60 هەزار کەس بە تۆمەتی تێوەگلان لە کودەتاکە بخرێنە لیستی سووری پۆلیسی ئینتەرپوول. تاوەکو ئێستا چەند وڵاتێکی ئەوروپا و ئەندامی پۆلیسی ئینتەرپوولی جیهانی، داواکراوانی پەکەکە و جەماعەتی گولەنییەکانیان رادەستی تورکیا کردووەتەوە. ئاژانسی فەرمیی تورکیا جەختیکردووەتەوە کە ئەو بەرپرسەی پەکەکە لە بۆڵتەنی سووری ئینتەرپوول لە 192 وڵاتەوە داواکراوە و بڕیارە حکومەتی دانیمارک رادەستی تورکیای بکاتەوە.

## خاوەنی چەندین مارکەیە و چوار جار لەگەڵ پادشای سوێد دانیشتووە

BIG STORY

# ملیۆنێرێکی کورد بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتەکانی سوێد دەگۆڕێت

لە سوێد هەڵمەتی بانگەشەکردنی پارتەکان بۆ هەڵبژاردنی مانگی نۆی ئەمساڵ لەژێر کاریگەریی ملیۆنێرێکی کورد بەڕێوەدەچێ. سەلام کوردە لەماوەی چەند مانگی رابردوودا لە میدیا سوێدی و نێودەوڵەتییەکاندا جەختی لەسەر یەک شت کردووەتەوە: "دەوڵەتی سوێد لە دابینکردنی ئاسایشی کارسازاندا شکستی هێناوە و دەبێ بەخۆیدا بچێتەوە". ئەو کە چوار جار پادشای سوێدی بینیوە، بۆ پرسەکانی تایبەت بە پەنابەران و دابینکردنی تەناهی لەلایەن دەوڵەتەوە راوێژی لەگەڵ دەکرێت، چیرۆکی گەورەبوونی خۆی لە لێواری خەرەندی رواندزەوە بۆ قەراخی رووباری (بێکهۆڵمن)ی ستۆکهۆڵم بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە.

هێمن عەبدوڵڵا
رووداو - ستۆکهۆڵم



سەلام کوردە تا ئێستا چوار جار لەگەڵ پاشای سوید دانیشتووە (فۆتۆ: رووداو)

> گەنجی کورد و سۆماڵی گوێ لەو دەگرن، بەڵام گوێ لە پۆلیس ناگرن

### موختاری هیوزبی

لە گەڕەکی هیوزبی لە ستۆکهۆڵم گەنجە کورد و سۆماڵی و بیانییەکانی دیکە پۆلیس ناناسن و تەنیا لە یەک کەس سڵ دەکەنەوە کە سەلام کوردەیە. بەدەم پیاسەوە بە کۆڵانەکانی هیوزبیدا، ئەو ملیۆنەرە کوردە چەندین چیرۆکی تاوانکاریی گەورەی وەک دزی و کوشتن و هەڕەشەلێکردن دەگێڕێتەوە کە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە تووشی دەبن. لەکاتی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەدا کۆمەڵە گەنجی دەوروبەری بیست ساڵ تاوەکو سی ساڵ تێدەپەڕن و دەستیان بە سنگیانەوە دەنێن و سڵاو لە موختارە ناسراوەکەی هیوزبی دەکەن. ئەویش بەپێکەنینەوە وەڵامیان دەداتەوە و بە ئێمە دەڵێت: "ئەمانە لە من ناترسن، بەڵکو هەست دەکەن من لێیان تێدەگەم، بۆیە باشتر لە پۆلیس و دەوڵەت گوێ لە من دەگرن و رێگەیان لێدەگرم کە تووشی تاوانکاری ببن". ئەمە دیوە گەشەکەی چیرۆکی سەلام کوردەیە، بەڵام دیوە تاریکەکەی ئەوەیە کە ئەو خۆیشی بووەتە قوربانیی تاوانکاریی ئەو گەنجانە و نیوەشەوێکی ساڵی پار، سوپەرمارکێتە گەورە و بەنێوبانگەکەی لە هیوزبی تاڵان کرا. وەک وەبەرهێنەرێکی سوێدی بۆی باسکردم: "ئەمە وایکرد سەلام کوردە بۆ یەکەمجار لە مێژووی شانشینی سوێددا مانگرتنی کارسازان رێکبخات و داوای پاراستنی مافەکانیان بکات."

> بۆ یەکەمجار لە مێژووی سوێددا مانگرتنی بە کارسازان کردووە

### برنجی سەلام کوردە

سەلام کوردە هەر لەنێو کوردی سوێددا نا، بەڵکو لەنێو سوێدی و بیانییەکانی دیکەشدا ناوێکی ناسراوە. برنجەکەی کە بە دوو مارکەی (سەلام کوردە) و (سەلام ستار) ناسراون، لە چێشتخانە ئێرانی و عەرەبی و تورکی و هیندییەکاندا وەک برنجی دانسقە پێشکەشی میوانان دەکرێت. لە چێشتخانەیەکی ئێرانی بەناوی (زرتشت) لە ستۆکهۆڵم دانیشتبووین و میواندارەکان نەیاندەزانی ئەوەیان لەگەڵمانە سەلام کوردەیە. کاتێک برنجیان بۆ هێناین، بەشانازییەوە دەیانگوت: "ئێمە باشترین برنج بەکاردەهێنین کە مارکەی سەلام کوردەیە".

ملیۆنەرەکەش بە تۆنێکی دەنگی پڕ لە شانازییەوە دەیگوت: "من شتی باش بە نرخی کەم بە خەڵک دەفرۆشم، بۆیەش لە رازیبوونی کڕیارەکانم دڵنیام".

### مانگا دڵخۆشەکە

جگە لەو بەرهەمانەی بە مارکەی سەلام کوردە لە سوێد دەفرۆشرێن، جۆرە پەنیرێکی تایبەتی نەمسایش لە سکەندەنافیا دەفرۆشرێت بەناوی (مانگا دڵخۆشەکە)، کە مافی فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی لە سوێد و نەرویج و دانیمارک بۆ سەلام کوردە پارێزراوە. ئەو دەڵێت: "ئەو پەنیرە لە عێراقیش دەفرۆشرێت، بەڵام بەداخەوە کوردستانیش هەر بە عێراق حیسابکراوە و لە بەغداوە بۆی دەچێت. خاوەنی پەنیرەکە سەرمایەدارێکی نەمساییە و زۆریش دۆستی کوردە، بەڵێنی پێداوم هەرکاتێک کوردستان سەربەخۆ بێت مافی فرۆشتنی پەنیرەکە لە کوردستان بداتە من."

### لە رواندزەوە بۆ ستۆکهۆڵم

چیرۆکی گەورەبوونی سەلام کوردە پڕ هەوراز و لێژییە. منداڵێک کە شوێنی یاریی سەر خەرەندی رواندز بووە، ئێستا کاریگەریی گەورەی بەسەر یاریی سیاسیی پارتەکانی سوێدەوە بۆ هەڵبژاردنەکان هەیە. ئەو رۆژەی لە کۆتایی حەفتاکاندا لە هەولێر ماڵئاوایی لە دایکی کرد و بۆ پێشمەرگایەتی چووە خڕی ناوزەنگ، کوردە نەیدەزانی رۆژێک سەر لە ئێران و بەدوایدا لە سووریا دەردەهێنێ و دەبێتە دۆستی کاربەدەستانی باڵای سووری و دواتریش دەچێتە لوبنان و لەگەڵ سەرکردە فەڵەستینییەکان پەیوەندیی دووردرێژی بۆ دروستدەبێ. ئەو هەمیشە دەڵێت نهێنیی سەرکەوتنی لەو پەیوەندییانەدایە کە لە هیندستانەوە تاوەکو دەگاتە میسر و ئوردن و لوبنان و عێراق و تورکیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا هەیەتی. ئەو رۆژەش کە لە نیوەی یەکەمی ساڵانی هەشتادا سەلام کوردە و حازمی برای بە کەمتر لە هەزار دۆلارەوە گەیشتنە ستۆکهۆڵم، نەیدەزانی ساڵانی دواتر وەک ملیۆنەرێک و وەک کەسێکی چالاکی سیاسی بۆ کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان لەسەر تەناهی و کێشەی کۆچبەران لە سوێد بانگهێشتی دەکەن و گوێ لە پێشنیاز و بۆچوونەکانی دەگرن.

### بازرگانی و ئەڤین لە ئوردن

هاوژینی سەلام کوردە، دایکی کوردی فەیلییە و کچی ماڵباتێکی ناسراوی بەغدایە. رۆژانی دەستپێکی دەوڵەمەندبوونی سەلام کوردە لە وڵاتی ئوردنەوە دەستپێدەکات. هەر لەوێش هاوژینەکەی دەناسێت و ساڵانی درێژ دەبنە هاوبەشی خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکدی. ئەو باش لەبیریەتی کە لە کۆتایی ساڵانی هەشتادا کەشتییەکی پڕ لە برنجی کە بایی سێ ملیۆن دۆلارە لە هیندستانەوە گەیاندووەتە ئوردن بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە بازرگانێکی بەغدایی. حکومەتی عێراق بەمە دەزانن و لەبەرئەوەی دەزانن خاوەنی بارەکە سەلام کوردەی کۆنە پێشمەرگەیە، لەلای حکومەتی ئوردن و ئەمریکییەکان و میسرییەکان سکاڵای لێدەکەن و دەڵێن باری کەشتییەکە چەکی تێدایە. کەسێکیش دەنێرنە لای سەلام کوردە بۆئەوەی بارەکە بە بەرپرسانی عێراقی بفرۆشێ. سەلام کوردە دەڵێت رەتیکردووەتەوە بارەکە بداتە عێراقییەکان، بۆیە لەکۆتاییدا کەشتییەکە دەگەڕێندرێتەوە میسر و لەوێ دەیپشکنن و بۆیان دەردەکەوێ کە هیچ چەکی تێدانییە.

**لە بەرنامەی بیگ ستۆری وردەکاریی زۆرتر لەسەر چیرۆکی گەورەبوونی سەلام کوردە، چوارشەممەی داهاتوو کاژێر نۆ لە تەلەڤزیۆنی (رووداو) ببینە.**

# کوردێک کۆچبەرانی سوید لە توندوتیژی دووردەخاتەوە

**رووداو – ستۆکهۆڵم**

لە یەکێک لە گەڕەکە پڕ لە شەڕ و کێشەکانی باکووری ستۆکهۆڵم کە زۆرجار پیاسەی ئێوارانی تێدا مەترسیدارە، هۆڵێک جمەی دێت لە منداڵ و گەنجی کۆچبەر، کە لەلایەن پەنابەرێکی کوردەوە مەشق و راهێنانیان پێدەکرێ. ئەم هۆڵە مێرمنداڵان و گەنجەکانی ئەو ناوچەیەی لە جگەرەکێشان و شەڕ و ئاژاوەی بەردەوام دوورخستووەتەوە.

یەلینا کە ئافرەتێکی رووسیی نیشتەجێی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێدە، لەو رۆژەوەی منداڵەکەی ناردووە بۆ ئەو یانەیە، ئیسراحەتی کردووە. یەلینا دەڵێت: "یانەکە ژیانی کوڕەکەی منی گۆڕی، بەشێوەیەک کە ئێستا لە قوتابخانەکەی شانازی بە کوڕەکەمەوە دەکەن، لە کاتێکدا پێشتر منداڵێکی سەر بە کێشە بوو".

ئەو یانەیەی کە کوڕەکەی یەلینا مەشق و راهێنانی لێوەردەگرێ (یانەی وەرزشی نێودەوڵەتیی ستۆکهۆڵم)، لەلایەن کوردێکی دێرینی ئەو وڵاتەوە بەناوی ئامانج رەنجبەر دامەزراوە.

ئامانج خۆشحاڵە بەوەی لە یەکێک لە گەڕەکە پەراوێز و پڕ توندوتیژییەکانی ستۆکهۆڵم توانیویەتی سەتان گەنجی بیانی دانیشتوی ئەو شارە لەخۆی کۆبکاتەوە و بەهۆی کار و چالاکییەکانیانەوە لە کاری توندونیژی و بۆشایی کات، دووریان بخاتەوە و تواناکانیشیان بۆ پێشەنگبوونی یانەکەیان بخاتەگەڕ.

ئامانج لە شاری کەرکووک لەدایکبووە، 36 ساڵە لە سوێد دەژی و ساڵی 2005 یانەی وەرزشی نێودەوڵەتیی ستۆکهۆڵم-ی دامەزراندووە. یانەکە تاوەکو ئێستا توانیویەتی چەندین نازناو لە یاری جیاوازدا بەدەستبهێنێ.

ئامانج باسی یانەکەی دەکات و دەڵێت: "ئامانجی ئێمە ئەوەیە منداڵان و گەنجانی رینکەبی و تێنستا خەریکی وەرزش بن، نەک لەسەر شەقامەکان فێری جگەرەکێشان و خواردنەوە بن. ئەوان لێرە جگە لەوەی بە وەرزش دەبنە خاوەن جەستەیەکی ساخ، لە هەمانکاتدا فێری نەریتی باشیان دەکەین و بنەماکانی کۆمەڵگەی سوێدیان پێدەناسێنین".

### لە کێشەوە بۆ بەدەستهێنانی خەڵات

رینکەبی، تێنستا، هیوزبی و چەند گەڕەکێکی دیکە کە دەکەونە باکووری شاری ستۆکهۆڵم، بە گەڕەکی پڕ لە کێشە ناویان دەرکردووە.

کێشە و شەڕ لەو گەڕەکانە نابڕێ، هەمووی مانگێک نابێت لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا گەنجێکی کورد لەو گەڕەکانە کوژرا و چەند سۆماڵییەکیش بریندار بوون.

ئامانج رەنجبەر، هۆکاری شەڕ و ئاژاوە لەو گەڕەکانە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەژاری و بێکاریی دانیشتووانی کە زۆربەیان کۆچبەرن: "خەڵکی ئەم گەڕەکانە هەژارن، دایک و باوکەکان بێکارن، لە بۆشایی کات و بۆشایی فکریدا دەژین، ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی تێوەگلانیانە بە کێشە".

ئامانج رەنجبەر توانیویەتی لە رێگەی یانەکەیەوە، چەندین منداڵی ئەو گەڕەکە لە خووی خراپ دووربخاتەوە: "توانیومانە لە رینکەبی و تێنستا، سەتان منداڵ بە توانا و بیرکردنەوەیەکی باشەوە بەرهەم بهێنین و خەڵات وەربگرن و لە چەندین بۆنەدا نوێنەرایەتیی سوێد بکەن".



سویدییەکان سوپاسی ئامانج دەکەن کە منداڵەکانیان لە توندوتیژی دووردەخاتەوە (فۆتۆ: رووداو)

یانەکەی ئامانج، دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر دامەزرانیدا، وەک قارەمانی سوێد هەڵبژێردرا و خەڵاتی (stockholm selta) بە ئامانج درا. ساڵی 2009 یش خەڵاتێکی دیکەیان بەناوی (Fail play pres) وەرگرت، کە خەڵاتێکی سەرتاسەریی سوێدە بەو کەس و یانە و گرووپانە دەدرێ کار بۆ گەنج و منداڵ دەکەن.

(یانەی وەرزشی نێودەوڵەتیی ستۆکهۆڵم) ساڵی 2013 بووە نوێنەری سوێد. ئامانج دەڵێت "وەک تاکە نوێنەری سوێد، خۆم و یانەکەمان هەڵبژێردراین بۆ بەشداری لە مەراسیمی پاریس کە هەموو وڵاتانی ئەوروپی تێیدا بەشدار بوون و دوای بەشداریی کارامان، خەڵاتی مەعنەویمان پێبەخشرا. وەک شەرەفێکیش بۆ ئەندامانی یانەکە، لەوێ گەنج و منداڵە ئەندامەکانی یانەکەمان، بە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ، ئەستێرەی تۆپی پێی سوێد ناسێنران".

بەڕای ئامانج ئەمانە وای کردووە، سوێد بەهەموو شێوەیەک بەدەنگیانەوە بێت "لە پارە، پاڵپشتی، توانای ماددی و مەعنەوی، هەرچییەکمان بوێت، ئێستا بۆمانی دەکەن".

### یانەکە بووەتە دامەزراوەیەکی نیمچە فەرمی

لە ژیانی تاراوگە و لە وڵاتێکی وەک سوێد، کارێکی لەو شێوەیەی ئامانج دەیکات بە تایبەتی لە گەڕەکە پڕ لە کێشەکانی کۆچبەراندا تەحەددایەکی گەورەیە و هەموو کەس ناتوانێ خۆی لە قەرەی بدات.

ستیف یۆهانسن، شارەزا لە بواری توندوتیژی دەڵێت: "کاری توندوتیژی و بەکارهێنانی منداڵ بووەتە کولتووری چەند پێکهاتەیەکی ئەم کۆمەڵگەیە، بەتایبەت لە گەڕەکە پەراوێزەکانی شارە گەورەکان". گوتیشی "خەڵکی ئەو جۆرە گەڕەکانە بە زەحمەت قبوڵی پرۆژەیەکی لەو شێوەیەی ئامانج دەکەن، چونکە پێیانوایە کاریگەری لەسەر پیرۆزییەکانی ئەوان هەیە بە نەرێنی".

بەڵام ئامانج گوێی بە گوشارە کۆمەڵایەتییەکان نەداوە و خۆی زیاتر ماندوو دەکات. ئامانج دەڵێت: "شەش رۆژ لە هەفتەدا کار و چالاکی و راهێنانمان هەیە. بەپێی ویست و قۆناغەکانیش منداڵەکان دێنە لامان و تیمەکانمان کاریان لەگەڵ دەکەن". گوتیشی "خەڵک لە پیرۆزی و گرنگی کارەکەمان تێگەیشتوون، رۆژ لەدوای رۆژ منداڵەکان زیاد دەکەن و خواست لەسەر هێنانی منداڵان بۆ یانەکەمان لای خێزانەکان زیاد دەکات".

مەریەم و ناتالی، دوو راهێنەری یانەی وەرزشی نێودەوڵەتیی ستۆکهۆڵمن. ئەوان لە ئاستێکی دیاریکراودا راهێنان بە منداڵەکان دەکەن و لەڕووی پەروەردە و هەڵسوکەوت و کردارە رۆژانەییەکانیش ئاگاداریان دەبن و پاشان بۆ چوونە نێو ئاستێکی دیکە، پێشکەش بە دوو راهێنەری دیکە (سامی و سیمۆن)یان دەکەن.

سامی هاوتەمەنی ئامانجە و خاوەنی ئەزموونێکی زۆرە. ئەو هەندێکجار وەک یاریدەدەری ئامانج رەنجبەر دەردەکەوێت و بەشێکی زۆر لە کارەکانی لە کۆڵ دەکاتەوە. سامی دەڵێت: "بۆشایی کات، تووشبوون بە شەڕانگێزی و کێشە و مەی و جگەرە، یەکێکە لە کێشەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت لەم گەڕەکانە، ئەوەی ئێمە دەیکەین دوورکەوتنەوەی ئەو گەنجانەیە لەو ژیانە. ئێمە خۆشحاڵین لە رێگەی ئەم یانەیەوە خزمەتی سەتان گەنج، هەزاران خێزانمان کردووە و شانازیش بەوە دەکەین شتێکمان پێشکەش بە کۆمەڵگەی سوێدی کردووە".

ئەو کە بە رەچەڵەک خەڵکی باکووری کوردستانە، هاوشێوەی ئامانج خەونی ئەوەیان هەیە پرۆژەی لەم شێوەیە لە کوردستان هەبێ و دەڵێت: "دەمانەوێت پرۆژەکەمان ببەینە باشووری کوردستان".

ئامانج قسەکانی هاوکارەکەی پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "لەگەڵ هاوکارەکانم بیرۆکەی ئەوەمان هەبوو ئەم ئەزموونە بگوازینەوە کوردستان، بەتایبەت کەرکووک، بەڵام بەداخەوە رووداوەکانی ئەمدواییە و داگیرکردنی کەرکووک ساردی کردینەوە".



## تەرمی خوشک و برایەک لە ماڵەکەی خۆیاندا دەدۆزرێنەووە

**ڕووداو- خانەقین**

سـەرلەبەیانی ڕۆژی 2018/7/13 پۆلیسـی خانەقین تەرمی دوو هاووڵاتی لە ماڵەکەی خۆیاندا لە خانەقین دۆزیەوە کە خوشـک و بران. عەقید دیار شەوکەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەلایەن هاووڵاتییەکەوە ئاگادار کراینەوە لەوەی کە دراوسێکەیان ماوەیەکە بێدەنگن، دوای چوونی پۆلیس بۆ ئەو ماڵە، دەرکەوت خوشک و برایەکن بەناوەکانی (فائیق محەممەد ساڵح کە مامۆستای خانەنشینە فائیقە محەممەد ساڵح کە خوشکییەتی، گیانیان لەدەستداوە". بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین لەبارەی هۆکاری گیانلەدەستدانیان گوتی: "ئاسەواری فیشەک، چەقۆ و لێدان بە جەستەیانەوە دیار نییە، بۆ زانینی هۆکاری مردنیان تەرمەکانمان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کەلار کردووە".

# بووکێک خەسووەکەی خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو - چەمچەماڵ**

سـەرتیپ برزۆ و (ئا.ف)ی تەمەن 32 ساڵ هیچ خزمایەتییەک لەنێوانیاندا نییە، کەمتر لە ساڵێکە هاوسەرگیرییان کردووە و لـە چەمچەمـاڵ دەژیـن. بەرەبەیانـی ڕۆژی 2018/7/7 دایکـە 80 سـاڵانەکەی سـەرتیپ بـە دەسـتی (ئـا)ی هاوژینـی خنکێنرا.

سـەرتیپ نزیکەی سێ مانگ بوو دایکە 80 سـاڵانەکەی هێنابـووە لای خـۆی و لەگەڵ هاوژینەکەی هەرسێکیان بەیەکەوە لە ماڵێکدا دەژیان، بەڵام سـەرتیپ ئێستا بەتەنیایـە، نـە دایکی و نـە هاوژینەکەی لەگەڵـدا نییە، یەکێکیان لە گۆڕسـتانە و ئەوی دیکەیان لە زیندان.

سـەرتیپ دەڵێـت: "کەمتر لە سـاڵێکە لەگـەڵ (ئـا) هاوسـەرگیریمان کـردووە، جگە لە وردە کێشـە کـە هەموو خێزانێک جار جـارە دەیانبێت، هیچ کێشـەیەکمان نەبوو. دایکیشـم پێشـتر لەلای خوشـکە گەورەکـەم بـوو، نزیکـەی 3 مانـگ بوو هێنابوومـە لای خۆمـان، لە مـاوەی ئەو سێ مانگەشـدا هیچ کێشـەیەک لەنێوان دایکـم و هاوژینەکـەم ڕووینـەداوە، بۆیە ئـەو تاوانەی کە هاوژینەکـەم کردوویەتی هەموومانی تووشـی سەرسوڕمان کرد".

پێـش ڕووداوەکـە، سـەرتیپ دەچێتە تـاران و لەکاتـی ڕووداوەکـە لـە ماڵەوە نابێت، ئـەو دەڵێت "نزیکـەی هەفتەیەک بـوو بۆ نەخۆشـی چووبوومە تـاران، لەو ماوەیەشـدا بـەردەوام پەیوەندیـم لەگەڵ ماڵـەوە هەبـوو، هیچ کێشـەیەک لەنێوان دایکـم و هاوژینەکەمـدا نەبـوو، تەنانەت شەوی ڕووداوەکەش نامەگۆڕینەوە لەنێوان مـن و هاوژینەکەمـدا هەبوو، هەسـتم بە هیـچ شـتێکی نامۆ لە قسـەکانیدا نەکرد، تەنیـا پێیگوتم بێتاقەتم و حەزدەکەم زوو بگەڕێیتـەوە، بەڵام دواتر بـە لەچکەکەی خۆی، دایکمی خنکاندووە".

سەرتیپ باسـی چۆنیەتی ئاشکرابوونی تاوانەکـە دەکات و دەڵێـت: "بەیانـی خوشـکە گەورەکـەم چووبـوو سـەردانی دایکم بـکات، زۆر لە دەرگای دابوو ئینجا هاوژینەکـەم لێـی کردبـووەوە، یەکسـەر بە خوشـکەکەمی گوتبـوو کارێکی هەڵەم کـردووە و پەشـیمانم، دواتـر دەچێتـە ماڵی باوکی، ئەوانیش ڕادەسـتی پۆلیسی دەکەن".

ئـەو ژنـە دوای خنکاندنی خەسـووی، دووبـارە خەوتووەتەوە، چونکە سـەرتیپ دەڵێـت: "بەیانییەکـەی کـە دەرگای لـە خوشکە گەورەکەم کردووەتەوە، خەواڵوو بووە و هێشـتا چاوی بەخـەو بووە. بۆیە زۆر بێباکانە تاوانەکەی کردووە".

دوای ئاگادارکردنـەوەی لە ڕووداوەکە، هـەر ئـەو ڕۆژە سـەرتیپ لـە تارانـەوە دەگەڕێتەوە و لە دژی هاوژینەکەی سکاڵای تۆمار کـردووە، ئەو لەبارەی هەڵوێسـتی کەسـوکاری هاوژینەکەشـی دەڵێـت: "ئێمـە چاوەڕوانی یاسـاین، کەسـوکاری هاوژینەکەشـم هیچ هەڵوێستێکیان نییە و دەڵێن ئێمە ملکەچی یاسـاین، پێشیانوایە کـە تاوانی کـردووە و تەنانەت خۆشـیان ڕادەستی پۆلیسیان کردووە".

ئەو ژنە لە دانپێدانانی خۆیدا گوتبووی سـەرەتا بە دەسـت هەوڵمـدا بیخنکێنم، دواتـر بە لەچکەکەی خنکاندم".

کەسـێکی نزیـک لـە بنەماڵـەی ژنـە خنکێنـراوە وردتـر باسـی ڕووداوەکـە دەکات و دەڵێت: "دایکی سەرتیپ پێشتر لـەلای کچە گەورەکەی بوو، بەڵام نزیکەی 3 مانگـە هاتووەتـە لای کوڕەکـەی، ئەو پیرەژنـە قاچی تەواو نەبووە و پێویسـتی بە کەسێک بووە خزمەتی بکات، کچەکەی ماڵیـان لـە شۆڕشـە و لـە دەرەوەی چەمچەماڵـە، چەند ڕۆژێک بوو سـەردانی دایکـی نەکردبـوو، بەنیـاز بـووە تاوەکو نیوەڕۆ لەلای بمێنێتەوە و دواتریش لەگەڵ هاوژینەکەی بگەڕێتەوە شۆڕش".

وەک ئـەو سـەرچاوەیە باسـی کـرد، کچەکـەی زۆر لـە دەرگا دەدات و کـەس نایکاتەوە، بۆیە شیشی ژێرەوەی دەرگاکە هەڵدەبڕێ و دەچێتە ژوورەوە، لە دەرگای ژوورەوە لـە پەنجەرەکـە دەدات، تاوەکو برازنەکـەی دێـت و دەرگاکـە دەکاتەوە. (ئـا) یەکسـەر دەڵێـت ئیشـێکی خراپم کـردووە، کچەکەی خێرا بـەرەو ژوورەوە ڕادەکات تاوەکـو بزانێت چی کردووە، کە دەچێتە ژوورەوە دەبینێت دایکی مردووە.

بەختیار ئەحمەد کە پارێزەری کەیسـی قوربانییەکەیـە، بـە (ڕووداو)ی گـوت: "ئێسـتا تۆمەتبار لە دەسـتی یاسـادایە، پـەڕاوی بـۆ کراوەتـەوە بەپێـی ماددەی 406 لە یاسـای سـزادانی عێراقی، هێشتا لـە قۆناغـی لێکۆڵینەوەدایـە و بڕیـاری کۆتایی لەسەر نەدراوە".

لەبارەی هەڵوێستی هەردوو بنەماڵەش، بەختیـار ئەحمـەد گوتـی: "کەسـوکاری تۆمەتبارەکـە هیـچ شـتێکیان نییـە جگە لـەوەی پێ لەوەدەنێن کە هەڵەیەک کراوە لەلایـەن کچەکـەی ئەوانـەوە، هەروەهـا کەسـوکاری کوژراوەکەش چاوەڕوانی دوا بڕیاری دادگا دەکەن".



کەسـوکاری بووکەکە خۆیان کچەکەیان ڕادەستی پۆلیس کرد

# کچێکی 15 ساڵان خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو - ڕانیە**



کەسـوکارەکەی دەڵێن ڕووداوەکە قەزاوقەدەرە، پۆلیسیش دەڵێت خۆی سووتاندووە

ڕووناک لـە سـەربانی ماڵـی خۆیـان ئاگـر لـە جەسـتەی بەربـوو، کەسـوکارەکەی دەڵێن ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە و کچەکەیان لە کاتی ئامادەکردنی خواردندا سـووتاوە، بەڵام پۆلیس و ڕێکخراوەکانی ژنان دەڵێن کێشەی هەبووە، بۆیە خۆی سووتاندووە.

کاژێـر نـۆی شـەوی 2018/7/11 ، کچێکی تەمـەن 15 سـاڵان بەنـاوی (ڕوونـاک.ز.ق)، دانیشـتووی گەڕەکـی خەبـات لـە ناحیـەی چوارقوڕنەی سـەر بە قەزای ڕانیە، لە سـەربانی ماڵی خۆیان سووتا. ئێستا قسەی جیاواز لەبارەی سووتانەکەی دەکرێ.

ڕوونـاک لە خێزانێکـی قەرەباڵغ بوو، چونکە باوکی سـێ ژنـی هێناون، بە گوتەی شـوان کە برای ڕووناکە، بەو پێیەی ئەوان ماڵێکی قەرەباڵغن و بەردەوامیـش میوانیـان دێت، بۆیـە ڕووناک و خوشکەکانی زۆربەی کات خەریکی ئامادەکردنی خواردنـن بۆ مـاڵ و میوانـەکان، ڕووناکیش کە سووتاوە سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن بووە.

شـوان بـە (ڕووداو)ی گـوت: "مـن و باوکم لـە کاتـی ڕووداوەکـەدا لە ماڵ نەبووین، بۆیان گێڕاینەوە کە ڕووناک چووەتە سەربان، بۆ ئەوەی گۆشـت ببرژێنێ، بـەڵام لەکاتی گەشـاندنەوەی خەڵـووز ئاگر لە جلەکانی بەربووە، کەس فریای نەکەوتووە، بۆیە زۆربەی جەستەی سووتاوە".

شوان ڕەتیکردەوە خوشکەکەی هیچ کێشەیەکی هەبووبێ و گوتی: "هەرچەندە خوشـکەکەم لە خوێندن باش نەبوو، ئەمسـاڵ تووشی دڵەڕاوکێ بووبـوو، بـەڵام ئـەوە وای لێنەکردبـوو بیـر لە خۆکوشـتن بکاتـەوە. نەشمانزانیوە کێشـەی سـۆزداری هەبووبێ، بۆیە پێمانوایـە ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە".

بـەڵام ڕێکخراوەکانـی ژنـان و پۆلیـس و پزیشکیش دەڵێن ئەو کچە خۆی سووتاندووە.

ئاشنا حەسـەن، بەرپرسی کۆمیتەی ناحیەی چوارقورنـەی یەکێتـی ژنانـی کوردسـتان بـە (ڕووداو)ی گـوت: "ئێمـە بەهاوکاریی پۆلیسـی ناحیـە سـەرقاڵی بەدواداچوونیـن بۆ کەیسـی ڕووناک. بەپێی زانیارییە سـەرەتاییەکان ڕووناک بەهۆی کێشـەی سـۆزدارییەوە، بـاری دەروونی تێکچووە، بەڵام داوای هاوکاری لە کەس نەکردووە بۆ چارەسـەرکردنی کێشەکەی، بەڵکو لە جیاتی ئەوە پەنای بۆ خۆسووتاندن بردووە".

ئاشنا پێیوایە کە کەسوکاری ڕووناک دەیانەوێ دۆسیەی کچەکەیان بەلاڕێدا ببەن، چونکە سەرەتا گوتیان بەهۆی شۆرتی کارەباوە مردووە. بۆیە داوا لە پۆلیس دەکات لێکۆڵینەوەی ورد لە دۆسیەکەدا بکەن. هەر کەسێک پاڵنەربووبێ بۆ خۆسووتاندنی ڕووناک، بە ڕێکاری یاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

دوای ڕووداوەکـە، تەرمـی ڕووناک لە بەشـی پزیشـکی دادوەریی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە خرایـە بەر پشـکنین. فەرمان ئەحمـەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشـخانەکە، ئەنجامی پشـکنینەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "بەپێی پشـکنینەکان، ئەو کچـە بە نەوت خۆی سـووتاندووە. ڕێژەی سووتانەکەشی 100% بوو، بۆیە هەر لە شوێنی ڕووداوەکە گیانی دەرچووبوو".

سەرەتای ئەم مانگە، پۆلیسی ڕاپەڕین ئاماری شـەش مانگی یەکەمی ئەمسـاڵی ڕووداوەکانی دەڤەرەکـەی بڵاوکردەوە. بەپێـی ئامارەکە، لە ماوەی ئەم شـەش مانگەدا، دوو ئافرەت خۆیان سووتاندووە، پێنج ژنیش بە ڕووداوی جۆراوجۆر سـووتاون. هـەر لەو شـەش مانگـەدا دوو ژن کوژراون و دوو ژنی دیکەش خۆیان کوشتووە.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕیـن سـەبارەت بـە کەیسـی ڕوونـاک بە (ڕووداو)ی گـوت: "دوای ئـەوەی لە ڕووداوەکە ئـاگادار کراینـەوە، تیمەکانی پۆلیسـی بەڵگە و تـاوان چوونـە شـوێنی ڕووداوەکـە. بەپێی بەدواداچوونەکانـی پۆلیس، کچەکە بەدەسـتی خۆی نەوتی بەخۆیـدا کردووە و ئاگری لەخۆی بەرداوە".

گوتیشـی: "بەڵگەیەکـی دیکـە لەسـەر خۆسووتاندنی ئەو کچە قسەکانی دایکیەتی کە بە پۆلیسـی گوتووە: کچەکەیان بە مەبەسـتی ئیشـکردن چووەتـە سـەربان، بـەڵام تانکیی نەوتەکەی کردووەتەوە و نەوتی بەخۆیدا کردووە و خۆی سووتاندووە".



# لە خانووە چۆڵەکەی ماڵی باوکیدا خۆی خنکاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو - پشدەر**

سەفیە و هاوژینەکەی کارەکانی ئەو ڕۆژەیان لـە نێوان خۆیاندا دابەش کرد، سـەفیە بڕیاری دا بچـێ دار و درەختـی خانـووە چۆڵەکـەی ماڵی باوکی ئاوبدات، هاوژینەکەشـی دارەکانی باخەکـەی خۆیان، بەڵام سـەفیە هـەر لە نێو خانووەکـەدا بـە پەتێک خۆی هەڵدەواسـێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

ڕۆژی 2018/7/10 ژنێکی تەمەن 27 سـاڵ بەناوی (سـەفیە، ئە) کـە دایکی دوو منداڵ و دانیشتووی گوندی دوو گۆمانی سەر بە ناحیەی سەنگەسـەر بوو، لە نێو خانوویەکی چۆڵدا بە پەتێـک خۆی خنکاند. کەسـوکارەکەی دەڵێن سەفیە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، بۆیە خۆی خنکاندووە.

محەممەد ئیبراهیم کە برای مێردی سەفیەیە، دەڵێت سەفیە حەوت ساڵە بووکی ئەوانە و هیچ کێشـەیەکی لەگەڵ هاوژینەکەیدا نەبووە، بەڵام دوو ساڵ لەمەوبەر تووشی نەخۆشی بووە و بەو هۆیەوە زۆرجار باری دەروونی تێکچووە.

بەقسـەی محەممـەد، ئـەو ژنـە دوو سـاڵ لەمەوبەر تووشی نەخۆشیی غودە بووبوو، باری دەروونیشی بەو هۆیەوە ناجێگیر بووە!

ئەو دەشـڵێت کـە براکـەی بردوویەتی بۆ لای دکتـۆر، بـەڵام چـاک نەبووە! دەشـڵێت "نەخۆشییەکەی زۆری بۆ هێنابوو چەند جارێک هەڕەشەی کردووە و گوتوویەتی خۆم دەکوژم".

محەممەد باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە سەفیە خـۆی خنکانـد و دەڵێـت: "ئـەو ڕۆژە دوای سـەعات سێ چووبوو دارودرەختی خانووەکەی ماڵـی باوکی ئاو بدات، چونکە ئەوان لە وەرزی گەرمادا بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەچنە بناری قەندیل. براکەشم چووبوو باخەکەی خۆیان ئاو بدات. دوای سـەعات چوار تەلەفۆنی بۆ برازنم کردبوو وەڵامی نەدابووەوە، یەکسـەر چوو بوو بـۆ لای خانووەکە و کاتێک چووبووە ژوورەوە، بینیبووی بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە".

هەرچەندە محەممەد دەڵێت ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە و دەسـتی کەسـی تێدا نەبووە، بەڵام هاوژینی سـەفیە دوای ڕووداوەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەسـتگیرکراوە. محەممەد دەڵێت: "براکەم تەنیا بۆ لێکۆڵینەوە ڕاگیراوە".

بەڵام محەممەد حەمەد کە ئامۆزای سەفیەیە، دەڵێت سـەفیە هیچ کێشەیەکی نەبووە، ئەوان پێشتر نەیانزانیوە نەخۆشیی دەروونی هەبووبێ، ئەگەرنا چارەسـەریان دەکرد، ئەو لەو باوەڕەدا نییـە خۆخنکاندنـی سـەفیە پەیوەنـدی بـە نەخۆشیی دەروونییەوە هەبێ و دەڵێت "بێگومان کێشەیەکی هەبووە بۆیە خۆی خنکاندووە".

سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی بنەماڵەکەیان، ئامۆزاکەی سـەفیە گوتی: "ئێمە هێشـتا هیچ قسـەیەکمان لەبـارەی ڕووداوەکە نەکـردووە، چاوەڕێـی ڕاپۆرتی پزیشـک و پۆلیس دەکەین بـۆ ئەوەی بزانیـن ڕاسـتیی ڕووداوەکە چۆنە، خۆشمان بەدواداچوون دەکەین، ئەوکات بڕیاری خۆمان دەدەین".

گوتیشی: "هەر کەسێک لە پشت ڕووداوەکە بـێ، یان دەسـتی لە ڕووداوەکـەدا هەبێ، لێی خۆشنابین و سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەین".

هـەر لەبـارەی ئـەو ڕوووداوە، ئەبوبەکـر محەممـەد کە ئەنجوومەنی گوندی دوو گۆمانە، دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ یەکدی زۆر تەباین، زۆریش ڕێز لە ژنان دەگرین، سەفیەش لە گوندەکەمان ئافرەتێکی بێ کێشـە بوو، بۆیـە ئەگەر ڕوون بووەوە کەسـێک دەستی لە ڕووداوەکەدا هەیە، بێگومان دانیشتووانی گوند لێی قبوڵ ناکەن".

دوای ڕووداوەکـە، تەرمـی سـەفیە لـە نەخۆشـخانەی گشـتیی قـەڵادزێ خرایـە بەر پشـکنین. عوسـمان محەممـەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیـی نەخۆشـخانەکە، باسـی ئەنجامـی پشکنینەکەی کرد و گوتی: "ئەو ئافرەتە خۆی خنکاندبوو، شـوێنی پەتەکە بەسـەر ملییەوە دیاربوو".

هـەر لەوبارەوە ڕائید شـۆڕش ئیسـماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی قسـەی کەسـوکاری مێردەکـەی، ئەو ئافرەتە نەخۆشیی غودەی هەبووە و بەو هۆیەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، بەڵام دادوەر گومانـی لـە ڕووداوەکـە هەبوو، بۆیـە بڕیاری ڕاگرتنی مێردی ژنەکەی دا بەپێی مادە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی، چونکە هاوژینەکەی لەو کاتەدا لە ماڵ بووە".



## گەنجێک لە شەڕی نێوان دوو بنەماڵەدا کوژرا

**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژی 2018/7/12، لە شارۆچکەی عەربەت بەهۆی شەڕ و دەمەقاڵێی نێوان دوو بنەماڵە، گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بە گوللە کوژرا. بەپێی هەواڵێکی بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمە فریاگوزارییەکان گەنجەکە بەبرینداری ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانیلەدەستدا و تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری لەشاری سلێمانی کرا. گەنجەکە ناوی (ب،ز،غ)ە و تەمەنی 19 ساڵە و دانیشتووی شارۆچکەی عەرەبەتە. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس و تیمەکانی بەشی پۆلیسی بەڵگە و تاوان گەنجەکە بە گوللە کوژراوە.

## بۆ کارکردن هاتبووە هەولێر

# گەنجێکی ڕۆژهەڵات سێ مانگە بێسەروشوێنە



ڕەسوڵ حەسەن فیردەوسی

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

گەنجێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سێ مانگ لەمەوبەر بۆ کارکردن هاتووەتە هەولێر، کەسوکارەکەی دەڵێن لەو کاتەوە پەیوەندییان لەگەڵی پچڕاوە و نازانن لەکوێیە.

ڕەسوڵ حەسەن فیردەوسی، تەمەن 28 ساڵ و خەڵکی شاری ماکۆی سەر بە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوڕێیەکی لە هەولێر کە بازرگانی کاشییە، پێشنیازی بۆ کردووە بێتە هەولێر کاربکات، ڕەسوڵیش ڕۆژی 2018/4/10 بەرەو هەولێر بەڕێدەکەوێت.

بەهرۆز حەسەن فیردەوسی، برای ڕەسوڵ کە شەکەت بووە هێندەی بەدوای براکەیدا بگەڕێ، بە (ڕووداو)ی گوت: "سێ مانگ لەمەوبەر ڕەسوڵی برام پێیگوتین هاوڕێیەکم داوای لێکردووم بچمە هەولێر کاربکەم، ڕەسوڵ ئاواتی زۆری هەبوو، دەیگوت دەڕۆمە هەولێر کاردەکەم، لەوێ پارەیەکی باش کۆدەکەمەوە، ژن دێنم و ئۆتۆمبێل دەکڕم".

بە گوتەی بەهرۆز، براکەی بە تەنیا هاتووە بۆ باشووری کوردستان، ئەو ڕۆژەی کە گەیشتووە، ماڵەوەی ئاگادار کردووەتەوە. بەهرۆز گوتی "ڕەسوڵ هەر کە گەیشتە حاجی ئۆمەران تەلەفۆنی بۆ کردین و گوتی گەیشتووم و بەرەو هەولێر بەڕێدەکەوم، ئەوە دوایین جار بوو کە قسەی لەگەڵ بکەین، لە دوای ئەوە هەموو جۆرە پەیوەندییەکمان لەگەڵی پچڕا و نازانین چی بەسەرهاتووە".

پێشتر ڕەسوڵ بۆ کارکردن چووەتە تورکیا، بەهرۆز دەڵێت: "خۆم وەستای لەحیمم، ماوەی ساڵێک ڕەسوڵی برام شاگردی من بوو، بەڵام ویستی کاری سەربەخۆی هەبێت، بۆیە دوو جار بۆ کارکردن چووە تورکیا و لە کۆمپانیایەکی بیناسازی کاری دەکرد، بەڵام لەوێش وەکو ئێران کاری باشی دەستنەکەوت و گەڕایەوە. ئەمجارە بڕیاری دا رووبکاتە هەولێر، گوتی لەوێ کار و داهاتێکی باشی دەستدەکەوێت".

ڕەسوڵ سێ برا و سێ خوشکی هەیە و کوڕی بچووکی خێزانەکەیە، برا و خوشکەکانی هاوسەرگیرییان کردووە و هەریەکەیان بەجیا دەژین. بەهرۆز دەڵێت "لەو ڕۆژەوە ئێمە سۆراخی دەکەین و هیچ شوێنێک نەماوە لە هەرێمی کوردستان بەدوایدا نەگەڕێین، چووینەتە لای ئاسایش و پۆلیس و باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەی ئێرانیش، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی دیار نییە، نازانین مردووە، رفێندراوە، کوژراوە یان هێشتا لە ژیاندا ماوە، بۆیە داوا لە هەموو کوردێک لە هەرێمی کوردستان دەکەم، هەر زانیارییەکیان لەبارەی براکەمەوە هەیە، پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار بکەنەوە، چونکە دایک و باوکە نەخۆشەکەمان و ئێمەش لەتاوی براکەم ژیانمان لێ تاڵ بووە".

سەبارەت بەو هاوڕێیەشی کە هانی ڕەسوڵی داوە بێتە هەولێر، بەهرۆز دەڵێت: "ئێمە نەمانبینیوە و نایناسین، ئەو کەسە کاری بازرگانیی کاشی دەکات و بۆ کاشی کڕین چەند جارێک هاتووەتە ورمێ، وەک ڕەسوڵی برام دەیگوت بە ڕێکەوت لە گەراجێک ناسیویەتی و بوونەتە هاوڕێ، هیچ ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانێکیشی نازانین تاوەکو بچینە لای، بەڵکو لەڕێگەی هەفتەنامەی ڕووداوەوە وێنەی براکەم ببینێت و پەیوەندیمان پێوە بکات تاوەکو هاوکاریمان بکات لە دۆزینەوەی براکەم".

لەبارەی ونبوونی ئەو گەنجە لە شاری هەولێر، ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژی 2018/7/8 برای ئەو گەنجە بۆ سۆراخکردنی براکەی هاتە لامان، ئێمەش بانگەوازمان بۆ کردووە و هەر کەسێک زانیاری لەبارەیەوە هەیە با هێزەکانی پۆلیسی هەولێری لێ ئاگادار بکاتەوە".

# لەکاتی خاوێنکردنەوەی تانکی گازی ماڵی بەڕێوەبەرەکەی دەمرێ



ئاسۆ ڕەسوڵ غەفوور

**ڕووداو- دووکان**

پۆلیسێکی بنکەی پۆلیسی ناحیەی بنگردی سەر بە قەزای دووکان لە کاتی پاککردنەوەی تانکییەکی گازی ماڵی بەڕێوەبەری بنکەکەیان دەمرێت، بەڕێوەبەری بنکەکە دەڵێت ئەو پۆلیسە لەسەر داوای خۆی هاتووە یارمەتی بدات. دەشڵێت مردنەکەی بەهۆی جەڵتەی دڵەوە بووە، نەک بەهۆی بۆنی گازی تانکییەکە.

ئاسۆ ڕەسوڵ غەفوور، تەمەن 30 ساڵ و دانیشتووی قەزای ڕانیە، کارمەندی بنکەی پۆلیسی بنگرد بوو. شەوی 2018/7/11 لەگەڵ چەند پۆلیسێکی بنکەکەیان دەچنە ماڵی بەڕێوەبەری بنکەکە بۆ پاککردنەوەی تانکییەک کە پێشتر بۆ گاز بەکارهێنراوە، بەڵام ئاسۆ بەر لەوەی لە نێو تانکییەکە بێتە دەرەوە، لە هۆش خۆی دەچێ، دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانەش، دەمرێ.

حاجی زێنەدین کە مامی ئاسۆیە، لە دووەم ڕۆژی پرسەی برازاکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "ئاسۆ ئەو ڕۆژە لە دەوام بووە لە بنکەی پۆلیسی بنگرد، بەڕێوەبەرەکەیان تانکییەکی گازی کڕیبوو، ویستبووی پاکی بکاتەوە. ئاسۆ و چەند پۆلیسێکی دیکە دەچن بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن لە شووشتنی تانکییەکە".

وەک حاجی زێنەدین دەڵێت، پۆلیسەکان و بەڕێوەبەرەکەیان سەرقاڵی شووشتنی تانکییەکە بوونە و هیچ کێشەیەک نەبووە. بەڵام ئاسۆ بەر لە هاتنە دەرەوەی لە تانکییەکە لەهۆش خۆی چووە.

حاجی زێنەدین دەڵێت: "ئاسۆ بەهۆی جەڵتەی دڵەوە مردووە، بۆنی نێو تانکییەکەی بۆ هاتووە، بەهۆی گەرمای نێو تانکییەکەش ئارەقەی زۆری کردووە و بەو هۆیەوە تەندروستی تێکچووە".

مامی ئاسۆ پێی ئاساییە کە برازاکەی چووە کاری بۆ ماڵی بەڕێوەبەرەکەی کردووە و دەڵێت "بەڕێوەبەرەکەیان خزمی خۆمانە، نێوانی لەگەڵ پۆلیسەکان خۆشە، زۆرجار کە یەکێکیان ئیشی هەبێ، یارمەتی یەکدی دەدەن. ئەوانیش ئەو شەوە ویستوویانە یارمەتی بەڕێوەبەرەکەیان بدەن".

گوتیشی: "ئێمە هیچ ناخۆشییەکمان لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی ئاسۆدا نییە، مردنەکەشی دەستی ئەوی تێدا نەبووە، بۆیە سکاڵامان لەسەری نییە".

ڕائید سەردار کوێخا، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی ناحیەی بنگرد پشتڕاستی کردەوە کە ئاسۆ و چەند پۆلیسێکی بنکەکەی ئەو شەوە هاوکارییان کردووە بۆ شووشتنی تانکییەکی گاز و ئاسۆش لە نێو تانکییەکەدا وای بەسەرهاتووە.

ڕائید سەردار بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە لە بنکەکەمان هەموومان ئەگەر خزم نەبین، هاوڕێی یەکدین، زۆرجار هاوکاریی یەکدی دەکەین، ئەوانیش ئەو شەوە هاتن هاوکاریم بکەن بۆ شووشتنی تانکییەکی گاز کە نزیکەی 10 مانگ لەمەوبەر کڕیبووم و لە ماڵەوە دامنابوو بۆ ئەوەی بۆنەکەی نەمێنێ".

ڕائید سەردار باسی ئەو شەوە دەکات کە تانکییەکەیان شووشتووە و دەڵێت: "لەبەر ئەوەی بەڕۆژ گەرمایە، بڕیارماندا شەوی 2018/7/11 کە شەو فێنکترە بۆ کارکردن، تانکییەکە بشۆین، لەگەڵ خزمێکم بە غەسلی بچووکی شووشتنی ئۆتۆمبێل دەستمان کرد بە خاوێنکردنەوەی. ئاسۆ کە شوفێری بنکەکەمانە و 10 ساڵە پۆلیسە، لەگەڵ چەند پۆلیسێکی دیکە بەبێ ئەوەی من داوایان لێبکەم، هاتن هاوکاریم بکەم، ئاسۆ ڕێگەی نەدا من بڕۆمە نێو تانکییەکە، خۆی بە شۆرت و فانیلەوە چووە نێوی و لەگەڵ پۆلیسێکی دیکە خاوێنیان دەکردەوە، کارەکەیان تەواو کرد، هێشتا ئاسۆ لەنێو تانکییەکەدا مابوو، لە پڕ دەنگێک لە نێو تانکییەکەوە هات، کە سەیرمان کرد ئاسۆ کەوتبوو، هەرچەند بانگمان کرد، هیچ دەنگی نەبوو".

بەڕێوەبەر و پۆلیسەکان، ئاسۆ لە تانکییەکە دەهێننە دەرەوە و دەیبەن بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە، بەڵام بەهۆش نایەتەوە. ڕائید سەردار دەڵێت: "بەپێی زانیارییەکان ئاسۆ بەهۆی جەڵتەی دڵەوە مردووە، پێشتریش جارێک لە دەوام تووشی ئازاری سنگ بووبوو بە پەلە بردبوویان بۆ نەخۆشخانە".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، لەبارەی هۆکاری مردنی ئاسۆ بە (ڕووداو)ی گوت: "ئاسۆ کە گەیەندرایە نەخۆشخانە گیانی لەبەردا نەمابوو، دوای پشکنین بۆ تەرمەکەی و توێکاری لەلایەن پزیشکی دادوەری، دەرکەوت بەهۆی جەڵتەی دڵەوە مردووە".

# دادوەرێک بڕیاری لەسێدارەدانی 4000 کەسی داوە

**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە 40 ساڵ کاری دادوەریی کردووە، بەناوبانگترین دادوەری دادگای تاوانی تارانە. لەو ماوەیەدا بڕیاری لەسەر 4500 کەیسی تاوان داوە کە نزیکەی 4000 کەیسیان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە. بەڵام لە هیچکام لە بڕیارەکانی پەشیمان نییە.

نورولڵا عەزیز محەممەدی، دادوەری پێشووی دادگای تاوانی تاران، ماوەی 45 ساڵ ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵ کەیسی تاوانی کوشتن، جەستەی پارچەپارچەکراو و دەستدرێژیدا کردووە. بەگوێرەی یاساکانی ئێران، ئەگەر کەسێک بە ئەنقەست کەسێکی دیکە بکوژێ، لەسەر داوای کەسوکاری پلە یەکی قوربانییەکە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ.

نورولڵا، لە ساڵی 1974ەوە دەستی بە کاری دادوەری کردووە. ڕێک لەو کاتەشدا هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی 10 ساڵ لە خۆی بچووکتر کرد، هاوژینەکەی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە 4000 کەس بە بڕیاری نورولڵا مردوون، چونکە پێیوایە هاوسەرەکەی "لەسەر کەیسەکان ورد بووە و ئەوەندە لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون کە مەحاڵە بڕیاری ناحەقی دابێ".

بەڵام کچی دادوەرەکە کە پزیشکە، بۆچوونی جیاوازە و دەڵێ: "من زۆر بیرم لەو بابەتە کردووەتەوە کە چۆن دەکرێ باوکم لە هەموو ئەو بڕیارانەی داونی هیچکات هەڵەی نەکردبێ. بێگومان هیچ مرۆڤێک بێبەری نییە لە هەڵە. زۆرجار لە باوکمم پرسیوە ئاخۆ هەڵەی کردووە یان نا، بەڵام باوکم زۆر بڕوای بە کارەکەی خۆی هەیە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندی بەدۆکیۆمێنتکردنی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران (IHRDC)، لە نێوان ئاداری 2017 بۆ ئاداری ئەمساڵ 520 کەس لە ئێران لەسێدارە دراون. پێنج لەوانە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا تەمەنیان 18 ساڵ کەمتر بووە. زۆربەی کەیسەکان لەسەر قاچاخچێتی، مادەی هۆشبەر و کوشتن بوون. بەڵام لە نێوان تۆمەتباراندا کەسانێکیش هەن کە تاوانەکەیان زینا، هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، سووکایەتی بە پێغەمبەری ئیسلام و کەیسی تەمومژاویی ئاسایشی نیشتمانی بووە.

دادوەر عەزیز محەممەدی، تەمەن 70 ساڵ، دەڵێت: "سزادان هەر ئەوە نییە کەسەکە داخ بکەیت، بەڵکو زۆر جاران گرنگ ئەوەیە تەمبێ بووبێ و ژیانیشی تێکنەچێ. بۆیەش هەر ئەوەندە بۆ ئێمە بەسە کە بزانین کەسەکە تەمبێ بووە و جارێکی دیکە تاوانەکە ناکاتەوە".



باوکی نورولڵا عەزیز محەممەدی لەلایەن تریاککێشێکەوە کوژراوە

نموونەی ئەمەش کەیسی دوو کەسە کە یەکێکیان ڕاستەوخۆ لە تاوانێکی کوشتندا بەشدار بووە و ئەوەی دیکەیان هیچ بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی لە تاوانەکەدا بەشدار بووبێ، بەڵکو تەنیا ئەوەی لەسەر سەلماوە کە لە تاوانی "دزی بە چەک" بەشدار بووە. ئەوەی یەکەمیان قەساسی بۆ دادەنرێ و ئەوەی دووەمیان تەنیا چەند ساڵێک بەندکردنی بەردەکەوێ، لەبەر ئەوەی هاوژینەکەی گەنجە و پێنج ساڵە هاوسەرگیرییان کردووە، ئەگەر بڕیاری قورسی لەسەر دابا، ژیانی ئافرەتەکە بۆ هەتا هەتایە تێکدەچوو.

> **پەشیمان نیم و بەپێی یاسا مامەڵەم کردووە**
> دادوەرەکە

دادوەر محەممەد عەزیزی ئەمە بە "سیاسەتی دادوەری" ناودەبات، بەشێک لەم سیاسەتەش لەگەڵ میدیا و ڕای گشتیدا دەکرێ: "تاوەکو خەڵک وا بزانن سزای قورسمان داناوە، لەکاتێکدا سزاکەی کە خۆمان دامانناوە کەمترە". هەندێکجاریش ڕێگە دەگرن لەوەی کەیسەکەی بەردەستیان ڕەوانەی "دادگای شۆڕش" بکرێ کە زۆربەی کەیسەکانیان سیاسین و سزای قورسیان بەدواوەیە.

### سێبەری مەرگ

ئەو هێشتا منداڵ بووە کە دوو برای مردوون، دایکی لە تەمەنی 28 ساڵیدا لەبەر نەبوونی دەرمان مردووە. باوکیشی بەدەستی ئالوودەبوویەکی مادەی هۆشبەر کوژراوە. دادوەر محەممەد عەزیزی لە گەڕەکێکی هەژارنشینی تاران لەدایک بووە، لە گەڕەکەکەیاندا دیاردەی کوشتن و شوێنبزرکردن شتێکی نامۆ نەبووە، بۆیەش بەدەم سەیرکردنی خانووە کۆنەکەی ماڵی باوکییەوە دەڵێ "دونیایەکی سەیرە، ئێستا ئێمە خۆمان ئەو خەڵکە دەگرین و بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەردەکەین".

زیاتر لە چل ساڵە کفنی خۆی لە شاری مەشهەد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران کڕیوە و لەناو کەنتۆری ماڵەوە دایناوە، بە گوتەی خۆی بۆ ئەوەیە "هەمیشە لەبیرم بێ کە مرۆڤ کۆچی لەڕێیە". ئەو باکی بەوە نییە کە ئێستا بمرێ، چونکە دەڵێت "لە 45 ساڵی کاری دادوەریمدا، لە چوارچێوەی یاسادا مامەڵەم کردووە".

دادوەر محەممەد عەزیزی خانەنشین کراوە و ڕووی لە کاری پارێزەری کردووە و پێیوایە بەو ئەزموونەی ئەو لە کەیسەکانی کوشتندا هەیەتی، سەردانکەری زۆر دەبێ و وەک بڵێی "سێبەری مەرگ" لەسەری لانەچێ، بەدەم پاککردنەوەی کێلی گۆڕەکەی دایکی لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرای تاران دەڵێ: "هێشتا منداڵ بووم کاتێک دوو برام مردن. خەریکبوو چاوم بکرێتەوە کە دایکم کۆچی دوایی کرد، باوکیشم بەو شێوە دڕندانەیە لە ماڵەکەی خۆیدا خنکێنرا. پیشەکەشم چ وەکو دادوەر یان وەکو پارێزەر تێکەڵاوی مردن و خوێن بووە. پێموایە مەرگ لەگەڵ مندا دەژی. مەرگ بووە بە هاوڕۆحم".

لەماوەی 15 ساڵدا

# 10 هەزار کەس لە کوردستان بە ڕووداوی هاتوچۆ مردوون

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

دوای ئـەوەی چەند هاوڕێیەکـی هونەر تاهیری شـانۆکار، بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لەسـەر ڕێگای نێـوان هەولێر-کۆیە، دەمرن، ئـەو بە چالاکییەکی هونـەری ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ کە قوڕپێوانە بۆ خراپیی حاڵی ڕێگاوبانەکانی کوردستان.

هونـەر تاهیر بـە (ڕووداو)ی گـوت: "قوڕپێوان لەکوردەواریـدا واتە ئەوپەڕی بێهیوابوون، ئەوپەڕی دڵتەنگـی و ناڕەزایـی دەربڕیـن بەرامبەر شـتێک. منیش لەداخی خراپیی ئەو ڕێگایە و مردنی ڕۆژانەی شـوفێر و هاووڵاتیان، بە سـەتڵ قـوڕاوم بەخۆمدا کـرد، ناڕەزایەتییـەک بـوو بەرامبـەر حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار کە ئاوڕێک لەو ڕێگایە بدەنەوە و چیدیکە خەڵک نەبنە قوربانی".

حکومەتی هەرێمی کوردستان دان بەوەدا دەنێت کە ڕێگاوبانەکان بەکەڵکی ئەوە نایەن ڕۆژانە دەیان هـەزار ئۆتۆمبێـل هاتوچۆی بەسـەردا بکـەن، بە تایبەتی ڕێگای نێوان شارەکان. زۆربوونی ئۆتۆمبێل و خراپیـی ڕێگاوبانەکان بوونەتە هـۆی ئەوەی ڕۆژ بـەڕۆژ ژمارەی قوربانیانـی ڕووداوی هاتوچۆ ڕوو لە هەڵکشان بکات.

## ڕێگایەکی ئەنەلۆگ

دوای ڕووداوەکانی 16ـی ئۆکتۆبەر و داخسـتنی ڕێگای هەولێر – پردێ، لۆدێکی زۆر کەوتووەتە سەر ڕێگەی کۆیە کە یەک سـایدە، ئەمەش ڕووداوەکانی هاتوچۆی زۆر زیاد کردووە. عەقید زاهیر محەممەد، بەڕێوەبـەری هاتوچـۆی کۆیە دەڵێت: "داخسـتنی ڕێگـەی هەولێر- پردێ لۆدێکی زۆری خسـتووەتە سـەر ڕێگەی نێوان هەولێر – کۆیە، چونکە ئێستا ڕێـگای کۆیە – تەقتەق و کۆیـە- دێگەڵە بوونەتە ڕێگای سـەرەکی هاتوچۆی هاووڵاتیانی کەرکووک و سلێمانی بۆ هەولێر.

بە گوتەی عەقید زاهیر: "دوای داخستنی ڕێگەی نێـوان پـردێ – هەولێـر. ڕووداوەکان لـە ڕێگەی کۆیە 80% زیادیان کردووە. سـاڵی 2017 تەنیا 15 کـەس بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بوونە قوربانی، بـەڵام ئەمسـاڵ 115 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویانداوە و بەهۆیەوە 170 کەس بریندار بوون و 10 کەسـیش گیانیان لەدەستداوە".

ڕێـگای نێـوان هەولێـر کۆیـە کە یەکسـایدە، درێژییەکـەی نزیکـەی 60 کیلۆمەتـرە. پێشـتر حکومەت بڕیاری دابوو ڕێگاکە بکاتە دوو ساید، کە بەپێی دیزاینی ڕێگاکە، ماوەی ڕێگای نێوان هەولێر و کۆیە بۆ 40 کیلۆمەتر کەم دەبووەوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارکردن لە پرۆژەکە وەستاوە.

ڕائید فازڵ حاجی، گوتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێـر پێیوایـە ڕێـگای نێـوان هەولێـر – کۆیە ڕێگایەکی سەربازییە و ناکرێت بە ڕێگایەکی ئاسایی دابنرێ و دەڵێت: "لەوانەیە بۆ بەیەکگەیاندنی شارێک و قەزایەک ئاسـایی بێت، بـەڵام کاتێک کە وڵاتێک و وڵاتێک بەیەک بگەیەنێت ئاسـایی نییە، ئێسـتا ئـەو ڕێگەیە عێراق و تورکیـا بەیەک دەگەیەنێت و سەرجەم ئەو کاڵایانەی دەچنە ناوەڕاست و خوارووی عێراق لەو ڕێگەیەوە دەڕوات، واتە بووەتە ڕێگایەکی نێودەوڵەتی، بەڵام بە مواسەفاتێکی ئەنەلۆگ".

گوتیشـی: "پێشـتر ڕۆژانـە 500 بـۆ 1000 ئۆتۆمبێلی پێدا تێدەپەڕی، بەڵام ئێستا تاوەکو پێنج هەزار ئۆتۆمبێلیشی پێدا تێدەپەڕێ".

## چارەنووسی ماستەرپلان

سـاڵی 2010 حکومـەت ماسـتەرپلانێکی لـە ڕێگەی کۆمپانیای دارولهەندەسە بۆ دووسایدکردنی هەمـوو ڕێگە سـەرەکییەکان ئامادەکـرد بۆ ماوەی 20 ساڵ، واتە تاوەکو سـاڵی 2030، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە حکومەت نەیتوانی ماستەرپلانەکە جێبەجێ بکات.

زانـا مسـتەفا عوزێـری، بەڕێوەبەری گشـتیی پلاندانـان و بەدواداچـوون لـە وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە و نیشـتەجێکردن بـە (ڕووداو)ی گـوت: "تاوەکو سـاڵی 2013 توانیمان 94 پڕۆژە ڕیزبەنـد بکەین و کۆدی بدەینێ بـە گوژمەی دوو ترلیۆن و 256 ملیار و 439 ملیۆن دینار، لەوانەش 8 پڕۆژە تەواوبوون، 22 پڕۆژە تەواوبوون و کۆتایی بە گرێبەسـتەکە هاتووە، بەڵام تەسـفیەی دارایی نەکراوە، 15 پڕۆژەش کارکردن تێیاندا بەردەوامە، هەروەها 32 پڕۆژەش وەسـتاون، خەرجی بۆ ئەم پڕۆژانـەش یـەک ترلیـۆن و 364 ملیـار و 529 ملیۆن بووە و نزیکەی 50%ـی پارەی ئەم پڕۆژانە خەرجکراوە، نیوەکەی دیکەشی ماوە".

بەپێی ماسـتەرپلانەکە دەبووایە تاوەکو 2022، نزیکـەی 1000 کیلۆمەتر لە ڕێگاکانی کوردسـتان بکرێنە دوو سـاید، بەڵام عوزێری دەڵێت "تا ئێستا تەنیـا 150 کیلۆمەتـر کراوەتـە دوو سـاید و 156 کیلۆمەتریش چووەتـە بـواری جێبەجێکرنـەوە و تـەواو نەبووە، دەبوو تاوەکو سـاڵی 2015، 3000 کیلۆمەترمـان تەواوکردبایـە و 300 کیلۆمەتـری دیکەشـمان لە پلاندابووایە، هەروەها تاوەکو ساڵی 2019، 700 کیلۆمەترمـان تەواوکردبایـە و تاوەکو سـاڵی 2022، 1000 کیلۆمەتر دووسـایدمان تەواو کردبایە".

وەک زانا عوزێری ئاماژەی بۆ کرد، ئەوان هەموو هەوڵی خۆیـان دەخەنە گەڕ بۆئەوەی ڕێگاوبانەکان باشـتر بکـەن، ئەو گوتـی "94 پڕۆژەمـان داوەتە بەڵێنـدەر، جگـە لەوانـەی تەواوبـوون، حکومەت پارەیەکـی زۆری بەڵێندەرەکانی دیکە قەرزدارە، بۆ نموونە لە تونێلەکەی زاخۆ، 50 ملیار دینار قەرزداری بەڵێندەر بووین، بەمدواییە هەندێک پارەمان داوەتێ، هەروەها 12 ملیار دینار قەرزداری پڕۆژەی کۆڕێ – شەقڵاوە – قەندیلین".

سـەبارەت بـە سـتانداردبوونی ڕێگاوبانەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، زانا عوزێـری دەڵێت: "هیچ ڕێگایەکـی کوردسـتان کە تـەواو بووبێـت بەپێی سـتانداری جیهانـی نییـە، بـەڵام بـە تەواوبوونی ڕێـگای کـۆڕێ- شـەقڵاوە – قەندیل کـە 90%ی کارەکانـی تەواو بـووە، هەروەها ڕێـگای دوکان – دەربەندیخانیش ئەگەر تەواو بکرێت بە سـتانداردی جیهانی دەبن".

> **هیچ ڕێگاوبانێکی هەرێمی کورستان لەئاستی ستانداردی جیهانیدا نییە**
>
> بەرپرسێکی ڕێگەوبان

## جیاکردنـەوەی ڕێـگای ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر

گرفتی سەرەکی ڕێگاوبانەکانی کوردستان ئەوەیە کە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر بارهەڵگر بەسەریدا دەڕۆن، بارهەڵگـرەکان جگە لـەوەی ڕێـگاکان تێکدەدەن، قەرەباڵغییەکی زۆریشیان دروست کردووە.

بەڕێوەبـەری گشـتیی پلاندانانـی وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە دەڵێت: "قەپانمان هەیە و پارە لەو بارهەڵگرانە وەردەگرین و دەیدەینە وەزارەتی دارایی. 40%ی ئەو پارەیە بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانە، بەردەوامیش کار لـە ڕێگاوبانەکاندا دەکرێت، بەڵام ڕێگاکان زوو خراپ دەبن، بۆیە بەو داهاتە پێڕاناگەین هەموویـان چاکبکەینـەوە، ڕۆژ نییـە 10 کەشـفی بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراسـتنی ڕێگاوبان نەگاتە دەستم".

لەبـارەی جیاکردنـەوەی ڕێـگای ئۆتۆمبێلی بارهەڵگـر لە ئۆتۆمبێلی بچـووک، زانا عوزێری دەڵێـت :"دەتوانیـن ڕێگوبانـەکان فراوانتـر بکەیـن، بەڵام جیاکردنەوەی ڕێـگای ئۆتۆمبێلی بارهەڵگـر لە ئۆتۆمبێلـی دیکە لەم بارودۆخەدا زەحمەتە و ناکرێت".

## 10 هەزار کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ مردوون

ڕووداوەکانی هاتوچۆ کە لە هەرێمی کوردسـتان بە دووەمین هۆکاری مردن دادەنرێن، سـاڵ لەدوای سـاڵ زیـاد دەکات، بەجۆرێک بەپێـی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتـی هاتوچـۆی هەرێمـی کوردسـتان لەمـاوەی 15 سـاڵدا زیاتـر لە 10 هـەزار کەس بە (ڕووداو)ی هاتوچـۆ مـردوون، زیاتر لـە 10 هەزار کەسی دیکەش برینداربوون، نزیکەی 400 کەسیش کەمئەندام بوون.

لە پێنـج مانگـی یەکەمی ئەمساڵیشـدا 1577 ڕووداوی هاتوچـۆ ڕوویانداوە، بەم هۆیەشـەوە 235 کەس مردوون، 2508 کەسیش بریندار بوون.

> **ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە ڕێگای کۆیە هەولێر، بەڕێژەی 80% زیادیان کردووە**
>
> هاتوچۆی کۆیە

## ڕێگاوبانەکان بدرێنە کەرتی تایبەت

ئاماری هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، تا کۆتایی سـاڵی 2017 لە هەرێمی کوردسـتان زیاتر لە یەک ملیـۆن و 469 هـەزار ئۆتۆمبێل هەبـووە، جگە لە ژمـارەی ئۆتۆمبێلە سـەربازییەکان کـە ئامارەکەی هاتوچۆدا حیساب نەکراون.

بەڕێوەبەری هاتوچۆی کۆیە لەڕێگەی ڕووداوەوە پێشـنیاز دەکات کـە پڕۆژەکانی ڕێگاوبـان بدرێنە کەرتـی تایبەت. عەقید زاهیر گوتـی :"لەبەرئەوەی زۆربـەی پڕۆژەکانـی ڕێگاوبـان وەسـتاون، دەبـێ حکومـەت سـتراتیژی کارکردنی بـۆ ڕێگاوبانەکان بگۆڕێـت و پڕۆژەکانـی ڕێگاوبـان بداتـە کەرتـی تایبەت، لە بەرامبەر چاککردنی ڕێگەوبان و هاتوچۆ لەسـەر ڕێگاکان پارە لە شـوفێران وەربگیرێ، کە لەبەرژەوەنـدی هاووڵاتیان و حکومەتیشـە، چونکە هیچ قورساییەکی ئابووری لەسەر حکومەت دروست نابێت. بـۆ هاووڵاتیانیـش ڕووداوی هاتوچۆ کەمتر دەبێ و شوفێران زووتر دەگەنە جێی مەبەست".



قەیرانی دارایی پرۆژەی دووسـایدکردنی ڕێگاکانی کوردستانی خاوکردەوە

# زەویی پارکێک لە دهۆک دەکرێتە بەنزینخانە

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

لە گەڕەکێکی شـاری دهـۆک، پارچە زەوییەک کە بۆ پـارک تەرخانکرابـوو، دەکرێتە بەنزینخانە، دانیشـتووانی گەڕەکەکە واژۆیـان کۆکردووەتەوە و دەڵێن ڕێگـە نادەن بەنزینخانەکە دروسـت بکرێ، بەڕێوەبـەری نەخشـەدانانی دهۆکیـش دەڵێـت بەنزیخانەکە هیچ کێشـەیەک بۆ دانیشـتووانی ئەو گەڕەکە دروست ناکات.

سـێ هەفتە لەمەوبەر بڕیاری گۆڕینی بەشـێک لە پارکێکی سەر شەقامی ماڵتا درا کە شەقامێکی بەرچـاوی شـاری دهۆکـە، بڕیـار درا بەشـێک لە زەویی پارکەکە کە هێشتا دروست نەکراوە، بکرێتە بەنزینخانـە. ئەمەش ناڕەزایی دانیشـتووانی نزیک پارکەکەی لێکەوتەوە.

فەیسـەڵ جەعفـەر کـە نوێنـەری خەڵکـە ناڕازییەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆربەمان لەبەر خاتـری پارکەکـە زەوی و خانوومان لێـرە کڕیوە، چاوەڕێ بووین پارکەکەمان بۆ دروست بکەن، کەچی ئێستا بڕیار دەرچووە کە بکرێتە بەنزینخانە".

لـە نزیک و دەوروبەری ئەو شـوێنەی کە بڕیارە بەنزینخانەکەی لێ دروست بکرێ، چوار بەنزینخانەی دیکە هەن. ئەمەش هێندەی دیکە خەڵکەکەی ئەوێی تووڕە کردووە. فەیسەڵ دەڵێت: "ئەگەر زەوییەکە بۆ سوودی گشتی بەکاربێت و بکرێ بە نەخۆشخانە یان قوتابخانە، کێشـەمان نییە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئێرە پێویستی بە بەنزینخانە نییە".

فەیسەڵ کە نوێنەری خەڵکی ناڕازی دوو گەڕەکی نزیـک پارکەکەیـە، دەڵێـت: "ئێمـە 55 واژۆمـان بـە نوێنەرایەتی هـەردوو گـەڕەک کۆکردووەتەوە، سـەردانی پارێـزگا و شـارەوانی و نەخشـەدانانی دهۆکمـان کردووە، بەڵام وەڵامێکی دڵخۆشـکەریان نەداینەوە، پێدەچێ ئەوەی بەنزینخانەکە دروسـت دەکات بەرپرسێکی باڵای لەپشت بێ".

حاجی موحسین، دانیشتووی گەڕەکی شندۆخا دەڵێت: "ئێمە پێشتر زەویمان لێرە کڕیوە، پارەیەکی زۆرمان پێداوە، چونکە لە پارک نزیک بووە، ئێستا کـە دەڵێـن دەکرێتـە بەنزینخانـە نرخـی زەوی و خانووەکانمان زۆر دابەزیوە، من ئێسـتا خانووەکەم بفرۆشم 40 هەزار دۆلار زەرەر دەکەم".

کـوردۆ ئیحسـان، بەڕێوەبـەری نەخشـەدانانی دهـۆک لەبـارەی گۆڕینـی ئـەو پارچـە زەوییە لە پارکەوە بۆ بەنزینخانە دەڵێت: "ڕاستە داواکاری ئەو هاووڵاتیانە گەیشـتووەتە ئێمە، بەڵام دروستکردنی ئەو بەنزینخانەیە هیچ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دانیشـتووانی ناوچەکە نابێ". گوتیشـی "بڕیارەکە دراوە و هەڵوەشاندنەوەی زەحمەتە".



لە ترسی لێژنەی چاکسازییە

# زەوییەکانی وەبەرهێنان لە دهۆک دەکرێنە شووشتنگە

ناسر عەلی
ڕووداو – دهۆک

لە ماوەی ساڵێکدا 25 شوێنی شووشتنی ئۆتۆمبێـل و 15 بەنزینخانـە لەناو شـاری دهـۆک دروسـتکراون، ئەمـەش گومانـی لـەلای خەڵک دروسـتکردووە کە کردنەوەی ئـەو شووشـتنگە و بەنزینخانانـە هێندەی مەبەسـت لێـی داگیرکردنـی شـوێنەکانە، هێندە مەبەستی دیکەی لەپشتەوە نییە.

بەپێـی بەدواداچوونـی (ڕووداو) لـە سـنووری پارێزگای دهۆک 236 بەنزینخانە و شووشتنگەی ئۆتۆمبێل هەن، بەرپرسێکی بەڕێوەبەرایەتـی سـووتەمەنی دهۆکیـش دەڵێت ژمارەیەکی زۆر لەو شوێنانە زیادن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زانیاری لەبارەی بەنزینخانە و شووشتنگەکانی دهۆک ئاشکرا کرد و گوتی "لـە سـەنتەری شـاری دهۆک زۆر شـوێنی گرنگ و باش هەبوون، هیچ شتێکیان لەسەر دروسـت نەکرابوو، بەشێکیان بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان دانرابوون، بەشـێکیش پێشـتر لەلایـەن وەبەرهێنەرانـەوە بـۆ پـرۆژە وەرگیرابوون، بەڵام هیچیان لەسـەر دروست نەکرابـوو، دوای ئـەوەی سـاڵی ڕابـردوو دەنگـۆی ئـەوە هەبـوو لێژنەی چاکسـازی دێتـە دهۆک، بەشـێک لـەو وەبەرهێنەرانە کـە بەرپـرس و بازرگانن، شووشـتنگەیان لەسەر زەوییەکان دروستکردووە، بۆ ئەوەی بڵێـن زەوییەکان کراونەتە پرۆژە". هەروەها دەڵێت: "بەشێک لەو زەوییانە بەشێوەیەکی کاتـی دەکرێنە بەنزینخانە یان شووشـتنگە پاشـان خاوەنەکانیـان دەیکەنە هوتێل یان بازاڕ".

> **دهۆک پێویستی بەو هەموو بەنزینخانە و شووشتنگەیە نییە**
>
> بەرپرسی لێژنەی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی سووتەمەنی دهۆک

هاووڵاتیان دەڵێن ئەو هەموو شووشتنگە و بەنزینخانەیـە لـە نێو سـەنتەری شـاری دهۆک، سـیمای شـاری تێکداوە. محەممەد تاهیـر کە دانیشـتووی سـەنتەری دهۆکە، دەڵێـت: "لـە دهـۆک بـەس بەنزینخانـە و شووشـتنگە دەبینـی، بەمدواییـە ژمارەیان زۆر زیـاد بـووە، زۆربەشـیان زیـادن. بەشـێک لە شووشـتنگەکان قەیرانی ئاویان دروستکردووە".

حیکمـەت زاوی، بەرپرسـی لێژنـەی پشـکنین لـە بەڕێوەبەرایەتی سـووتەمەنی دهۆک بـە (ڕووداو)ی گوت: "لە سـنووری پارێـزگای دهـۆک 198 بەنزینخانـە هـەن، تەنیـا لە سـەنتەری دهـۆک 35 بەنزینخانە هەن، هەشت بەنزینخانەی دیکەش مۆڵەتیان وەرگرتووە".

جگـە لـە بەنزینخانـە، نزیکـەی 38 شووشـتنگەش هـەن، حیکمـەت دەڵێـت: "دهۆک پێویسـتی بـەو هەمـوو بەنزینخانە و شووشـتنگەیە نییـە، بـەڵام بڕیـاری دروسـتکردن لەلای ئێمە نییـە، ئێمە تەنیا چاودێرییان دەکەین".

ملـەت سـالم، بەڕێوەبـەری شـارەوانی ڕۆژئـاوای دهـۆک دەڵێـت لـە سـنووری شـارەوانیی ئەوانـدا 11 شووشـتنگەی ئۆتۆمبێل هەن لە کاتێکدا لە ماسـتەرپلانی شـارەوانیدا تەنیا دوو شوێن بۆ شووشتنگە دانراون.

سـەرجەم شووشـتنگەکان ئـاوی پـاک بەکاردەهێنن، بەڕێوەبـەری ئاوی دهۆکیش هۆشـداری دەدات لـە زیادبوونـی ژمـارەی شووشـتنگەکان. جەلال جەمیـل لەوبارەوە دەڵێـت: "نازانم چۆن لـە ماوەیەکی کورتدا ئەو هەموو شووشتنگەیە لە دهۆک کرانەوە، ڕۆژانـە دەهاتن و دەیانگـوت ئیجازەمان لە وەزارەتـی شـارەوانی وەرگرتـووە، ئێمەش ناچار دەبووین ئاویان بدەینێ".

جەمیل نووسـراوێکی داوەتـە پارێزگاری دهۆک بۆ ئەوەی سـنوورێک بۆ مۆڵەتدان بە دامەزراندنی شووشـتنگە دابنرێ و دەڵێت: "ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێ لە ئایندەدا قەیرانی ئاو دروست دەکەن".

# جەڵتەی دڵ و چالاکیی سێکسی



**د. کامەران ئەمین ئاوە**

بەپێی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ساڵی ڕابردوو نەخۆشیی دڵ و دەمارەکانی، هۆکاری یەکەمی مردن بوونە. لە کۆی 17.7 ملیۆن کەس 7.4 ملیۆنیان بە نەخۆشیی دڵ و دەمارەکانی مردوون، هەروەها 6.7 کەسیش بەهۆی جەڵتەی مێشک.

لە ئێراندا ڕۆژانە 300 کەس بە هۆی جەڵتەی دڵەوە دەمرن. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی 63%ی مردنەکان بۆ نەخۆشیی دڵ و 28%یشی بۆ جەڵتەی مێشک گەڕاندووەتەوە. ئەگەرچی لە وڵاتانی دیکە ئەم نەخۆشییانە لە سەرووی 50 ساڵییەوە دەردەکەون، بەڵام لە ئێران بەهۆی پیسبوونی ژینگە، جگەرەکێشان، قەڵەوی و سترێسی درێژخایەن لە تەمەنی 30 ساڵیدا دەرکەوتوون.

جەڵتەی دڵ واتە مردنی دیواری دڵ لە ئەنجامی گیرانی خوێنبەری تاجی و نەگەیشتنی خوێن بە بەشێک لە ماسولکەی دڵ، توندیی جەڵتەی دڵ بەپێی پانتایی بێبەشبوونی ماسولکەی دڵ لە ئۆکسجین و ڕادەی تەنگبوونی خوێنبەرەکانی تاجی دڵ جیاوازە. گیرانی خوێنبەری سەرەکیی دڵ، زیان بە بەشێکی گەورە لە ماسولکەی دڵ دەگەیەنێ و دوور نییە نەخۆش دوای چەند خولەکێک بمرێ، بەڵام گیرانەکە تەنیا خوێنبەرە بچووکەکان بگرێتەوە، بەشێکی کەمتر لە ماسولکەی دڵ زیانی بەردەکەوێ.

هۆکارەکانی جەڵتەی دڵ بریتین لە ئەستووربوون، ڕەقبوون، گرژبوونی خوێنبەری تاجی دڵ، دروستبوونی کڵۆی خوێن وەک ئاکامی بەرزبوونەوەی ڕادەی خەستیی خوێن و جیابوونەوەی کڵۆی خوێن لە دیواری ڕەگەکان و ڕۆیشتنی بەرەو دڵ. بەگشتی کەمتر لە 1%ی جەڵتەی دڵ لە کاتی سێکسدا ڕوودەدات، لە کاتێکدا 5%ی سینگئێشە بەهۆی چالاکی سێکسەوەیە.

***

ئەو ژن و پیاوانەی کە تووشی جەڵتەی دڵ بوون، زۆرجار چالاکی سێکسیان کەم دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی نەبوونی وزەی پێویست بۆ سێکس کە لە ئەنجامی دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و ترس لە سەرهەڵدانەوەی ئێشی سینگ، ئەگەری دووبارە تووشبوون بە جەڵتەی دڵ، سەرهەڵدەدات، هەروەها زۆرجار ئەو دەرمانانەی بۆ چارەسەری بەکاردەهێنرێن هۆکارن بۆ کەمبوونەوەی چالاکیی سێکسی، لەوانەش دەرمانی وەکوو بەربەستکەری بێتا، دایورێتیکەکان (میزهێنەرەکان) و چارەسەرەکانی دابەزاندنی چەوریی خوێن.

زۆربەی ئەوانەی لە جەڵتەی دڵ چاک بوونەتەوە، زۆر ئاگاداری چالاکیی ڕۆژانەی خۆیانن، زانیاری پێویستیان سەبارەت بە چالاکییەکانی پاش جەڵتەی دڵ، یەک لەوانەش سەرلەنوێ دەسپێکردنەوەی سێکس نییە. زۆربەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە پێوەندی لەگەڵ کاردانەوەی ڕەوتی ورووژانی هەستی سێکسی لەسەر سیستەمەکانی دڵ و ڕەگەکان، دەریانخستووە لە 10 تاوەکو 15 چرکەی ئۆرگازمدا بەرزترین ئاستی چوونە سەرەوەی ڕادەی لێدانی دڵ و گوشاری خوێن دەبینرێ، ئەم گۆڕانە لە قۆناغی پێش ورووژان (واتە کاتی بزواندنی لایەنی بەرامبەر بۆ ئامادەکردنی نزیکی سێکسی) کەم و لە کاتی ورووژانی سێکسیدا، تا ڕادەیەک بەرز دەبێتەوە.

هەروەها لە کاتی نزیکی سێکسدا ڕێژەی پێداویستی ماسولکەی دڵ بە ئۆکسجین بەرز دەبێتەوە. بە گشتی چالاکیی سێکسی بەراورد دەکرێت لەگەڵ 3 تا 6 کیلۆمەتر پیاسەکردن لە ئاستێکی ڕێک و تەخت، یان چوونەسەرەوە لە 20 پلیکان لە ماوەی 10 چرکەدا. دەستپێکی نزیکی سێکسی لە دوو هەفتەی یەکەمی پاش جەڵتەی دڵ دەتوانێ ببێتە هۆی کێشەی جددی بۆ دڵ، بەڵام زۆر کەس وێدەچێ بتوانن 3 تاوەکو 6 هەفتە پاش جەڵتەی دڵ، دەست بە ژیانێکی سێکسی ئاسایی بکەنەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی سێکس پاش جەڵتەی دڵ یان هەر چەشنە نەشتەرگەرییەکی دڵ، دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێن:

## چوار قۆناغی خولی کاردانەوەی سێکسی

| قۆناغەکان | ماوەی کاردانەوە | گۆڕانکاری فیزیۆلۆژی |
|---|---|---|
| بزواندن | چەند چرکە، خولەک یان سەعات | ڕادەی لێدانی دڵ و گوشاری خوێن بەرزدەبێتەوە |
| لوتکە | 3-2 خولەک | لێدانی دڵ (-110 175) لێدان لە خولەکێکدا. گوشاری خوێن (سەرەوە 20- 60 ملم/ جیوە، خوارەوە 20-10 ملم/جیوە). هەروەها دەستپێکی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەناسەدان دەبینرێت. |
| ئۆرگازم | 20-10 چرکە | لێدانی دڵ: -110 180 لێدان/خولەک. گوشاری خوێن (100-40ملم/ جیوە. ڕێژەی هەناسەکێشان دەگاتە 40 جار لە خولەکێکدا. |
| گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی | بەستراوەتەوە بە ماوەی قۆناغی بزواندن و ورووژانەوە | گەڕانەوەی ڕێژەی هەناسەکێشان، ڕادەی لێدانی دڵ و گوشاری خوێن بۆ دۆخی ئاسایی. |

**چالاکی سێکسی لەم حاڵەتانەدا گونجاوە:**

1- سێ هەتا شەش هەفتە پاش جەڵتەی دڵ، کاتێک نەخۆش هەست بە هیچ ئاستەنگ یان نیشانەیەکی ناڕەحەتیی دڵ لە کاتی کار و چالاکی ئاساییدا ناکات.

2- شەش هەتا هەشت هەفتە پاش نەشتەرگەری چاندنی خوێنبەری دڵ یان هەر چەشنە نەشتەرگەرییەکی کراوەی دڵ، بەو مەرجەی شوێنی بڕینی ئێسکی کۆڵەکەی سینگ بە باشی سارێژ بووبێتەوە و هیچ چەشنە ئاڵۆزییەکی تێدا نەبینرێت.

3- ئەو نەخۆشانەی کە جارێ ئێشی سینگیان جێگیر نییە، پێویستە دەستبەرداری سێکس ببن، تا ئەو کاتەی بە تەواوی چاک دەبنەوە. مەبەست لە ئێشی سینگی ناجێگیر بریتییە لە:

- ئازاری دڵ بۆ یەکەمجار یان لە کاتی پشوودا سەرهەڵدەدات.

- ئازارەکە پتر لە 20 خولەک بەردەوامە و بە حەبی ژێرزمان (نیترۆگلیسرین) کۆتایی نایەت.

- مەترسی سەرهەڵدانی جەڵتەی دڵ لەم حاڵەتەدا دەگاتە 20%.

4- مەترسی کێشەی دڵ و دەمارەکانی بەهۆی چالاکی سێکسی پاش ئەنجامدانی قەستەرە و باڵۆنی دڵ لە پێوەندی لەگەڵ ڕادەی ئاساییبوونەوەی ڕەوتی گەیاندنی خوێن بە دڵ لە ڕێگای خوێنبەرەکانی تاجیەوەیە. وێدەچێ ئەو نەخۆشانەی کە ڕەوتی گەیاندنی خوێن بەدڵیان پاش ئەم پرۆسانە بە تەواوەتی ئاسایی بووەتەوە، هەروەها لە شوێنی چوونە نێو دەماری ڕان لە کاتی کردنەوەی دەماردا، هیچ ئاڵۆزییەک سەری هەڵنەداوە و پێشتریش لە کاتی نزیکی سێکسی تووشی سینگ ئێشە نەبوون، دەتوانن 5 ڕۆژ پاش کردنەوەی دەمار دەست بە سێکس بکەنەوە. بەڵام ئەوانی دیکە پێویستیان بە ڕاوێژی پزیشکییە.

5- لە نزیکەی سێ لەسەر چواری ئەوانەی تووشی جەڵتەی دڵ بوون، تێکچوونی کاری سێکسی دەبینرێت. ئەم حاڵەتە لەو کەسانەی کە نەشتەرگەری چاندنی خوێنبەری دڵیان کردووە، کەمترە. لە هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاودا، پاش جەڵتەی دڵ، دابەزینی ئاستی چالاکی سێکسی دەبینرێت.

### بەکارهێنانی دەرمان بۆ سێکس

بۆ چارەسەری ئەوانەی کە چالاکی سێکسییان کەم بووە یان کێشەی ڕەپبوونیان هەیە، کاتێک نەخۆشیی خوێنبەری تاجیی دڵیان جێگیر دەبێ، دەکرێ کەڵک لە دەرمان وەربگرن. بەڵام بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە بۆ ئەوانەی نیتروگلیسیرینیان بۆ دەرمانی ئێشی سینگ بەهۆی نەخۆشی تاجی دڵ بەکارهێناوە، گونجاو نییە، هەروەها نیتراتەکان نابێ لە ماوەی 24 سەعات پاش بەکارهێنانی سیلدینافیل (ڤیاگرا) یان واردینافیل، هەروەها تا 48 سەعات پاش بەکارهێنانی تادالافیل بە نەخۆش بدرێ. ئەو ئافرەتانەشی بەهۆی نەخۆشیی خوێنبەری تاجی، زێیان ئازاری هەیە، دەتوانن دەرمانگەلی ئەسترۆجینی ناسیستەماتیک بەکاربهێنن.

## خشتەی بەکارهێنانی دەرمانی سێکسی

| | سیلدینافیل | واردینافیل | تادالافیل |
|---|---|---|---|
| دۆزی دەستپێک | 50 ملیگرام | 10 ملیگرام | 10 ملیگرام |
| کاتی خواردنی دەرمان | یەک سەعات پێش سێکس | یەک سەعات پێش سێکس | پێش دەستپێکی نزیکی پێشبینیکراوی سێکسکردن |
| ماوەی کاریگەری | 4 سەعات | 4 - 5 سەعات | 17.5 سەعات |

# هەشت ڕێنمایی سادە بۆ کێشێکی نموونەیی



**ڕووداو- DW**

زۆر کەس هەوڵ دەدەن کێش و باڵایەکی نموونەییان هەبێ، بەڵام بەبێ ڕەچاوکردنی سیستەمی تەندروستانەی خۆراک، ئەستەمە بگەنە ئەو خەونە. خۆراکی تەندروست دەبێ هاوسەنگ و فرەجۆر بێ، پڕ ڕەگەزی خۆراکی بێ و کالۆرییەکی زۆر نەدات.

**ئەمانە چەند ڕێنماییەکی سادەن بۆ ئەوەی سیستەمێکی نموونەیی خۆراکتان هەبێ:**

### 1 زۆر خواردنی سەوزە:



چەندین توێژینەوەی زانستی دەریانخستووە زۆر خواردنی سەوزە هەم کێشی لەش ڕێکدەخات و هەم تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان کەمدەکاتەوە، لە نموونەی سەوزە هەرە بەسوودەکان (چەرجیر، سپێناخ، سیر، کەلەرم و هاوپۆلەکانیان).

### 2 لە شەکرە دەستکردەکان دوور بە:

بۆ نموونە لە بری خواردنەوە گازییەکان و چای شیرین، ڕوو بکە خواردنەوەی ئاو و چای بێ شەکر. لە خواردنەوەی گازی و خواردنەوە شیرینکراوەکاندا بڕێکی زۆر کالۆری هەیە هاوتای خواردنی ژەمێکی قورس، کەچی هەستی تێربوونیش نابەخشن هاوشێوەی ژەمە سەرەکییەکان. ئەوانەی ئەم خواردنەوانە زۆر دەخۆنەوە، لە کەسانی دیکە قەڵەوترن و زۆرتریش تووشی شەکرە دەبن.



### 3 پرۆتین پشتگوێ مەخە:

هەم ماسولکەکان بەهێز دەکەن و هەم هەستی تێری دەبەخشن. هەروەک هاوکاری جێگیربوونی ئاستی ئەنسولین دەکەن. سەرچاوە باشەکانی پرۆتین بریتین لە: گۆشت، هێلکە، فاسۆلیا، نیسک، ماسی و شیرەمەنی



### 4 خواردنەکان و جموجوڵەکانت بەراورد بکە:

بزانە دەتەوێ کێشت وەکوو ئێستا بمێنێتەوە و قەڵەو نەبی، یان دەتەوێ کێشت دابەزێنی؟ بەپێی ئەوە باڵانسێک بدۆزەوە لەنێوان ئەو کالۆرییەی لە خۆراک وەریدەگری و ئەوەی لە ڕێگەی وەرزش و چالاکی جەستەیی دەیسووتێنی. بەڵام بەگشتی وەرزش دەبێ بکەیتە نەریتێکی ڕۆژانە، هەر لە پیادەڕەوی و پایسکیلسواری تاوەکوو بەکارهێنانی قادرمە لەبری ئەسانسۆر.

### 5 کاربۆهیدرات کەمبکەوە:



لە بری ئاردی سفر و برنجی سپی ڕووبکەرە دانەوێڵە توێکڵدارەکان. بەمە ئاستی شەکری خوێن جێگیر دەکەیت و دوور دەبی لە هەڵبەز و دابەز و مەترسی تووشبوون بە قەڵەوی و پاشان شەکرە.

### 6 بە ڕووکەش مەخەڵەتێ:



بەشێک لە خواردنەکان لێیان نووسراوە "کەم چەوری"، یان "سووکەژەم" یان "گوشراو لە ڕۆن"، ڕاستە ڕەنگە ڕۆنەکەیان کەمکرابێتەوە، بەڵام شەکر و کاربۆهێدراتیان تێدەکرێ بۆ قەرەبووکردنەوەی تامە لەدەستچووەکەیان!

### 7 تەواو لە چەوری دوور مەبە:



چەورییە تەندروستەکان گرنگن بۆ جەستە و نابێ پەراوێز بخرێن، وەکوو: چەرەسەکان، ڕۆنی زەیتوون و ئاڤۆکادۆ و ماسی.

### 8 ژەمەکانت با بچووک بن



# هێلکە بخەینە بەفرگرەوە یان نا؟

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەمریکییەکان هێلکە لەنێو بەفرگر (سەلاجە) دادەنێن، کەچی ئەڵمانەکان نایخەنە نێو بەرفرگر و هەر لە پلەی گەرمیی مارکێتەکان دایدەنێن، کامەیان ڕاستە؟

هەردوولا ڕاستن، چونکە شێوازی گەیشتنی هێلکە بە مارکێتەکان و بەدەستی کڕیار لەو دوو وڵاتە جیاوازە، چۆن؟

لە ئەمریکا پاش ئەوەی مریشکەکە هێلکە دەکات، هێلکەکە بە ئاو و سابوون دەشۆردرێتەوە بۆ لێکردنەوەی پاشماوەی ڕیقنە و پەڕی مریشکەکە. بۆ ئەوەی بەو خاوێنییەش بمێنێتەوە و بە بەکتریا پیس نەبێ، دەیخەنە بەفرگرەوە.

بەڵام ئەڵمانەکان هێلکە ناشۆنەوە. چونکە ماددەیەکی لینجی وشکەوەبوو ڕووکاری دەرەوەی توێکڵی هێلکەی داپۆشیوە و ناهێڵێ بەکتریاکان لێیەوە تێپەڕ ببن بۆ توێکڵەکە و پاشان نێو هێلکەکە، بۆیە لە پلەی گەرمی ئاسایی مارکێتەکان دایدەنێن و نایخەنە بەفرگرەوە، چونکە ئەو توێکڵە ڕێگرییەکی سرووشتی لە بەکتریاکان دەکات و ئەگەر بە هێلکەکەشەوە بن ناتوانن بگەنە ناوی!

بۆیە تۆش لە ماڵەوە، ئەگەر هێلکەت شووشتەوە، ئەوە بیخە بەفرگر، بەڵام ئەگەر زانیت نەشۆراوەتەوە و خۆیشت نەتشووشتەوە، ئەوە پێویست بە بەفرگر ناکات و هەر لە پلەی گەرمای ژوور دایبنێ.



(فۆتۆ: ڕووداو)

## بنکەیان لە باشووری لوبنانە

# حیزبوڵڵای لوبنان مەشقی سەربازی بە شیعەی نایجیری دەکەن




ئێران دەیەوێ لەڕێی چەکدارە شیعەکانی نایجیریاوە پەل بۆ کیشوەری ئەفریقا بهاوێ

**رووداو- هەولێر**

باڵی سەربازیی حیزبوڵڵای لوبنان لە دەستپێکی شەڕی نێوخۆی سووریاوە دەستی بە پەلهاویشتن کردووە بۆ ناوچە جیاجیاکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا فۆکەسی لێکۆڵەر و چاودێرانی سیاسی لەسەر چالاکییەکانی ئەو رێکخراوە بۆ پاراستنی رژێمی سووریا و جێبەجێکردنی پلانی ئێران بۆ دروستکردنی هیلالی شیعی بووە و بایەخێکی ئەوتۆیان بە جموجۆڵەکانی دیکەی ئەو رێکخراوە لە ناوچەکانی دیکەی جیهان نەداوە، بەڵام راپۆرتێکی پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست (MEI) ئاشکرای دەکات کە حیزبوڵڵای لوبنان خەریکی پێگەیاندنی چەکداری شیعەی نایجیرییە.

مونا عەلەمی، ئامادەکاری بەرەچەڵەک لوبنانیی راپۆرتەکە، لەسەر زاری سەرچاوەی نزیک لە حیزبوڵڵاوە ئاشکرای دەکات کە ئەو گروپە دەستی بە راهێنانی مەزهەبی و سەربازیی شیعەکانی نایجیریا کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەکدارە شیعەکانی نایجیریا لە باکووری وڵاتەکەیانەوە روو لە باشووری بەیروت دەکەن کە ناوچەیەکی زۆرینە شیعەیە و حیزبوڵڵا تێیدا باڵادەستە. سەرچاوەیەکی نزیک لە حیزبوڵڵا لەوبارەیەوە دەڵێ: "پیاوە نایجیرییەکان لێرە مەشق و راهێنان دەکەن".

حیزبوڵڵای لوبنان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە ساڵی 1985 ، رێکخراوێکی ئایدیۆلۆژی و سەربازی بووە و لە چەند ساڵی رابردووی شەڕی نێوخۆی سووریا و عێراقدا هەزاران چەکداری میلیشیای شیعەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و گروپە جیهادییە سوننەکانی عێراق پێگەیاندووە. کەسێکی نزیک لە فەرماندەیی حیزبوڵڵا، بە مەرجی ئاشکرا نەکردنی ناوی، بە لێکۆڵەرە لوبنانییەکەی راگەیاندووە "ئێستا تەنیا راهێنان بە چەند کەسێکی کەم دەکرێ، بەڵام ژمارەی بەشداربووان بەردەوام زیاد دەکات. شیعەکانی نایجیریا پێش وەرگرتنی راهێنانی سەربازی یەکەمجار کۆرسی ئاینی وەردەگرن، مەشقە سەربازییەکانیش لە دوو کەمپ وەردەگرن".

نایجیریا پێنج ملیۆن دانیشتووی شیعەی هەیە. باکووری ئەو وڵاتە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە لانکەی بزووتنەوەی ئیسلامیی نایجیریایە کە شێخ ئیبراهیم زەکزەکی سەرکردایەتی دەکات. زەکزەکی کە یەکەمجار سوننە و لایەنگری ئیخوان موسلمین بووە، لەدایکبووی شاری زاریا یان زازوو لە باکووری نایجیریایە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە پروپاگەندە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە نایجیریا دەکات و لە چوار دەیەی رابردووشدا چەندینجار بۆ ماوەی درێژخایەن لەلایەن حکومەتەوە بەند کراوە کە دوایین جاریان لە 2015 بوو کاتێک هێزەکانی سەر بە حکومەت زیاتر لە 300 شیعەیان لە زاریا کوشت و زەکزەکی و سەتان لایەنگری بزووتنەوەکەیان دەستگیر کرد و زەکزەکی تاوەکو ئێستاش هەر لە بەندیخانەیە.

ژمارەی لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیسلامیی نایجیریا لە دەیەی رابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی ململانێکانی نێوان سعودیە و ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەشەنەیان سەند. ساڵی 2016 شەڕێکی قورس لە نێوان لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیزالەی نزیک لە سعودیە و بزووتنەوەی ئیسلامیی نایجیریا روویدا.

حیزبوڵڵای لوبنان، بە سەرکردایەتی حەسەن نەسروڵڵا، لە دەیەی رابردوودا مەشقی بە دەیان میلیشیای شیعەی سەر بە ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردووە، پانتایی ئەو جۆرە چالاکییەی حیزبوڵڵا لە ئەفغانستانەوە تاوەکو دەریای نێوەڕاست درێژ دەبێتەوە. ئێستاش پێدەچێ ئێران و حیزبوڵڵا روویان لە ناوەڕاستی ئەفریقا کردبێ.

سەرچاوەکەی نزیک لە فەرماندەیی حیزبوڵڵا بە (MEI) راگەیاند "ئێران بە حیزبوڵڵای گوتووە پێویستی بە چەکداری نایجیرییە، بۆ ئەوەی بنکەیەکی بەهێز لەو وڵاتە دامەزرێنن و لەوێوەوە ئۆپەراسیۆنەکانیان بۆ ناوچەکانی دیکەی کیشوەری ئەفریقا ئاراستە بکەن. ئامانج لەوەش بەرپەرچدانەوەی تموحی ئیسرائیل و وڵاتانی رۆژئاوایە لە ئەفریقا".

حیزبوڵڵا ساڵانێکە لە نایجیریا مەشق و راهێنان بە شیعەکانی ئەو وڵاتە دەکات و تەنانەت چەک و تەقەمەنی قورسیشیان پێشکەش دەکات.

بۆ نموونە ساڵی 2013 دوای دەستگیرکردنی سێ هاووڵاتی لوبنانی لە شاری کانۆ لە باکووری نایجیریا، دەست بەسەر ئەمبارێکی چەک و تەقەمەنیشدا گیرا، بەرپرسانی ئەمنیی نایجیریا بە ئاژانسی (رۆیتەرز) یان راگەیاندبوو کە ئەو چەکانە بۆ ئۆپەراسیۆنی دژی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی رۆژئاوایی لە نایجیریا دانراون.

پرۆگرامەکەی ئێستای حیزبوڵڵا لە دوو رووەوە لەگەڵ پرۆگرامەکانی ساڵانی پێشوودا جیاوازە، یەکەم ئەو پرۆگرامە لەناو لوبناندا جێبەجێ دەکرێ و دووەمیش فۆکەسی سەرەکی پرۆگرامەکە لەسەر پێگەیاندنی فەرماندە و بەرپرسی سەربازیی باڵایە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پرۆگرامەکە بە پەیمانگا ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "ژمارەی ئەوانەی مەشقیان پێدەکرێ زۆر سنووردارە، چونکە پرۆگرامەکە زیاتر فۆکەسی لەسەر پێگەیاندنی بەرپرسانی باڵایە بۆ پۆستی فەرماندەیی. ئەوان دواتر دەتوانن لە نایجیریا ئەندامی زیاتر کۆبکەنەوە و راهێنانیان پێبکەن".

سەبارەت بە ماوەی مانەوەی چەکدارە نایجیرییەکان لە لوبنان بۆچوونی جیاواز هەیە. سەرچاوە ئاگادارەکەی حیزبوڵڵا بە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی راگەیاندووە "ئەو کەسانە سێ یان شەش مانگ جارێک دەگەڕێنەوە لوبنان بۆ ئەوەی مەشقی چەکی قورسیان پێ بکرێ". بەڵام سەرچاوەیەک لە وەزارەتی نێوخۆی لوبنان دەڵێت ئەوان ئاگادار نین ئەو نایجیرییانە روویان لە لوبنان کردبێ.

بزووتنەوەی ئیسلامیی نایجیریا لەڕووی پەیکەری رێکخستنەوە زۆر لە حیزبوڵڵای لوبنان دەچێت. بەگوێرەی راپۆرتێکی ئاژانسی (بلومبێرگ)ی ئەمریکی، ئەو بزووتنەوەیە هاوشێوەی حیزبوڵڵای لوبنان بایەخێکی زۆر بە پڕوپاگەندەی میدیایی دەدات. بزووتنەوەی ئیسلامی نایجیریا دوو رادیۆی (حەوزە) و (شوهەدا)ی هەیە، بیر لە دانانی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی دەکەنەوە و رۆژنامەی (ئەلمیزان) دەردەکەن. راپۆرتەکەی ئاژانسە ئەمریکییەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەو بزووتنەوەیە 300 قوتابخانە و ناوەندی ئیسلامی و دامەزراوەی "شەهیدان"ی هەیە. حیزبوڵڵا لە رێگەی دامەزراوەی لەو جۆرەوە جێی خۆی لەناو کۆمەڵگە جیاجیاکانی لوبناندا کردووەتەوە کە لە هەندێک حاڵەتدا کۆمەڵگە ناشیعە و تەنانەت ناموسڵمانەکانی لوبنانیش دەگرێتەوە.

نایجیریا 180 ملیۆن دانیشتووی هەیە کە 50%ی موسڵمانن و لەو رێژەیە تەنیا 5.5%ی شیعەن. بەڵام ئەزموونی حیزبوڵڵا لە سووریا و ئەفغانستان سەلماندوویەتی ئەو رێکخراوە توانای ئەوەی هەیە لە کەمینەیەکی شیعەی ئاوهاش هێزێکی کاریگەر دروست بکات، جیا لەمەش ئێران لە دوو دەیەی رابردوودا بەردەوام ناکۆکییە تایفییە نێوخۆییەکانی وڵاتانی هاوشێوەی نایجیریای بۆ قایمکردنی شوێنپێی خۆی بەکارهێناوە.

# ناتۆ لەژێر هەڕەشەی هەڵوەشانەوەدایە



بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانیەوە، ناتۆ توانای بەرپەرچدانەوەی هێرشە دەرەکییەکانی نەماوە

**رووداو- هەولێر**

رێکخراوی پەیماننامەی ئەتڵەنتیکی باکوور (ناتۆ) رووبەڕووی چەندین تەحەدای گەورە بووەتەوە، لەوانەش هێرشی تیرۆریستی لەسەر هاوپەیمانەکان، گوشاری کۆچبەران لەسەر سنوورەکانی ئەورووپا، هەڕەشەی سەربازی و سایبیری رووسیا لەسەر بەرژەوەندی و دامەزراوەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و هۆشدارییەکانی سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانێتییەکە. بەو حاڵەشەوە شارەزایان پێیانوایە گەورەترین هەڕەشە کە رووبەڕووی رێکخراوەکە بووبێتەوە، لاوازبوونی بیرۆکەی لیبراڵ دیموکراسییە لە نێوخۆی وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانییەکەدا.

رێکخراوی ناتۆ لە ساڵی 1949 لەسەر بنەمای بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە سەربازی و ئایدۆلۆژییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران دامەزرا، هەر بۆیەش ناتۆ لەسەر دوو ئاستی سەربازی و ئایدۆلۆژی بەشێوەی هاوتەریب کاری کردووە.

لە مادەی دووەمی پەیماننامەی پێکهێنانی رێکخراوەکەدا باس لەوە دەکرێ کە هەموو ئەندامانی رێکخراوەکە پابەندن بە "بەهێزکردنی دامەزراوە ئازادەکان".

کلێستێ والاندەر، لێکۆڵەر و راوێژکاری سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بۆ کاروباری ناوچەی ئۆراسیا، لە گوتارێک لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "زۆربەی چاودێران دەترسان لەدوای رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، رێکخراوی ناتۆش هەڵوەشێتەوە، بەڵام بەهۆی بەها دیموکراتییەکان و ئەو پێوەرانەی بۆ وەرگرتنی ئەندامی نوێ دانرابوون، رێکخراوەکە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان دەرچوو".

جیهان بەرەو دۆخێکی هاوشێوەی جەنگی سارد دەچێ و مۆسکۆ جارێکی دیکە ملی لەبەر ملی ئەورووپا ناوە. بەڵام لێدوانە توندەکانی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە کۆبوونەوەکانی رۆژانی چوارشەممە و پێنجشەممەی رابردوو و ناکۆکیی قووڵی نێوان ژمارەیەک لە ئەندامانی رێکخراوەکە (لەوانەش تورکیا و ئەمریکا، تورکیا و یۆنان) ئاماژەن بۆ ئەوەی ناتۆ بەهۆی کێشە نێوخۆییەکانی خۆی ئامادەگی بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە دەرەکییەکانی نییە.

لە سەرەتای نەوەتەکانی سەتەی رابردووەوە ناتۆ لە غیابی دوژمنێکی گەورەی هاوبەشدا درێژە بە خۆی دەدات، لە دۆخێکی ئاوادا پاراستنی یەکڕیزی رێکخراوەکە هێندەی بەستراوەتەوە بە خستنەڕوو و جێبەجێکردنی ئەجێندایەکی گشتی، هێندە پەیوەست نییە بە بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەیەکی دەرەکییەوە، هەر بۆیەش لەدوای رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت پەرەپێدانی لیبراڵ دیموکراسی و بەهاکانی نەک هەر ماوەیان بەسەرنەچوو، بەڵکو دەکرا وەکو ئامرازێک بۆ پاراستنی یەکڕیزی رێکخراوەکە و بلۆکی رۆژئاوای پێشوو بەکاربهێنرێ.

لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، رێکخراوی ناتۆ ئەندامێتی لە ناتۆی وەکو هاندەرێک بۆ گۆڕانکاریی دیموکراتی لە وڵاتە نوێیەکاندا بەکارهێنا. بە بۆچوونی والاندەر ناتۆ پێیوابوو "دامەزراوەی لیبراڵ و بەها دیموکراتەکان دەتوانن رێگە لە سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزم، توندئاژۆیی و نالێبوردەیی بگرن، واتە هەمان ئەو هۆکارانەی چەندین دەیە سەرچاوەی شەڕی سەختی نێوان ئەورووپییەکان بوو".

ژمارەیەکی زۆر لە چالاکییەکانی ناتۆ لە کۆتاییەکانی سەتەی رابردوو بۆ پاراستنی یاسای نێودەوڵەتی بوون، نەک جێبەجێکردنی مادەی پێنجی دامەزراندنی هاوپەیمانێتییەکە، واتە بەرەنگاربوونەوەی هەر هەڕەشەیەک کە رووبەڕووی ئاسایش و سەروەری یەکێک لە ئەندامان ببێتەوە. یۆگسلاڤیای پێشوو و هیچکام لەو وڵاتانەی دواتر لێی جیابوونەوە ئەندامی ناتۆ نەبوون، بەڵام پاراستنی بەها لیبراڵەکان و یاسای نێودەوڵەتی ناتۆی ناچارکرد هێزی سەربازی رەوانەی بۆسنە بکات بۆ ئەوەی ناوچەی ئارامی ژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەرامبەر هێرشی سربەکان بپارێزێ.

راوێژکارەکەی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا جەخت لەوە دەکاتەوە یەکێک لەو هۆکارانەی وایکرد ناتۆ بەرەبەرە لە بەها دیموکراتییەکان دوور بکەوێتەوە ئەوەیە لە سەرەتای سەتەی 21ەوە ژمارەیەک ئەندامی لە وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتی پێشوو وەرگرت. والاندەر لەمبارەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "کاتێک ئەندامی زیاتر دەهێنیتە ناو رێکخراوەکەوە بەمە بەرژەوەندی و ئەولەوییەتی نوێ و جۆراجۆر دێتە ناو رێکخراوەکەوە. رەنگە ناتۆ پێیوابێ پابەندبوون بە لیبراڵ دیموکراسی ئەم کێشەیە کاڵتر بکاتەوە، بەڵام ئەم ئارگۆمێنتە کاتێک راستە کە وڵاتە تازە وەرگیراوەکان لەدوای ئەندامێتییان لەسەر بەڵێنەکانی خۆیان بمێننەوە". نموونەی ئەو وڵاتانەش هەنگاریا و پۆڵەندان کە پابەند نەبوون بە هیچکام لەو بەڵێنانەی پێش ئەندامێتییان دابوویان، لەکاتێکدا هەردوو وڵاتەکە بەهۆی نزیکبوونیان لە سنوورەکانی رۆژئاوای رووسیا، وەکو بەشێک لە بەهێزکردنی پەرژینی رۆژهەڵاتی ناتۆ وەرگیراون.

نموونەیەکی دیکە کە لە وتارەکەی (فۆرین ئەفەیرز)دا ئاماژەی بۆ دەکرێ تورکیایە کە لەساڵی 1952ەوە لەناو رێکخراوەکەدایە. مێژووی تورکیا لێوانلێوە لە کودێتا و سەرکوتکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان، دوایین نموونەشیان هەوڵی کودێتاکەی 2016 بوو. لەدوای ئەو هەوڵە، حکومەتەکەی ئاکپارتی هەزاران فەرمانبەری حکومی، ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان، چالاکڤانانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتە کوردییەکانی رەوانەی گرتووخانەکرد. کلێستی والاندەر دەڵێت هەموو ئەو هەوڵانە بۆ قووڵکردنەوەی دەسەڵاتی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، بەسەر دامەزراوە ئەمنی و مەدەنییەکان بووە.

بەدەر لە هەموو ئەمانەش، دەرکەوتنی گروپە راستڕەوە پۆپۆلیستەکان لە وڵاتانی ناوەڕاست و باکووری ئەورووپا و ئەمریکا هەڕەشەیەکی دیکەیە لەسەر بەها لیبراڵ دیموکراتەکان، نموونەی ئەمەش دەرکەوتنی بەهێزی حیزبی بەرەی نیشتمانی بوو لە هەڵبژاردنەکانی 2017ی فەرەنسا و بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی لەلایەن پارتی ئەلتەرناتیڤی ئەڵمانیا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردوودا.

لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە ئیدارەی نوێی ئەمریکا لەلایەکەوە بڕوایەکی ئەوتۆی بەو بەها ئایدۆلۆژییانە نییە کە ناتۆی لەسەر دامەزراوە و لەلایەکی دیکەشەوە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو مەترسییەک بۆسەر سەروەریی وڵاتەکەی دەبینێ.

لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە جەخت دەکاتەوە هەڕەشەی لاوازبوون و تەنانەت رووخان لەسەر دەسەڵاتە نالیبراڵ و نادیموکراتیکەکان زیاترە، لەبەر ئەوەی ئەمجۆرە دەسەڵاتانە بەرەو دەسەڵاتی سەرکوتکەر هەنگاو دەنێن و ئەمجۆرە دەسەڵاتانە لەدرێژخایەندا ناچارن بۆ پاراستنی خۆیان پەنا بۆ گەندەڵی و نادیدەگرتنی سەروەری یاسا بەرن، ئەمەش رێک ئەو کەلێنەیە کە رووسیا دەتوانێ بۆ دەستتێوەردان و پەرەپێدانی نفووزی خۆی لە وڵاتەکە و لەناو ناتۆ بەکاری بهێنێ. بۆیەش کێشەکە تەنیا ئەوە نییە وڵاتان بودجەی سەربازیی وڵاتەکەیان بەرز بکەنەوە (وەکو ئەوەی ترەمپ جەختی لەسەر دەکاتەوە)، بەڵکو مەسەلە هەرە گرنگەکە بۆ مانەوەی ناتۆ "زیندووکردنەوەی ئەو بناغە دیموکراتیکانەیە کە ناتۆی لەسەر دامەزراوە و رێگە لە دەستتێوەردانی رووسیا لەکاروباری نێوخۆی ناتۆ دەگرێ".

# "ترەمپ پلانی کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا دەداتە پوتین"


چاوەڕێ دەکرێ سووریا و هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکەی ترەمپ و پووتین بێت

**واشنتن پۆست**

**ئەمریکا داوا لە یەپەگە دەکات لەگەڵ هێزەکانی رووسیا و حکومەتی سووریا هەماهەنگی بکەن**

**رووداو- هەولێر**

رۆژی دووشەممە 16ی تەمووز لە هێلسنکی پایتەختی فینلاند، سەرۆکی هەردوو وڵاتی ئەمریکا و رووسیا کۆدەبنەوە، چاوەڕێ دەکرێ سووریا و هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە بێ. تەنانەت هەندێک سەرچاوەی میدیایی باس لە رێککەوتنی بەراییش دەکەن. شارەزایان پێیانوایە ئیدارەی واشنتن دەبێ بە وریاییەکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ مەلەفی سووریا بکات، لەبەر ئەوەی هیچ قەیرانێکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هێندەی شەڕی نێوخۆی سووریا کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گۆڕینی داینەمۆ سیاسییەکانی ئەو ناوچەیە نابێ.

## سووریا و سەربازە ئەمریکییەکان

ئەمریکا تەنیا 2200 سەرباز، راوێژکار و راهێنەری لە سووریا هەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەی کوردنشینی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا جێگیرن. بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (واشنتن پۆست)، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە کۆبوونەوەکەی دووشەممەدا پێشنیازی کشانەوەی بەشی زۆری هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا دەکات. لەبەرامبەردا داوا لە پوتین دەکات جموجۆڵەکانی ئێران لە سووریا سنووردار بکات، بەتایبەتیش لەو ناوچانەی دەکەونە سەر سنوورەکانی سووریا لەگەڵ ئیسرائیل و ئوردن.

هەر لەو پێشنیازنامەیەدا، ئەمریکا داوا لە هێزە کوردییەکان دەکات لەگەڵ هێزەکانی رووسیا و حکومەتی سووریادا هەماهەنگی بکەن. بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، ئیسرائیل و ئوردن ئاگاداری ئەو پێشنیازنامەیەی ترەمپن، بەڵام لەنێوخۆی ئیدارەی ئەمریکیدا ناکۆکی گەورەی لەسەر دروستبووە.

دێنیس رۆس، لێکۆڵەر لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە "هەر ئەم هێزە بچووکە بایەخێکی یەکجار زۆری بۆ دۆستان و دوژمنانی ئەمریکا هەیە، لەکاتێکدا خەرجییەکی زۆریشیان لەسەر حکومەتی واشنتن دانەناوە".

بریت مەکگۆرک، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش، یەکێکە لە لایەنگرانی رێککەوتنەکە. بەڵام جۆن بۆڵتن، راوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا، لەگەڵ دوو خاڵی دۆکۆمێنتەکەدا کۆک نییە، یەکەمیان ئەوەیە بۆڵتن داوا دەکات: "ئێران لە هەموو سووریا بکشێتەوە، نەک هەر لە ناوچە سنوورییەکانی رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوای سووریا"، خاڵی دووەمیش ئەوەیە ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک نابێ دانوستاندن لەسەر بنکە سەربازییەکەی ئەمریکا لە نزیک ئەلتەنف بکەن.

ئەمریکا لە حەوت ساڵی رابردووی شەڕی نێوخۆی سووریادا بەدەست نەبوونی ستراتیژێکی گونجاوەوە دەناڵێنێ، هەردوو ئیدارەی پێشوو و ئێستای کۆشکی پشتیان بە کۆمەڵێک هەنگاوی تەکتیکی بەستووە کە زۆربەی جاران بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی سەر ئەرزی واقیع لە سووریا شکستیان هێناوە. رۆس دەڵێت: "ئەگەر ئەو هێزانە لەچوارچێوەی ستراتیژێکی یەکانگیر بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سووریا بمێننەوە، دەتوانن رێگری لە دوو هەڕەشەی گەورە بکەن، کە یەکێکیان سەرهەڵدانەوەی داعشە و ئەوەی دیکەیان هەوڵەکانی ئێرانە بۆ قۆستنەوەی ئاڵۆزییەکانی سووریا لە پێناو فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا".

مایکڵ ئۆهانلۆن، لێکۆڵەر لە پەیمانگای برووکینگزی ئەمریکی، پێیوایە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا هەڵەیەکی گەورەیە، یەکەم لەبەر ئەوەی "رووسیا چەندین رێککەوتنی لەگەڵ ئەمریکا شکاندووە"، دوایین نموونەشی هێرشی هاوبەشی هێزەکانی حکومەتی سووریا و هێزی ئاسمانی رووسیایە بۆ سەر پارێزگای درعا، کە بە پێی رێککەوتنێکی نێوان پوتین و ترەمپ بە ناوچەی ئارام لەقەڵەم دەدرا.

لە ساڵی 2015ەوە ئەمریکا لە رێگەی هێزی ئاسمانییەوە پشتیوانی لە هێزە کوردییەکان دەکات و لە رێگەی ئەو هێزانەوە زۆرینەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشیان رزگارکردووە. لەو کاتەوە ئەمریکا دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر ناوچەکانی رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی سووریاوە هەیە و لەوێشەوە دەتوانن چاودێری گۆڕانکارییەکانی شەڕی نێوخۆی سووریا بکەن و فراوانخوازییەکانی ئێران کۆنترۆڵ بکەن. ئۆهانلۆن جەخت دەکاتەوە لەوەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا "ئەو نفووزە لە ئەمریکا دەستێنێتەوە".

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (پۆست) فەرماندە سەربازییەکان و بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا نیگەرانن لەوەی کشانەوەی بەشی زۆر لە هێزەکانی وڵاتەکەیان لە سووریا دەکرێ شەڕی داعش بە ناتەواوی بهێڵێتەوە و لە دوای دەرچوونی ئەمریکا لە سووریا ئەو هێزە جارێکی دیکە سەرهەڵبداتەوە. ماوەی دوو مانگە هێرشەکانی داعش لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق و رۆژهەڵاتی سووریا دەستیان پێکردووەتەوە و بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا هۆشداری دەدەن شەڕی دژی داعش تەواو نەبووە. هەفتەی رابردوو مایکڵ ناگاتا، بەرپرسێکی باڵای دژەتیرۆری ئەمریکا، جەختی لەوە کردەوە کە "هیچ کەسێک ناتوانێ (لە شەڕی دژی داعشدا) ئەو رۆڵە بگێڕێ کە ئەمریکا گێڕاویەتی".

بەشداری هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا تەنیا پەیوەندی بە تێکشاندنی داعشەوە نییە، بەڵکو کۆنترۆڵکردنی فراوانخوازییەکانی ئێران ئامانجێکی سەرەکیی بووە لە جێگیرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە شەڕی سووریادا. ژمارەیەک بەرپرسی پایەبەرزی ئەمریکی لە چەند رۆژی رابردوودا باسیان لەوە کردووە ئەمریکا لەبەرامبەر کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا داوای دەرچوونی ئێران لەو وڵاتە دەکات.

لێکۆڵەرەکەی برووکینگز دەڵێت هیچ گەرەنتییەک نییە رووسیا بتوانێ ئێرانییەکان رازی بکات، لە کاتێکدا تاران دەیان ملیار دۆلار پارە و سەرمایەیەکی زۆر مرۆیی و سەربازی لە سووریا خەرجکردووە، بۆ ئەوەی ئامانجە لەمێژینەکەی خۆی بباتەسەر، بەتایبەتیش ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا کشابنەوە، واشنتن هیچ وەرەقەیەکی گوشاری لە سووریا بەدەستەوە نامێنێ بۆ ئەوەی رووسەکانی پێ ناچار بکات.

مانگی رابردوو، مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمریکادا دانی بەوەدا نا کە "ئێمە (ئەمریکا) لەو پێگەیەدا نین کە ئەوەندەمان نفووز هەبێ بتوانین بەو دەستکەوتانە بگەین کە تەواو لە بەرژەوەندی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا بێ". پۆمپیۆ گوتیشی "دەسەڵاتی رووسەکان بەسەر ئێرانییەکاندا پرسیارێکی کراوەیە".

باربارا لیف، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئیماراتی عەرەبی و لێکۆڵەری ئێستای پەیمانگای واشنتن، پێیوایە ئیدارەی ئێستاش خەریکە هەمان هەڵەی ئیدارەی پێشوو دووبارە دەکاتەوە و متمانەی خۆی لای هاوپەیمانەکانی لەدەست دەدا، "لەبەر ئەوەی ئیدارەی کۆشکی سپی زۆر بە دوودڵییەوە مامەڵە لەگەڵ مەلەفی سووریا دەکات و جیاوازییەکی گەورەش لە نێوان گوتار و سیاسەتی بەرامبەر ئێران هەیە".

تاوەکو ئێستا دیار نییە ئیدارەی رووسیا چۆن مامەڵە لەگەڵ پێشنیازەکەی ترەمپدا دەکات، بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کۆبوونەوەکەی دووشەممە لە هێلسنکی کۆتایی بە شەڕی نێوخۆی سووریا ناهێنێ و ئەگەر رووسیا پێشنیازەکەی ئەمریکا قەبووڵ بکات ئەوە کوشتارێکی سەخت چاوەڕێی ئەو ناوچانە دەکات کە لەژێر دەسەڵاتی رژێمی سووریادا نین، سەرکردەکانی داعش بیر لە بەکارهێنانی ئەو بۆشاییە دەکەنەوە کە بەهۆی دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا دروستبووە و ئێران لە دەرفەتێکی گونجاودا درێژە بە پلانی دروستکردنی هیلالی شیعی دەدات.

# غووتەی رۆژهەڵات..

# چوار مانگ دوای گەڕانەوەی سوپای سووریا


حکومەتی دیمەشق تەنیا شەش ملیۆن دۆلاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی وێرانەشاری غووتە تەرخان کردووە

**رووداو- هەولێر**

چوار مانگ بەسەر کۆنترۆڵکردنەوەی غووتەی رۆژهەڵاتدا تێدەپەڕێ، لەو ماوە کورتەدا هێزەکانی رژێمی سووریا هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستگیرکردن، تۆقاندن و راپێچکردنی زۆرەملێی خەڵکیان بۆ سەربازی بەڕێوە بردووە. خەڵکی ناوچەکە دەڵێن هێزەکانی دیمەشق بۆ ملکەچکردنی خەڵکی ناوچەکە و سەپاندنی دەسەڵاتی حکومەت، دەستی بە کۆمەڵێک رێوشوێنی توند کردووە، لەوانەش کەمکردنەوەی ئەو بەشە خۆراکەی بۆ شارەکە دێت.

هێرشی رژێمی سووریا بە پشتیوانی هێزی ئاسمانیی رووسیا بۆ سەر غووتەی رۆژهەڵات لە مانگی شوباتی ئەمساڵ دەستیپێکرد، بەهۆی شەڕەکەوە خەڵکی مەدەنی شارەکە بۆ ماوەی چەندین هەفتە لە ژێرزەمینەکاندا مانەوە، سەتان کەس کوژران و هەزاران کەسیش ئاوارەی پارێزگای ئدلیب و شاری عەفرین بوون. هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە مانگی نیسانی ئەمساڵ قایل بوون بەوەی شارەکە چۆڵ بکەن.

ئێستا وێنەی بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا لە هەموو خانووبەرە و دووکانێک دراوە و دووکاندارەکان ئاڵای سووریایان لەسەر دەرابەی دووکانەکانیان کێشاوەتەوە. هەموو ئەمانە نیشانەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتن بۆ شارەکە، هاوکات ئاماژەشن بۆ ئەو دەسەڵاتە پۆلیسییە توندەی دەستی بەسەر شارەکەدا گرتووە.

پێشتر حکومەتی سووریا بەڵێنی دابوو لە رێگەی ئاشتەوایی نیشتمانییەوە ئاسایشی ئەو ناوچانە مسۆگەر بکات کە دەستیان بەسەردا دەگرێتەوە، بەڵام رەفتارەکانی چەند مانگی رابردووی لە غووتەی رۆژهەڵات ئەو بانگەشەیە بەدرۆ دەخەنەوە.

کۆتایی هەفتەی رابردوو، هێزەکانی ئەسەد توانییان شاری درعا لە باشووری سووریا بگرنەوە، کەوتنی درعا بایەخێکی سیمبۆلیکی زۆری بۆ ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و شەڕی نێوخۆی ئەو وڵاتە هەیە، چونکە حەوت ساڵ لەمەوبەر سەرهەڵدانە مەدەنییەکانی سووریا لەو شارەوە دەستیانپێکرد. هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن رازی بوون چەکە قورس و مامناوەندەکانیان رادەستی حکومەت بکەن، بەو مەرجەی رێگەیان بدەن بەرەو باکووری سووریا بچن. هێزەکانی لایەنگری رژێم رێگەیان تەنیا بە 1000 کەس داوە شارەکە جێبهێڵن و دواتر هێزەکانی ئەسەد و پۆلیسی سەربازیی رووسیا پێکەوە چوونەتە ناو شارەکەوە.

لە سەرەتای کەوتنی غووتەی رۆژهەڵاتدا، بڕیار بوو هێزێکی تایبەتی چیچانی بۆ پاراستنی ئاسایشی شارەکە و رێگری لە سەرکوتی خەڵکی شارەکە لەلایەن رژێمی سووریاوە، لە غووتە بمێننەوە، بەڵام ئەو هێزانە تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی لە شارەکەدا مانەوە.

حکومەتی سووریا باس لە پلانی ئاوەدانکردنەوەی غووتە دەکات، لەکاتێکدا لە شەڕی سێ مانگەی غووتەی رۆژهەڵاتدا بەشی زۆری ژێرخانی شارەکە وێران بووە. حکومەت تەنیا نزیکەی شەش ملیۆن دۆلاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە تەرخان کردووە. ئەو پارەیەش بۆ پاککردنەوەی رێگاکان و گەڕاندنەوەی خزمەتگوزارییە بۆ شارەکە. تاوەکو ئێستا دیار نییە ئەو شەش ملیۆن دۆلارە چ جۆرە خزمەتگوزارییەک پێشکەش بە خەڵکی ناوچەیەک دەکات کە بۆردومانی فڕۆکەکانی رووسیا بەشی هەرە زۆری تەخت کردووە.

بەگوێرەی راپۆرتی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، هێزەکانی رژێم دەستیان بە دەستگیرکردنی بەشێک لەو خەڵکە کردووە کە لە شارەکەدا ماونەتەوە، لەوانەش ئەندامانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری پێشووی ناوچەکە کە حکومەت بە لایەنگری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەقەڵەمیان دەدات. پێشتر رووسیا گەرەنتی ئەوەی دابوو هەر کەسێک بە خواستی خۆی لە ناوچەکانی غووتەی رۆژهەڵات، لەوانەش دوما، بمێنێتەوە، هێزەکانی لایەنگری رژێم کێشەی بۆ دروست ناکەن.

فیراس عەبدوڵڵا لەکاتی هێرشەکانی سەر غووتەی رۆژهەڵات لە شارەکە مابووەوە و ئێستاش پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ و کەسوکارەکانی ماوە. فیراس بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە کە هاوڕێ و کەسوکارەکانی دەترسن لەوەی دەستگیر بکرێن و ئۆتۆمبێلەکانی هەواڵگریی سووریا بەردەوام بەناو کۆڵانەکانی شارەکەدا دەخولێنەوە.

فیراس لەمبارەوە دەڵێت "من ناتوانم باسی هەموو ئەو شتانەیان لەگەڵ بکەم کە لەناو شارەکەدا دەگوزەرێ. سووریا خەریکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو دۆخەی حەوت ساڵ لەمەوبەر تێیدا بوو، واتە پێش ئەو کاتەی شۆڕش دەستپێبکات".

رێکخراوی روانگەی مافەکانی مرۆڤی سووریا لە راپۆرتێکدا هۆشداری داوە هەزاران گەنجی ناوچەکە دەستبەسەرکراون و ناچار دەکرێن خۆیان لە هێزە چەکدارەکانی سووریادا ناونووس بکەن، ئەمەش وەکو مەرجێک دانراوە بۆ ئەوەی خۆیان و خێزانەکانیان بتوانن کەمپەکانی ئاوارەکان لە نزیک غووتە جێبهێڵن و چاویان بە کەسوکاریان بکەوێ.

رۆژنامە ئەمریکییەکە لە زاری خەڵکی ناوچەکەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دۆخی نائاسایی لەسەر غووتە هەڵنەگیراوە، بۆیەش نزیکەی 200 هەزار کەس لە ناوچەکە گیریان خواردووە و رێگەیان پێنادرێ جێیبهێڵن، لەکاتێکدا رێگەش نادرێ کاروانی هاوکاریی مرۆیی و دەرمان بەشێوەیەکی ئاسایی بگەنە غووتەی رۆژهەڵات و دوما. غووتەی رۆژهەڵات و شاری دوما لە ئایاری 2013ەوە لەژێر گەمارۆیەکی سەختی هێزەکانی لایەنگری رژێمی سووریادا بوون، لەو کاتەوە تاوەکو مانگی نیسانی ئەمساڵ خۆراک و دەرمانێکی کەم دەگەیشتە ناوچەکە، بۆیەش بەشی زۆری خەڵکەکەی تووشی بەدخۆراکی بوون.

مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، کۆمیسیۆنی سووریای نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتێکدا گەمارۆی سەر غووتەی رۆژهەڵاتی بە "درێژترین گەمارۆ لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا" وەسف کرد. لە سێ مانگی رابردوودا نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سووری سووریا تەنیا دوو کاروانی هاوکارییان بۆ شارەکە رەوانە کردووە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دەستهەڵگرتن لە بەغدا و زامنکردنی کەرکووک

جیاواز لە کێشەی کەرکووک لە نێوان کورد و عەرەب کە ئێستا پەلی کێشاوە بۆ نێوان کورد و تورکیا و کورد و ئێرانیش، کەرکووک کێشەیەکی تریشی هەیە، ئەویش قوربانیبوونیەتی لە ململانێی پارتی و یەکێتیدا و لە دەستپێکی دابەشبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە بۆ دوو بەرەی (جەلالی و مەلایی)، بووە بە بەشێک لەم کێشمەکێشە.

سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول، بە حوکمی ئەوەی یەکەم چەخماخەی لە دەربەندی بازیانی نزیک کەرکووک لێدرا، هەروەها بەهۆی بوونی ئەو ململانێ نەتەوەییەی ئەوکاتی نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک و کاریگەریی ڕووداوەکانی ساڵی 1959 لەسەر کورد، بەشی زۆری کوردی کەرکووک چوونە ناو شۆڕشەوە. کەمتر لە دوو ساڵ لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول، بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم و (حەرەس قەومی) سیاسەتی بە سوتماککردنی لە کەرکووک پەیڕەو کرد، ئەمەش هاندەرێکی تر بوو بۆ پەرەسەندنی کڵپەی شۆڕش لەو شارە و هەر ماڵێک لانیکەم ئەندامێکیان بووە پێشمەرگە.

کاتێ شۆڕش ناکۆکی تێکەوت و لێکترازان کەوتە ڕیزەکانییەوە، بە ئەندازەی هەموو ناوچەکانی کوردستان لە کەرکووک ڕەنگی دایەوە. بەو حوکمەش کە پێشتر مام جەلال لە کۆیەوە هاتبووە کەرکووک و بەشێکی ژیانی سیاسی لەوێ بردبووە سەر، زۆرینەی کەرکووکیەکانی ناو شۆڕش دوای باڵی جەلالی کەوتن. هەروەها بەهۆی ئەو ڕووداوانەش کە جەلالییەکان بارەگایان بردەوە کەرکووک، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی زۆرینەی کەرکووکییەکان مەیلیان بۆ مام جەلال زیاتر بێت وەک لە پارتی.

لە دوای ساڵی 1975 و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، بەو هۆیەوە کە مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی زوو گەیشتنە ناوچەکانی کەرکووک و تا ئەنفال ناوچەکەیان چۆڵ نەکرد، لەبەر دوورەپەرێزیی پارتیش لە ناوچەکە، ئیتر کەرکووک تا ئەندازەیەک وەک جێنفوزی یەکێتی یەکلایی بووەوە. ڕاپەڕین و ڕووداوەکانی دواتریش تا گەڕانەوەی کورد بۆ کەرکووک و بایەخی زۆری مام جەلال بە کێشەکانی و بەردەوام بەسەرکردنەوەی، زیاتر ڕەنگی یەکێتی بەسەر شارەکەدا بڕی.

هەرچەندە چاوەڕوان دەکرا ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر پێگەی یەکێتی لە کەرکووک تا ئاستێکی زۆر لاواز بکەن، بەڵام کاریگەریی میدیای یەکێتی لەسەر سایکۆلۆجیای خەڵکی کەرکووک، هاوکێشەکەی بە قازانجی یەکێتی هەڵگێڕایەوە، پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییانەی بەشێک لە هێزە سیاسییەکان هەیانبوو کە پێیانوابوو زۆرینەی خەڵک لۆمەی یەکێتی دەکەن بەوەی کەرکووکی تەسلیمی بەغدا کردووەتەوە و سزای یەکێتی دەدەن، خەڵک سوپاسگوزاری یەکێتی بوون کە شارەکەی لە وێرانبوون پاراستووە و لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا پاداشتی یەکێتییان دایەوە.

بەڵام لە ئیدارەدانی کەرکووکدا هاوکێشەکە بەجۆرێکی تر بووە. لە دوای ڕاپەڕینەوە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بۆ هەر پارێزگایەک، سەرکردایەتییەکی مەیدانی لە جیاتی پارێزگار دروستکرد کە نوێنەری هەموو لایەنەکانی ناو بەرە تێیدا ئەندام بوون، پارتی ڕازی نەبوو یەکێتی سەرکردایەتی کەرکووک وەربگرێت و ساڵی 1991 بۆ 1992 جەوهەر نامیق دانرا. لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمدا پارێزگار بۆ کەرکووک دیاریکرا و شارۆچکەی دەربەندیخان بووە مەنزڵی. بەڵام دوای دوو ساڵ و لە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆوە پارتی و یەکێتی هەریەکە لای خۆیەوە پارێزگارێکی بۆ دیاریکرد. تا ڕووخانی سەدام، کورد لە ئاوارەیی و لە بنەسڵاوە و دەربەندیخان دوو پارێزگاری بۆ کەرکووک هەبوو، کەرکووکیش بە دەستی پارێزگارێکی عەرەبەوە دەیناڵاند.

ساڵی 2003 لەگەڵ کەوتنی بەغدا، کورد گەیشتەوە کەرکووک، بەڵام لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەوە ناکۆکی کەوتە نێوان پارتی و یەکێتی لەبارەی چۆنێتی ئیدارەدانی کەرکووک و کەوتنە ململانێ لەسەر دیاریکردنی کارەکتەرێک بۆ پارێزگاری شارەکە. پارتی بەهیچ جۆرێک ڕازی نەدەبوو کادرێکی ئیداریی یەکێتی لەو پۆستە دابنرێت لەکاتێکدا بەشی زۆری کەرکووکییەکان ئەندام و لایەنگری یەکێتی بوون. دواتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە یەکێتی کەسێکی بێلایەن دەستنیشان بکات و پارتی ڕەزامەند بێت لەسەری، بەو جۆرە عەبدولڕەحمان مستەفا کرایە پارێزگاری کەرکووک تا بەهاری 2011 و لەو گۆڕانکاریانەی پارێزگا و ئەنجومەن، ڕێککەوتنێکی تر لەنێوان پارتی و یەکێتی کرا بەوەی یەکێتی د.نەجمەدین کەریم دابنێ و سەرۆکی ئەنجومەن بدرێتە بەرەی تورکمانی.

هەرچەندە ئەمجارە لە ڕووکەشدا وادەرکەوت کە پارێزگار دراوەتەوە یەکێتی، بەڵام کەم نەبوون ئەوانەی لە ناوەندی بڕیاری یەکێتی باوەڕیان وابوو ئەو ئاڵوگۆڕە بەشێک بووە لە پرۆژەی سیاسی پارتی بۆ کەرکووک و ساڵانی دواتر تا 16 ئۆکتۆبەر ئەم بۆچوونەی قووڵتر کردەوە، لەناو یەکێتی و بەشێوەی ئاشکرا کەوتنە سەنگەرگرتن لە پارێزگار کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو. گروپی یەکێتی لە بەغداوە کەوتنە کارکردن بۆ لێسەندنەوەی پۆستەکەی و لە پەرلەمانەوە متمانەیان لێوەرگرتەوە. هەرچەندە پارێزگار گوێی بە بەغدا نەدا و تا 16ی ئۆکتۆبەر لە پۆستەکەی مایەوە.

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە دۆخێکی تازە هاتووەتە پێش، یەکێتی لە کەرکووک ماوەتەوە و پارتی بایکۆتی سیاسی کردووە، پارێزگار پشکی کوردە، بەڵام جارێکی تر بە هۆکاری ناکۆکیی پارتی و یەکێتی ئەو پۆستە بە چۆڵی ماوەتەوە و جێگری پارێزگار کە عەرەبێکی شۆڤێنی ناوچەکانی حەویجەیە، پۆستەکە بەڕێوە دەبات و هاوشێوەی سەردەمی بەعس دەستی داوەتە سیاسەتی بەعەرەبکردن. تا هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە بڕیار وایە لە کۆتایی ئەمساڵ ئەنجام بدرێت، ئەو پۆستە وەک پشکی کورد دەمێنێتەوە. هەرکات ئەم دوو حیزبە ڕێکبکەون، دەتوانن پارێزگارێکی کورد دابنێن و ئەگەر ئێستا ئەو کارە بکەن، ڕێگە خۆش دەکات بۆئەوەی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنیشدا کورد بتوانێ پێگەی بەهێزبێتەوە تا بۆ چوار ساڵی داهاتووش ئەو پۆستە گرنگە لای کورد بمێنێتەوە.

ئەگەر پارتی و یەکێتی ڕێکنەکەون، ئەوە بەدەر لەوەی تا وادەی هەڵبژاردن بەو جۆرەی ئێستا بەڕێوەدەبرێت، پاش هەڵبژاردنیش ئەنجامەکان و هاوپەیمانێتییەکانی دوای ئەو هەڵبژاردنە یەکلایی دەکاتەوە پۆستی پارێزگار لای کام پێکهاتە دەبێت. ئەو ناتەبایی و لێکترازانەی ناوماڵی کوردیش لە کەرکووک یارمەتیدەر نابێ بۆ ئەوەی لەدوای هەڵبژاردن کورد پۆستەکە وەرگرێتەوە. بە تایبەت ئەمە بۆ یەکێتی کۆسپێکی گەورەیە و هەڵبژاردنی دوو مانگی ڕابردوو نەک هەر تورکمان و عەرەب، بەڵکوو هێزە کوردیەکانیشی کردووەتە نەیاری. بۆیە ئەگەر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگادا لە باشترین حاڵەتدا یەکێتیی بتوانێ بەهەر ڕێگەیەک پارێزگاری لەو پێگەیەی ئێستاشی بکات، ناتوانێ بە تەنها پۆستی پارێزگار وەربگرێت.

بایەخی پۆستی پارێزگاری کەرکووک لە پۆستی سەرۆککۆمار گرنگترە بۆ کورد، بەتایبەتیش کە پۆستی سەرۆککۆمار لە بەغدا مایەی کێشەی زیاتر بووە بۆ یەکێتی و ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆری کردووەتەوە، پێشتر ئەو پۆستە هاوتا کرابوو بە پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئێستا دەرفەتێکی باشە کە سەرۆکایەتی هەرێم هەڵپەسێردراوە، یەکێتی دەستبەرداری پۆستەکەی بەغدا بێت. لە بەرانبەر ئەوەدا بە فەرمی پۆستی پارێزگاری کەرکووک بدرێتەوە بە یەکێتی و لەگەڵ پارتی لەسەر ئەوە ڕێککەوێت، بەغدا بۆ ئەوان و کەرکووک بۆ یەکێتی زامن بکەن.

**ئێستا دەرفەتێکی باشە کە سەرۆکایەتی هەرێم هەڵپەسێردراوە، یەکێتی دەستبەرداری پۆستەکەی بەغدا بێت و لە بەرانبەر ئەوەدا پۆستی پارێزگاری کەرکووک بدرێتەوە بە یەکێتی و لەگەڵ پارتی لەسەر ئەوە ڕێککەوێت**



زوبێر ڕەسوڵ
دکتۆرا لە زانستە سیاسیەکان، زانکۆی ئێکسیتر

# کۆمەڵگای کوردی لەژێر هەڕەشەی کۆمەڵگای سیاسیدا

کۆمەڵگای کوردی لەڕووی سۆسیۆلۆجیەوە، بە پێچەوانەی کۆمەڵگای کوردی لەڕووی سیاسیەوە زۆر بە کەمی توێژینەوەی جدی لەسەر کراوە، ئەو چەند نووسینەی کە تا ئێستاش بەردەستن بەشی هەرەزۆریان هی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکانی وەک (باسیل نیگتین)، (هاملتون)، (ڕۆس)، (مینۆرسکی)، (والتەر هارین)، (فریزر)، (ریچ) ، (هوبارد) و (ئادمۆندز)ن کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی نۆزدە و بیست. لە دوای ڕاپەڕینی 1991 کۆمەڵگای کوردی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنفکریشەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی دیکە کە چیتر ناچێتە ژێرباری شرۆڤە کۆنەکانی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسان. بەداخەوە توێژینەوەکانی سۆسیۆلجیستی گەورەی عێراقیش (عەلی وەردی) کۆمەڵگای کوردی خستووەتە دەرەوەی چوارچێوەی کارەکانی.

لە دوای ڕاپەڕینەوە تا دەگاتە ئێستا، کۆمەڵگای کوردی چەندین هەوراز و نشێوی بینیوە و بەر چەندان تەنگەژەی سیاسی، ئابووری و تەندروستی و.. تاد کەوتووە، ئەمە تا دەگاتە کاریگەریی جیهانگیری و کۆمەڵگای زانیاری و شەپۆلە خێراکانی تەکنەلۆژیا کە کاریگەریی بەردەوامیان هەیە لەسەر سەرلەبەری ژیانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی. ئەمە لە کاتێکدایە بەبێ ئەوەی پلانێکی پەروەردەیی یان خەمێکی گشتی هەبێت بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێشهاتە نوێیانەدا. ئەو بوارەی کە من زیاتر دەمەوێت لەم نووسینەدا تیشکی بخەمە سەر، ئەو پەراوێزبوونەی کۆمەڵگای کوردی (Kurdish Society) یە لە بەرامبەر کۆمەڵگای سیاسی (political society). دیارە جیاوازیی سەرەکی کۆمەڵگای سیاسی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی ئەوەیە کە کۆمەڵگای سیاسی ئامانجی سەرەکی دەستگەیشتنە بە دەسەڵات و حوکمڕانی، لە شێوەی پارتە سیاسییەکان و دامەزراوە سیاسییەکانی تری کۆمەڵگا، بەڵام لەڕاستیدا بەهۆی ئەو ململانێ نادروستەی نێوان لایەنەکان لە هەرێمی کوردستان، کەس ئاگای لە کۆمەڵگای کوردی و کێشەکانی نەماوە، هیچ پرۆژەیەکی جددیش بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی، یاخود هیچ نەبێت ناسینی کۆمەڵگای کوردی لە ئارادا نییە. کەس نازانێت دۆخی چینەکانی کومەڵگای کوردی لە چ ئاستێکدایە، چینی نزم و ناوەڕاست و بەرز گەیشتوونەتە چ ئاستێک؟ ئایا هاوسەنگیی نێوان چینەکان چۆنە؟ ئاستی هۆشیاریی چینایەتی چۆنە، توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لە چ دۆخێکدان.

ئێمە ئەگەر کۆمەڵگای خۆمان نەناسین و بە دوای ئاریشەکانیدا نەگەڕێین، ناتوانین خاوەن ئایندەیەکی گەش و نەوەیەکی تەندروست و سیاسەتێکی سەرکەوتووش بین. سیاسی و حوکمڕان و پەرلەمانتارانی ئێمە، ئێوە ئەگەر ئاگاتان لە دۆخی کومەڵگای خۆتان نەبێت چۆن دەتوانن بانگەشەی چاکسازی و گەشەپێدان و باشترکردنی گوزەرانی خەڵک بکەن! ئەم گلەییەی من تەنیا ڕووی لە نوخبەی حوکمڕان و دامەزراوە حکومیەکان نییە، بەڵکو ڕووی ڕەخنەم ئاراستەی هەموو ئەو تاکانەشە کە لە بوارەکانی زانستی، تەندروستی، دەروونناسی، فەلسەفە، ئەدەب، کیمیا، فیزیا، پەروەردە و فێرکردن و.. تاد خوێندوویانە، بەڵام ئەم بوارانەیان جێهێشتووە و بوونەتە پسپۆڕی سیاسی و خەتیبی بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسییەکانی هەرێم. بەڕێزان کۆمەڵگای کوردی چەند پێویستی بە بواری سیاسی هەیە، دوو ئەوەندە پێویستی بە قسەکردن و گفتوگۆی جدی هەیە لە بوارەکانی ئەندازیاری و پەروەردە و تەندروستی و ڕێگاوبان و ئاوەڕۆکان و کشتوکاڵ و.. تاد. بووژانەوەی ئەو بوارانەی ئاماژەمان پێدان ڕاستەوخۆ کاریگەریان دەبێت لەسەر هۆشیاریی سیاسی خەڵک و حوکمڕان، بۆ دەبێت پسپۆڕانی ئەو هەموو بوارە زانستیانە تەنیا قسە لەسەر سیاسەت بکەن کە بە زۆری بەتاڵن لە هیچ پێوەرێکی زانستی سیاسی، ئەری ئەو حەشاماتە نازانن زانستی سیاسیش وەک زانستەکانی تر خاوەن تیۆری و پرەنسیپ و میتۆدی تایبەت بە خۆیەتی و لە زانکۆکانی دونیادا دەخوێندرێت؟

هەڵبەتە ئەوەی لە هەمووی ترسناکترە لەسەر ئایندەی ئێمە و نەوەکانمان، ئەوەیە کە حکومەت و کۆمەڵگای سیاسی ئەو بوارەی بە تەواوی پشتگوێ خستووە و جێیهێشتووە بۆ کۆمەڵێک گروپ و لایەنی پۆپۆلیست لە شێوەی پارتی سیاسی و دینی و گروپی نامەدەنی کە بە کەیفی خۆیان بەربوونەتە وێرانکردنی کایەکانی کۆمەڵگای ئێمە، مەگەر نازانن چارەسەرکردنی دەردەکانی کۆمەڵگا زۆر کوشندەتر و درێژخایەنترن لە کێشە سیاسەکانی و دابەشکردنی حوکمڕانی؟ دامەزراوەکانی حکومەت و ڕۆشنبیرانی ئێمەش بە هۆی نەبوونی هیچ گرنگیدانێک بە ئاریشەکانی کۆمەڵگا، بۆ نموونە نازانن گەنجی کورد لە چ دۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناهەمواردا دەژێت، کەچی لە بەرامبەردا ڕۆژانە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا فێستیڤاڵە خێڵەکییەکان و نوێکردنەوەی بەها شەڕانگێزییەکان نەک هەر بە بێدەنگی ئەنجامدەدرێن، بەڵکو بانگەشە و شەرعیەتی شوێنکەوتنیشیان پێدەبەخشرێ و لە تیڤی و ڕۆژنامەکاندا پەخش دەکرێن، تەنانەت بەشێکیان بە سپۆنسەریی لایەنە سیاسییەکان دەکرێن و نوێنەرەکانیشیان بەشداری تێدا دەکەن و سەپۆرتی ماددیشی دەکەن! بانگخوازەکان کام ئاوازەیان پێ باش بێت، ڕۆژانە بەگوێی ئەو کۆمەڵگا لێکترازاوەی ئێمەیدا دەچرپێنن و بەوەش زۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمان بەدەستدێنن!

بەداخەوە ململانێ سیاسییەکانی ئەم چەند ساڵەی هەرێم گورزێکی کوشندەیان لە کۆمەڵگای ئێمە داوە، بە تایبەتیش لە بوارەکانی پەرەپێدان بە ئازادیی تاک و بیروڕا کە هەوێنی پێشکەوتن و گەشەسەندنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتیەکانن. لەم پەراوێزەدا دۆخی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمدا لایەنێکی تری ئەم قوربانییەی کۆمەڵگای سیاسییە، خوێندنگا و زانکۆکانمان زۆر بەخراپی هەڕاج کراون بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە داراییەی کە حکومەت لە جەستەی زانکۆکاندا جێیهێشتووە! کەچی قسەکردن لەسەر چاکسازی سیاسی و حوکمڕانی دوو فلس ناهێنێت بەبێ بواری پەروەردە و بەشداریی کارای زانکۆکانمان لە کۆمەڵگادا. بۆ نموونە کەس ئاگای لە ڕێژەی خۆکوشتنی ئافرەتان و ئاڵوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و ڕێژەی تەڵاق و قەیرەیی کچان و کوڕانی کۆمەڵگای ئێمە هەیە لە چ ئاستێکدایە؟ ئەم دۆخە سیاسیە داڕزیوەی کوردستانی پێدا گوزەر دەکات نەک حکومەت و دەزگا حکومییەکان، بەڵکو پارتە سیاسییەکانیش خۆیان لە زۆر بابەتی هەستیاری کۆمەڵگا ناکەنە خاوەن؟ زۆربەی حیزبەکان کە سەردەمێک لافوگەزافی مۆدێرنە و ئازادیی تاک و پەروەردەی ئازاد و یەکسانی نێوان نێر و مێیان لێدەدا، ئێستا ئەوەندە موونافیقن دەترسن باسی چەمکێکی وەک سیکۆلاریزمیش بکەن لەبەر خاتری بەشێک لە دەنگدەرەکانیان! لە ڕاستیدا حیزب لە وڵاتی ئێمە خاوەن هیچ مەبدەئێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری نییە، خەمی سەرەکی ئەوەیە دەنگی ڕەش و ڕووت و دەوڵەمەند، چاک و خراپ، زانا و نەزان بۆ خۆی ببات، لە حیزبی کوردی هەلپەرستتر و دووڕووتر نییە، بە تایبەتی لەو هەشت ساڵەی دواییدا، ئەی مەگەر حیزبەکان ئامرازی سەرەکی نین بۆ گۆڕانکاری و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی؟! باشە ئەگەر کۆمەڵگایەک نە حکومەت و نە پارتە سیاسییەکانیشی خۆی لێنەکەن بە خاوەن و دامەزراوە پەروەردەییەکانیشی تا ئەوپەڕی وێران بووبن و دواتریش پلانی پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوویان نەبێت، دەبێت چاوەڕێی چی بکەین نەک لە ئایندەیەکی دووردا، بەڵکو لە دوو دەیەی داهاتوودا! حکومەت و حیزبەکان بە گشت تێکەڵە و پێکەڵەکانیانەوە وەک کارتی قومار و دروشمی چەواشەکار سەیری کۆمەڵگای ئێمە دەکەن نەک وەک پرۆژەیەکی ستراتیجی لە ئایندەدا. ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیە باش بزانین کە هەر وڵاتێکی بەهێز لەڕووی سیاسیەوە، کۆمەڵگایەکی بەهێز و تەندروستی لەپشتەوەیە، کەچی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن تەنیا سەرقاڵی هەندێک بواری لابەلان کە دەکەونە سەرخانی کۆمەڵگا و ژێرخانیشیان داوەتە دەست هێزە نامەدەنی و خێڵەکییەکان.

لە دەرئەنجامدا، کۆمەڵگای ئێمە بە دۆخێکی قەیراناوی و خراپدا گوزەر دەکات، ئەم خەمساردیەی کۆمەڵگای سیاسیش تا ئاستێک ڕەشبینمان دەکات کە ئەگەر دۆخی ئابووری و سیاسیش لە کوردستاندا ئاسایی ببێتەوە، ناتوانێت ببێتە مایەی فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی و ژیانێکی باش بۆ تاکەکانی و دواتریش هێنانەکایەی حوکمڕانییەکی دروست.

**لە ڕاستیدا حیزب لە وڵاتی ئێمە خاوەن هیچ مەبدەئێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری نییە، خەمی سەرەکی ئەوەیە دەنگی ڕەش و ڕووت و دەوڵەمەند، چاک و خراپ، زانا و نەزان بۆ خۆی ببات**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# پاسە ژێربەژێرەکانی گۆڕان و پارتی

1

تاکە ئومێدێک کە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەردەوامیی کاری سیاسی و مانەوە لە گۆڕەپانی کوردستاندا مابێتی، ئەوەیە کە رایەڵێکی تەندروست لەگەڵ پارتیدا بکاتەوە. هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکە لە سەرووی هەموشیانەوە یەکێتی، لای پارتی نان و پیاز بە گۆڕانەوە دەخۆن و، رۆژ بە رۆژ هەوڵ دەدەن دیمەنی دێوەزمەی بزووتنەوەکە لای پارتی هەر وەکو رۆژی 23ی حوزەیران بمێنێتەوە. یان ئەوەتا وەکو جوڵانەوەیەکی سیاسیی ئیفلیج وێنای بکەن؟ بەڵام کەس لە یەکێتی ناپرسێ بۆچی سەرباری رێککەوتنی ستراتیژیتان و ئەو هەموو حیساب و کتابەتان، ئێوەش چوون پرۆژەی هەمواری یاسای سەرۆکایەتیتان پێش هەموو حیزبەکان بردە پەرلەمان؟ گۆڕان کرا بە گیسکی گوناە و بە قەنارەوە کرا! بەس هێشتا دەرفەتی دیکە ماوە.

هاوڕایی و هاودەنگیی گۆڕان لە مەسەلەی هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم لە پەرلەمان، دارێک بوو کە لە روحی بنەماڵەی برایم ئەحمەد درا، چونکە بە هەموو لایەکەوە خەریک بوون دیسان پۆستی سەرۆکی هەرێم هاوتای پۆستی سەرۆککۆمار لە بەغدا بکەن و، واشیان بڵاوکردەوە کە گوایە گۆڕان هاوکاری پارتی بووە لەوەی جارێکی دیکە بارزانی ببێتەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان! ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە و بگرە ئەوەی ئەمڕۆ بنەماڵەی تاڵەبانی باسی دەکەن، بیانووی نانی جۆیە! پارتی و گۆڕان کۆتاییان بە باسێکی چەند ساڵە هێنا و هەردوولاشیان تێیدا سوودمەند بوون. گۆڕان قسەی خۆی بردە سەر و پارتیش کارتێکی دیکەی لەدەستیان دەرهێنا. ئەوە سەرەتایەکی باشە کە دەکرێ گۆڕان لەمەودوا لەسەری بەردەوام بێت و، گوێ بەو ئیرهابە فکرییەی ناوخۆیان و دەرەوەی خۆیان نەدەن. هەر بۆیەش دوای ئەوە خێرا ئالی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی کەوتنە خۆ و، تەنزیر بۆ ئەوە دەکەن کە پۆستی سەرۆککۆماری لە بەغدا بەرامبەرە لەگەڵ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم! وەک ئەوەی پارتی ئەو پۆستەی بە سەدەقە وەرگرتبێت. ئەگەر گۆڕان هاوکاری پارتی بێت، دەرفەتێکی زێڕین هاتووەتە پێش بۆئەوەی کۆتایی بەو گەوجاندنەی خۆی لەلایەن ئەو دوو ماڵباتەوە بێنێت و رۆڵی کاریگەری هەبێ لە داڕشتنەوەی نەخشەی حوکمڕانیی کوردستاندا.

## کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا

2

نەوشیروان مستەفا ئازا بوو، سیاسەتمەدارێکی کەموێنە بوو کە کوڕی دوێنێ و پیاوی ئەمڕۆ بوو. ئەمڕۆ کێشەیەک لەناو گۆڕاندا زەق کراوەتەوە و، هەوڵ دەدرێ هەموو بێتوانایی و ناکارامەیی سیاسیی گۆڕان لە دوو سێ ساڵی رابردوودا بەوەوە ببەسترێتەوە کە یەکەم: کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا پارەی گۆڕانیان لایە و، دووەم: کاریگەرییان بەسەر بڕیارە ناوخۆییەکانی گۆڕانەوە هەیە. سەبارەت بە هەردوو بابەت، هەڵە تێگەیشتنێک هەیە. نەوشیروان مستەفا میراتی خۆی بە شێوەیەکی ناعادیلانە دابەش کرد، میراتی ماددی خۆی بەخشیە کوڕەکانی کە ئەوە هەقی خۆیان بوو، چونکە ئەو موڵک و ماڵەی کە هەیبوو هی خۆی بوو، ئەوەی لێی بەجێماوە لەچاو رابردووی پڕ لە سەروەریی ئەو پیاوە شتێکی ئەوتۆ نییە، لە چاو ئەو هەموو مێژوو سپیکردنەوەیەی کە بۆ جووت بنەماڵەی دەستڕۆیشتووی یەکێتی لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە کردی. بەڵام گرفت لێرەدایە کە جورئەتی سیاسی و ئەو هەموو دەرسانەی بەدرێژایی تەمەنی دابووی بە دەوروبەرەکەی، کەس نسیبی لێ نەبرد. کێشەکانی ئەمڕۆی گۆڕان پارە و پوڵ نییە، گۆڕان حیزبی دووەمی کوردستانە و نابێ ببێ بە سواڵکەری بەردەرگەی یەکێتی یان سوخرەکێشی کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا. بە پێچەوانەوە ئەوەی کە ئەمڕۆ گۆڕانخوازان دەبێ لە کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا داوای بکەن، ئەوەیە کە ئەوانیش بەقەدەر باوکیان جورئەتی سیاسیان تێدا بێت و لە فەلەکی جووت بنەماڵەی دەستڕۆیشتووی یەکێتی دەرچن.

رابردووی باوکی ئەوان پڕە لە سەروەری، بەڵام هەموو ئەو مێژووەی کە برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لێیان رادەکرد و هەموو ئەو کارەساتانەی کە روویان دا، لەناو رای گشتیدا خرایە پاڵ نەوشیروان مستەفا، کەی پێویستیان پێ بوو دەبوو بە "کاکە نەوە" و کەی ئیشیشیان پێی نەمابا دەبوو بە دێوەزمە! ئەمڕۆ کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا، خانەی راپەڕاندن و هەردوو جڤاتەکە لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژوویدان لە ئاستی میراتی نەوشیروان مستەفا. ئەگەر دەتوانن لەسەر ئەو رێباز و ئازایەتییەی نەوشیروان مستەفا بەردەوام بن، دەبێ تەوقەکان بشکێنن، ئەگەرنا چیتر سەری خۆشیان و ئەو خەڵکە نەهێشێنن.

## لە داعش خراپترن؟

3

کێشە نووستووەکانی هەرێمی عەرەبیی وڵاتی بەناو عێراق کە بریتین لە سەرەتاییترین خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی خەڵک، هاوتەریب لەگەڵ ئەجێندای سیاسیی ئیقلیمی، بەخەبەر هاتوون. کەس دەربەستی یەکێتی خاک و سەروەری نییە، چونکە چەقۆ گەیشتووەتە سەر ئێسکان. بەڵام لەو یەک دوو رۆژە ماهییەتی حوکمڕانیی کوردستان دەبێ بۆ کوردستانیان روون بووبێتەوە. لە 17ی شوباتدا بەهەزاران کەس لەسەر شەقام بوون، لەم ناڕەزایەتی و گردبوونەوانەی کە کەرتە پیشەییەکان بۆ مافەکانی خۆیان ئەنجامیان دەدا، رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت یەکجار بەرچاو بوو لە رێکخستن و ئاراستەکردندا. بەڵام قەت رۆژێک لە رۆژان حکومەتی هەرێمی کوردستان بیری لەوە نەکردەوە بەربەست بخاتە بەردەم ئەو میکانیزمە و، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە هەرچی کۆمپانیای پەیوەندییە یان هی پارتییە یان هی یەکێتی. ئەوەی جێگەی پرسیارە، ئەوەیە کە حکومەتی بەغدا، کاتێک داعش کە یەکێک لە گەورەترین ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنی خەڵکیان سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت بوو، ئەو خزمەتگوزاریانەیان بۆچی رانەگرت، کەچی بۆ بچووکترین ناڕەزایی خەڵک، نەک هەر لە خۆیان، بگرە لە ئێمەشیان بڕی!

---



زریان رۆژهەڵاتی

# ئاشووبی هەڵبژاردن و خۆپیشاندانەکانی عێراق!

خۆپیشاندەرانی عێراقی لە چەند پارێزگایەکی باشوور، ماوەی زیاتر لە هەفتەیەکە لەسەر کێشەکانی بێکارەبایی، کەمیی ئاوی خواردنەوە و بێکاری لەسەر شەقامن. بەسرە وەک سیمبولی ناڕەزاییەکانی لێهاتووە و کار گەیشتە ئەوەی فڕۆکەخانەی نەجەفیش لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بگیرێ! هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری عێراق پشتیوانی لە داوای خۆپیشاندەران دەکەن، بەڵام کەم تا زۆر، گشتیان لەبەر غەزەبی خۆپیشاندەراندان!

دەشێ ئەم خۆپیشاندانانەی عێراق گەلێک هۆکاری رۆژانەی جۆراوجۆری لە پشت بێت، بەڵام دواجار ئەوەی دەیبزوێنێ، کەڵەکەبوونی ناڕەزاییەکانی زیاتر لە 15 ساڵی رابردووی جەماوەرە. هەڵبژاردنی 12ی مایس و بەشدارینەکردنی زیاتر لە 56%ی عێراقییەکان کە رێژەیەکی بەرچاویان خەڵکی باشوور بوون، ئەو ناڕەزاییە کەڵەکەبووەی نیشاندا.

### هۆکارەکان ناوخۆیین یان دەرەکی؟

هەندێک پێیانوایە زەمینەیەکی بەهێز لە ناوخۆی عێراق بۆ ناڕەزایی سیاسی لە ئارادایە و هەندێکی دیکەش دەڵێن دەستی لە پشتە! ئەگەر لە بۆچوونی دووەمەوە دەستپێبکەین، بەشێک ئاماژە بۆ رۆڵی گریمانەیی ئێران لە ناڕەزاییەکانی عێراقدا دەکەن.

دەستەیەک پێیوایە، ئێران بە بیانووی قەرزاریی عێراقەوە، کارەبای بەسرەی بڕیوە و بووەتە پڵێتەی دەستپێکردنی ناڕەزاییەکان. ئەمەش تەنها چەند رۆژێک دوای ئەوە هات کە حەسەن روحانی سەرۆککۆماری ئێران گوتی ئەگەر ئێران نەتوانێ نەوت بنێرێتە دەرەوە، وڵاتانی دیکەش ناتوانن نەوت رەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکەن! بێشک، دەستپێکردنی ناڕەزایی و خۆپیشاندان و درێژەکێشانی لە شوێنێکی وەکوو بەسرە کە زۆربەی نەوتی عیراق لەوێوە هەناردە دەکرێت، دەتوانێت مەترسییەکی جددی لەسەر هەناردەکردنی نەوتی عێراق دروست بکات. بە تایبەتی کە ئێستا بەشێکی زۆری نەوتی کەرکووکیش هەناردە ناکرێت.

بەڵام ئەمە وا بێ و وانەبێ، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە بەستێنی سەرەکیی ناڕەزاییەکان لە ناوخۆی عێراقدایە. هۆکارە رۆژانەییەکانی ئەوەی کە ئێستا رووەدات هەرچییەک بن، دەتوانین بڵێین، ئەنجامی کەڵەکەبوونی ناڕەزاییەکی چەندین ساڵەی خەڵکە لە مۆدێلی دەوڵەتدارییەکی شکستخواردوو!

ئەوەی ئێستا لە رواڵەت و بە رەسمی، دەوڵەتی عێراقی لەسەر پێ هێشتووەتەوە، هاوسەنگیی سیاسەتی نێودەوڵەتییە. ئەگینا، ئەگەر "دابینکردنی ئاسایش، پەککەوتنی دامەزراوەی رەوا، لاوازیی دەسەڵات و حکوومەت، قەیرانی رەوایی، ناسەقامگیریی ئابووری و توندوتیژی" و نەبوونی توانای دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی و نەبوونی کۆنترۆڵ بەسەر بەشێکی وڵات و شەڕی ناوخۆیی بە گرنگترین پێوەرەکانی شکستی دەوڵەتێک دانێین، ئەوا کارنامەی دەوڵەتی عێراق لە دوای 2003وە، شکستێکی گەورەی تێدایە. ویستی عێراقییەکان بۆ رزگاربوون لە حوکمڕانییەکی دیکتاتوری، نەیتوانی بەدیلێکی باشتریان بۆ دابین بکات.

### خۆپیشاندانەکان و ئاشووبی هەڵبژاردنی 12ی مایس

هەڵبژاردنی 12ی مایسی ئەمساڵ، ئاماژەکانی ئەم دۆخەی ئێستای بۆ ئاشکرا کردبووین. بەپێی گریمانەی ئاشووب، گۆڕانێکی بچووک دەتوانێت رێگا بۆ رووداوێکی گەورەتر بکاتەوە (فاکتەری کاریگەری پەروانەیی) و لەبەر ئەوە، لە زانستی ئەمڕۆییدا بە تایبەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ناتوانیت پێشبینییەکی براوە و قەتعی بکەیت. وەک چۆن سووڕانەوەی پەروانەیەک دەتوانێت ببێتە هۆی هەڵکردنی رەشەبایەکی گەورە، لە سیستەمێکی سیاسیشدا، گۆڕانێک لە جووڵەی کەس، گرووپ یان کۆمەڵگایەک دەتوانێت رێگا بۆ وەرگەڕانێکی گەورەتر بکاتەوە. ئەگەر لەم دەلاقەیەوە سەیری 12ی مایس بکەین و بەدوای "فاکتەری کاریگەرییە پەروانەییەکەی" هەڵبژاردنی عێراقدا بگەڕێین، دەتوانین بڵێین کەمیی رێژەی بەشداربووان ئەو هۆکارە سەرەکییەیە کە رێگای بۆ هەڵتەکاندنی پێشبینییەکانی بەر لە هەڵبژاردن و ئاشووب و ئاڵۆزیی ئێستای سیاسەتی عێراق خۆشکردووە.

بەگشتی ئەگەر سەیری کاریگەری کەمیی بەشداری لە هەڵبژاردن بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو فاکتەرە، کاریگەرییەکی پەروانەیی لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان داناوە و ئاشووبێکی لە نەزمە خوازراوەکان بۆ عێراق و بەرژەوەندیی دەوڵەتان داناوە و حیسابە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تێکدا.

لە هەڵبژاردنی 12ی مایسدا، سەرەڕای داوای مەرجەعییەتی باڵا، بەشێکی زۆر لە شیعەکان دەنگیان نەدا. ئەمە هاوشێوەی شوێنەکانی دیکەی عێراق، فاکتەرێکی دەرکەوتنی ناڕەزایی سیاسی بوو. چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە هەڵبژاردنی 12ی مایس دەکرا. بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەمووان گۆڕانکاریی دروستکرد، دەنگنەدەران بوون. رێژەی 56%ی دەنگنەدان، هەم رەوایی هەڵبژاردنی خستە ژێر پرسیار، هەم ئاشووب و ئاڵۆزییەکی گەورەی لە نەزمە خوازراوەکانی عێراقی دوای هەڵبژاردندا دروستکرد. زۆرێک لە ئەکتەرە دەرەکییەکان ئەنجامەکەیان بە دڵ نەبوو، ئەکتەرە ناوخۆییەکانیش بوونەتە دوو دەستەی رازی و نارازی. بە ئەگەری زۆر، ئەمەش هەوێنی ناسەقامگیریی سیاسی بوو.

وەکچۆن خەڵک لە مەسەلەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن گوێیان بە داواکاری مەرجەعییەت نەدا و رێژەیەکی کەمیان بەشدارییان کرد، لە خۆپیشاندانەکانی ئێستاشدا بە گشتی زۆربەی حزبەکان بە ئامانج دەگرن و ئەمەش هێزی ئەو جەماوەرە نارازییەیە کە لە 12ی مایسدا بەشداریی لە هەڵبژاردندا نەکرد!

### ئەنجام

رەنگە حکومەت بتوانێت بەهۆی بەکارهێنانی زۆرەوە تا ئەندازەیەک لە ناڕەزاییەکان کەم بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت هەوێنی ناسەقامگیریی سیاسی لە عێراق بنەبڕ بکات. جگە لەوە، بۆشاییەکی دەستووری و یاسایی لە ئارادایە کە ئەگەر درێژە بکێشێت، رەنگە پەل بۆ رەفتاری نادەستووری حکوومەت و تەنانەت کودەتایەکی رانەگەیەنراو بهاوێت.

پەرلەمانی عیراق کۆتایی هاتووە و وەک هەموو جارێک، عیراق نەیتوانی 45 رۆژ بەر لە تەواوبوونی وادەی خولی پێشووی پەرلەمان هەڵبژاردن بکات و پەرلەمان و حکومەتێکی نوێ بێنێتە سەرکار. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو پڕە لە گۆڵمەز و هێشتا تەنگژەی هەڵبژاردنەکەی پێشووش کۆتایی نەهاتووە. ئێستاش بە تەواوی روون نییە کە ئایا حکوومەت چ جۆرە دەسەڵاتێکی هەیە. ئایا دەتوانێت مومارەسەی بەندەکانی دەستوور بکات بۆ راگەیاندنی باری نائاسایی، ئەویش لە کاتێکدا پەرلەمانێک نییە پەسەندی بکات؟

مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت و رکابەریی ئەحزابیش بۆ دەسکەوتی زیاتر، دەتوانێت ئەو بۆشاییە بەهێزتر بکات. لە ئەنجامی ئەمەشدا یان رێککەوتنێک لە بەینی لایەنە سیاسییەکان رووەدات بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، یان حەیدەر عەبادی بە کردەوە، بەشێوەیەکی نائاسایی وڵات بەڕێوەدەبات.

خۆپیشاندانەکانی عێراق، حکومەتی بەغدا لاواز دەکەن و ئەمەش دەستی هەرێمی کوردستان لە دۆسیەی گەڕانەوە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، مەسەلەی هەناردەکردنەوەی نەوت لەڕێی بۆڕی کوردستانەوە بۆ تورکیا بەهێزتر دەکات. کشانەوەی بەشێک لە هێزە عیراقییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخی ئەمنی پارێزگاکانی باشوور، دەتوانێ بۆشاییەک لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دروستبکات و داعشیش بەو هۆیەوە خۆی تێ بخزێنێ. ئەم دۆخە گونجاوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەڕێی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە جەخت لە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەریم بکات.

جگە لەوە، خۆپیشاندان لە بەسرە، دەتوانێت هەرەشەیەک بۆ بازاڕی نەوت دروستبکات. بەوەش دەوڵەتانی کڕیار و کۆمپانیاکانی نەوت، رەنگە بیرۆکەی هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک لە کوردستانەوە بە گونجاو بزانن و بۆ ئەوەش گوشار لە حکومەتی بەغدا بکەن و تەنانەت حکوومەتی عێراقیش ملی بۆ بدات.

هەڵبەت ئەم دۆخەی عێراق دەتوانێ کاریگەری دیکەیشی هەبێت، وەک ئەوەی کە رەنگە، رێگا بۆ خورتبوونەوەی داعش، ئەگەری کودەتایەکی رانەگەیەنراو یان حوکمێکی نائاسایی و پەڕینەوەی ناڕەزاییەکان بۆ شوێنەکانی دیکەی عێراقیش خۆش بکات!

---



هیوا حاجی

# شیعە و راپەڕینی براوەکان

### خۆپێشاندانەکانی کۆمەڵگای شیعە جێی سەرسوڕمان نین!

ئاستی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی مایسی ئەمساڵ بۆ پەرلەمانی عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هەڵگری پەیامێکی روون بوو. عێراقیدەکان بەگشتی، بێگومان بە هۆکاری جیاواز، متمانەیان بە هەڵبژاردن نەماوە؛ چ لەڕووی بێگەردیی هەڵبژاردنەکان وەک پرۆسە و چ لەڕووی کاریگەریی هەڵبژاردن لە بەدیهێنانی گۆڕانێکی دیاریکراو لە هەلومەرجی ژیانیاندا، وەک ئاکامی پرۆسەکە. بەپێی داتاکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، تەنیا نزیکەی 45%ی عێراقییەکان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە. لە پارێزگای نەجەف کە بەرزترین رێژەی بەشداری تێدا تۆمارکراوە لەنێو پارێزگاکانی خواروو، 43%ی تێنەپەڕاندووە. لە هەڵبژاردنی 2014 دا، 60%ی عێراقییەکان بەشدارییان کردبوو. لە هەڵبژاردنی 2005 یشدا، بەشداری لە هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێم و پارێزگا زۆرینە شیعەکانی ناوەڕاست و باشوور زۆر بەرزتر بوو (زیاتر لە ٨٠% لە پارێزگاکانی کوردستان و پتر لە ٧٠% بۆ ئەوانی دووەم). بە کورتی لەسەریەک، ئاراستەیەکی بەردەوام روو لە دابەزین بەدی دەکرێ لە ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا. مەبەستم لەو پێشەکییە لێکدانەوەی ئاستی بەشداری نییە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بەقەدەر ئەوەی مەبەستمە لۆجیکێک وەبیربهێنمەوە کە بریتیە لەوەی لە کوێدا میتۆدی دیمۆکراتیک (بۆ وێنە هەڵبژاردن) نەیتوانی کارایی خۆی دیار بخات، لەوێدا خەڵک، زوو یان درەنگ و بە شێوازی جیاواز دەست بۆ میتۆدی نادیمۆکراتیک (بۆ نموونە خۆپێشاندانی توندوتیژ و تاڵانی) دەبەن. ئەوە وەک چۆن دوێنێ بۆ هەرێمی کوردستان راست بوو، بە هەمان شێوە ئەمڕۆ بۆ شیعەکان راستە. بەڵام دیسان با سەرنجێک بدەینە چەند هۆکارێک کە رەنگە ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە بۆچی کۆمەڵگای شیعەی عێراق نارازییە و بۆچی رادەپەڕێ؟

### نەشوەی سەرکەوتن

گۆڕانکارییەکانی دوای 2003 و دامەزراندنی سیستەمی دیمۆکراتیی زۆرینەیی و تائیفی لە عێراق، هەر زۆر زوو لە بەرژەوەندیی شیعە شکایەوە. بە هۆکاری زۆرینەبوون و باڵادەستیی هەستی سێکتاریانیزم، پێکهاتەی شیعە براوەی هەموو هەڵبژاردنەکانی پانزە ساڵی رابردوو بووە. بەهێزترین رکابەری شیعەی عێراق کە سوننە بوون، هەر زوو گۆڕەپانیان چۆڵ کرد. لەوێوە، راستەقینەترین چالینج بۆ باڵادەستیی شیعە پێکهاتەی کورد دەبێت. رووداوەکانی دوای رێفراندۆمی سێپتێمبەری 2017 جارێکی دیکە بە ئاراستەی باڵادەستیی زیاتری شیعە شکایەوە. کورد لە باری سیاسەتی ناوخۆیی عێراق و تەنانەت ئاستی سەربازیش بەرەو داکشان رۆیشت. مەترسی داعشیش، بە ئاستێکی گەورە لە ئاسۆدا نەماوە. ئەوجا بۆیە، ئەگەر بابایەکی کورد دوودڵ بێ لەوەی خۆپێشاندان بکا لە ترسی ئەوەی حکومەتی عێراق هێزی دەنێرێتە سەر، یان لەلایەن دەوڵەتانی دەوروبەرەوە خۆپێشاندانەکانی ئیستیغلال دەکرێن، ئەوە بۆ کابرایەکی شیعە هەرگیز ئەو مەترسیانە لەئارادا نین. خۆی خاوەنی حکومەتە و کەسیش نییە لە گۆڕەپانەکەدا، بەرهەڵستی بکات.

### شیعە و قەیرانی سەرکردایەتی

پێشتر دەگوترا کە پێکهاتەی سوننە لە عێراقدا قەیرانی سەرکردایەتی هەیە. ئێستا لە هەموو کات روونترە کە ئەو قەیرانە بۆ شیعەکانیش راستە. جاری بەر لە هەموو شتێک، بەر لە 2003 هێزە شیعییەکان، بە نوخبەی سیاسیشیانەوە، پێگەیەکی جەماوەریی ئەوتۆیان لەنێو کۆمەڵگای شیعی و عێراقیدا نەبووە. ئەگەر باڵادەستیی گوتاری سێکتاریانیزم نەبا، نوخبەی سیاسی شیعە رەنگە هەرگیز بەشێوەی ئێستا نە ناسرابان و نە توانیباشیان بە رێگای دیمۆکراتیک پێگەیەکی گرنگ لە دامەزراوەی دەوڵەتی عێراقدا بەدەستبێنن. ئێستاش نێوماڵی شیعە، لە هەموو کات زیاتر لێکترازاوە. ئایا بەڵگەیەک لەوە زیاتر هەیە کە عەبادی و مالیکی، لەکاتێکدا هەردووکیان لە حیزبی دەعوەن، بە دوو لیستی جیاواز و ناکۆک بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن؟ دووبەرەکی نێو نوخبەی سیاسی و شکستی حکومەت لە پێشکەشکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان، جارێکی دیکە وای کردووە نوخبەی سیاسی شیعە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر رای گشتی و شەقامی شیعی نەمێنێ. رەنگە لە هەناوی ئەو هەلومەرجەدا، دەرفەت بۆ نوخبەیەکی نوێی سەرکردە لە نێو کۆمەڵگای شیعەدا بێتە پێش.

### بۆچی بەسرە، بە پلەی یەکەم؟

راپۆرتەکان دەڵێن زیاتر لە 80%ی داهاتی عێراق پشت بە نەوتی بەسرە دەبەستێ. خەڵکی ئەو شارە، راست یان ناڕاست، پێیانوایە کە ئەوان بەخێوکەری هەموو عێراقن. لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستا ئاوی سوێر دەخۆنەوە، بێکار دەسوڕێنەوە و بێبەشن لە خزمەتگوزارییەکان. هەستی بێبەشی لە سەرچاوە سروشتییەکان و بەتاڵانبردنی لەلایەن نوخبەیەکی "نامۆ"وە، هەستی بێزاری دروست دەکات. بەراوردێک لەگەڵ هەندێ لە خۆپێشاندانەکانی هەرێمی کوردستان لەجێی خۆیەتی. ساڵانی رابردوو خەڵکی زاخۆ خۆپێشاندانی گەورەیان کرد بەهۆی هەستی بێبەشی لە خێروبێری دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیل کە چەند خولەکێک لە شارەکەیان دوور بوو. لەم دواییانەش چەند خۆپێشاندانێک لە گەرمیان کران و زیاتر لەو شوێنانەدا بوون کە سەرچاوە سروشتییەکانیان دەردەهێنرێن و دەفرۆشرێن.

### دەستی دەرەکی نەک تیۆری پیلانگێڕی

نکۆڵی لە زەمینە و رەوایەتی خۆپێشاندانەکانی کۆمەڵگای شیعەی عێراق ناکرێ. بەڵام دیسان ئەگەری بوونی دەستی دەرەکیش ناکرێ فەرامۆش بکرێ. هەڵبژاردنەکانی رابردوو هەڵگری پەیامی مەترسیدار بوون بۆ هەندێ لایەنی دەوروبەر، بەتایبەتی گوتاری براوەی یەکەم سەبارەت بە نەهێشتنی نفووزی ئێرانی لە عێراق. ئەمە یەکەمجارە، لایەنێکی سیاسی و سیمبۆلێکی پۆپۆلیستی شیعە لە پاش 2003 وە بانگەشەیەکەی ئاوا بکات. بۆیە، رەنگە خەڵکانێک هەبن بیانەوێ لە رێگای ئەو خۆپێشاندانەوە دژە پەیامێک بنێرن کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە: دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێمە باجی قورسی بۆ ئێوە دەبێ.

### دەوڵەتی عێراق لە مەترسیدا نییە!

رەنگە حکومەتی عێراق لە مەترسیدا بێت، بەڵام دەوڵەتی عێراق نا. لە ماوەی 100 ساڵی رابردوودا، شیعەی عێراق، بەهەمان شێوەی سوننە، باوەڕی بە یەکپارچەیی دەوڵەتی عێراق هەبووە. هەرچەندە کۆمەڵگای شیعە، بۆ ماوەیەکی زۆر، لە کەمینەیەکی سیاسی و کولتووری زیاتر نەبوون، لێ هەوڵدان بۆ دابەشکردنی عێراق و دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی شیعی لە ئەدەبیاتی پارتە سیاسی و سیمبۆلە دینییەکانیاندا شوێنێکی نەبووە. بۆیە، شیعە لە دابەشبوونی وڵاتەکەیان ناترسن و خۆپێشاندان و ناڕەزایی بە سەرچاوەی لێکترازانی عێراق، وەک دەوڵەت، سەیر ناکەن.

لەسەر یەک ئەم وتارە دەیەوێ ئەمە بڵێت: خۆپێشاندانی کۆمەڵگای شیعە چاوەڕواننەکراو نییە؛ هەستی سەرکەوتن و نەبوونی تەحەدایەکی نێوخۆیی، ناکارایی حکومەت و بێبەشیی ناوچە دەوڵەمەندەکان بە سەرچاوەی سروشتی و قەیرانی سیاسی نێوماڵی شیعە و، نەبوونی مەترسییەک لەسەر لێکترازانی دەوڵەتی عێراق، هەروەها ئەگەری هەبوونی دەستی دەرەکی، رەنگە پێمانبڵێن کە بۆچی شیعەی عێراق خۆپێشاندان دەکەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more

## سەما مەیکەپی بۆ 450 ڤیدیۆکلیپی کوردی کردووە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی TEl : 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net







Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484